

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

# خوێن و ئیرۆتیک

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

# خوێن و ئیرۆتیک

کوردستان ٢٠٢٢

# خوێن و ئیرۆتیک

نووسینی: شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

بابەت: ئەدەبی

گرافیک و دیزاین: ئامەد

نۆرەی چاپ: یەکەم/ ٢٠٢٢

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٤ هەزار دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی ( ٣٢٢ ) ساڵی ٢٠٢٢ی پێ دراوە

ئەوەی ڕۆمانێک دەتوانێت بیکات، ڕەنگە بە سەدان وتار و چەندین کتێبی لێکۆڵینەوە نەکرێن. ڕۆمان لە ڕێگەی فۆڕمێکی ئەدەبی و بە بەگەڕخستنی ئەندێشەوە، تیشک دەخاتە سەر واقیعی شار و ژینگەی نووسەر و دەوروبەرەکەی. هیچ ڕۆمانێک بەدەر نییە لە واقیع، تەنانەت ئەوانەیشی گوایە ناچنە ئەو بازنەیەوە، هێشتا شتێک لە واقیعیان تێدایە، ئاخر ڕووداو و کارەکتەرەکانی لەنێو کۆمەڵدان، کەوایە تەعبیر لە ژیانی خەڵک و ئەو وڵاتەیش دەکات، ڕووداوەکانی تێدا ڕوویانداوە و دەنووسرێنەوە.

" تەنانەت کۆتری ئەم گەڕەکە، حەزیان لە خواردنەوەی خوێنە نەک ئاو. "

ڕۆمانی بنووسە خوێن

# پێڕست


پێشەکی------------------------------------------ ١٣

پیاوێکی بێچارەنووس.. هۆلۆکۆستی جوولەکە و ئەنفالکردنی کوردان----------------------------------------- ١٥

خۆشەویستی و خوێن لە "بنووسە خوێن"دا------------- ٤٣

دڵدارەکەم داعشە.. تەنیا مردن لەوم جیا دەکاتەوە------- ٦٥

دڵدار و سەربەخۆیی لە "ئەو هاوارەی نەبیسترا"دا ----- ٨٧

ڕەنگی ئەرخەوانی.. ئازارەکانی جیاوازیی ڕەنگ و سێکس -- ١٠٥

شەوگەڕەکان.. ئیرۆتیک و جوولەکەبوون------------- ١٢٧

ساردۆنیا.. ئەو کچەی لە کیشوەری هەشتەمدا خۆی دۆزییەوە ---------------------------------------- ١٤١

مژاباد.. کۆماری کوردستان و ڕیفراندۆم ------------- ١٦١

قەپێلک..ئەشکەنجەی فاشیزم و توندڕۆیی ئایینی ----- ١٧١

ئەو مامۆستا کوڕەی لە چنگ مێینەکان هەڵات ------- ١٨١

هۆڤ.. گێڕانەوەی نووسەرێکی دڕدۆنگ------------- ١٨٩

# پێشەکی

خوێن و ئیرۆتیک، خوێندنەوە و شیکردنەوەی چوار ڕۆمان و دوو کۆمەڵەچیرۆکی کوردی و پێنج ڕۆمانی بیانییە، ئەو کتێبانە، لە کاتی خوێندنەوەیاندا سەرنجیان ڕاکێشاوم و بە گرنگمزانی لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆمەوە، لەڕووی بابەتییەوە خوێندنەوەیان بۆ بکەم و چەند سەرنجێکیان لەبارەوە بخەمەڕوو.

بۆ ئەم کارەش هیچ ڕێبازێکی ڕەخنەیی یان ئەکادیمی بەکار نەهاتووە، زیاتر مەبەستم شیکردنەوەی لایەنی بابەتی ڕۆمانەکان بووە نەک هەڵسەنگاندنی لایەنی تەکنیکی. خاڵی هاوبەش لەنێو ڕۆمانەکاندا زۆرن، ئیرۆتیک، سێکس، خوێن و چەوساندنەوەی ئینسان بەهۆی ئایینەکەیەوە، زیندان، بۆیە ناونانی ئاسان نەبوو. سەرئەنجام "خوێن و ئیرۆتیک"م بۆ ئەو کۆمەڵە خوێندنەوانە بە گونجاوزانی.

خوێن، لەبری ئەشکەنجە، زیندان، تاوانکاری و کوشتن، چەوساندنەوە و ستەمکاری بەکار هاتووە، ئیرۆتیکیش تەعبیرە لە خۆشەویستی، سێکس، لایەنی سۆزداری نێو ڕۆمانەکان، چونکە لە سەرجەمیاندا خۆشەویستی و سێکس

و ئیرۆتیک ڕەنگیان داوەتەوە، بۆ نموونە، لە ڕۆمانی ڕەنگی ئەرخەوانی ئاڵیس واکردا سەرەڕای ئەوەی لەبارەی چەوساندنەوەی پێستڕەشەکانی ئەمەریکا و ئەفریقایە، کەچی خۆشەویستی و سێکس ڕووبەرێکی فراوانیان داگیر کردووە، بە هەمان شێوە لە پیاوێکی بێچارەنووسی ئیمرە کیرتێزدا وێڕای بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە کە هۆلۆکۆستی جوولەکەکانی ئەورووپا و تاوانکاریی نازییەکانی ئەڵمانیایە، بەڵام لایەنی خۆشەویستی تێدایە، تەنانەت لەنێو کونەتەیارەدا کوڕێک بۆ یەکەمجار کچێک ماچ دەکات، ئەوەی پێی دەگوترێت ماچی یەکەم.

**شاخەوان برایم عەبدوڵڵا**

**هەولێر/ ٢١ی ئادای ٢٠٢٢**

# پیاوێکی بێچارەنووس..

## هۆلۆکۆستی جوولەکە و ئەنفالکردنی کوردان

"جەستەم شتێکی بەسامە و چیتر ناتوانم بۆی بڕوانم، قێزی لێ دەکەمەوە و ماوەیەکی زۆرە جلەکانم لەبەرم دانەکەندوون بۆ ئەوەی خۆم بشۆرم."

گیۆرگی

کاتێک حیزبی نازی لە ئەڵمانیای سەردەمی ئەدۆلیف هیتلەردا لە بەرگی ڕژێمێکی فاشیزم و تۆتالیتاریزم بە بەرچاوی زلهێزەکانی دونیاوە بەهۆی جیاوازیی ئایینی و نەژادییەوە دەست بە پرۆسەی کۆمەڵکوژیی جوولەکەکانی ئەڵمانیا و بەشێکی ئەورووپا دەکات، ئەو ڕووداوە، ڕووداوێکی ئاسایی نییە، تەنیا پەیوەندی بە کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی جوولەکەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا هەبێت، بەڵکوو دەبێتە خەمێکی گەورەی جیهانیش بەهۆی ئەوەی بە پرۆژە و بە بەرنامە لە ساڵی ١٩٤٠ بەدواوە تاوەکوو ساتەوەختی کەوتنی ئەڵمانیای نازی، بە مەرگەساتترین و قێزەونترین شێوە درێژەی دەبێت، ئیدی ئەو هەڵمەتە لە ناخی هەر مرۆڤێکدا دەبێتە ترسێکی قووڵ و پرۆسەیەک وێڕای کوشتن و سووتاندن و خنکاندنی ئینسانی جوولەکە، هاوکات بە بەرنامە کاری بۆ لەشکۆدانی ئینسانیش بە گشتی کرد، ئینسان لە سایەی ئەو پرۆسەیەدا لە ئۆردووگە زۆرەملێکانی نازیدا ئەتککرا و سووتێندرا و بەزیندوویی خرایە چاڵەکانی مەرگەوە، بە گاز خنکێنرا و بە هەزاران لاشەی بەستوو فڕێدران و لەناوبردران، قاچەکانی مرۆڤ لەنێو پێڵاوی بێگاریدا ڕزین و بڕانەوە و نەخۆشیی گەڕی و کێم و خیزاو ئینسانی ناچار کرد شەرم لە جەستەی خۆی بکات.

هۆلۆکۆست، چیرۆکی دۆزەخی نازییەکان، هەرگیز نابێت لەبیر بکرێت، بە تایبەتی بۆ گەلێکی ستەمدیدەی وەک کورد، ئاخر هۆلۆکۆست زۆر نامۆ نییە و کوردیش بەهۆی جیاوازیی نەژادییەوە بە پرۆژە و بەرنامەی دەوڵەتی عێراق و دراوسێکانی کۆمەڵکوژ و ئەنفال و کیمیاباران کرا و گازی بەسەردا ڕژێندرا، ئەگەر ئینسانی جوولەکە لە ئۆردووگە زۆرەملێکانی ئاوشڤتز و بۆشنڤەڵدی ئەڵمانیای نازیدا بەزیندوویی خرانە سووتێنگەوە، دواتر ئەو مێژووە تاوانکارییە لە شوێنێکی تری ئەم جیهانە بەرینەدا خۆی دووبارە دەکاتەوە و لەسەر دەستی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن لە عێراقدا ئینسانی کوردیش بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە دەخرێنە نێو زیلی عەسکەری و پاشان لە چاڵە خۆڵەکاندا بەدەم گریان و پاڕانەوە و هاوارەوە زیندەبەچاڵ دەکرێن. لێرەدا ئازار یەک شێوە ئازارە، بەڵام لە دوو سەردەمی جیاوازدا، ئەگەر ئێستا هۆلۆکۆستی جوولەکەکانی ئەورووپا ئازارێکە و جیهان هەستی پێدەکات و یادی دەکاتەوە، خۆ ئەنفال و هەڵەبجەی کوردانیش هەمان ئازارن، کەچی وەک پێویست جیهان هەست بەو ئازارە ناکات و یادی ناکاتەوە، بۆیە تۆ وەک کوردێک لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕە و بەشەکانی ڕۆمانی "پیاوێکی بێچارەنووس"دا هەست دەکەیت ئۆردووگە زۆرەملێکانی ئاوشڤتز و بۆشنڤەڵد لە

عێراقن نەک ئەڵمانیا، هەستی دەکەیت کوردیش گیۆرگی زۆری هەن و هەزاران کەسیشی بێچارەنووسن.

## هۆلۆکۆست و پیاوێکی بێچارەنووس

ڕۆمانی پیاوێکی بێچارەنووس، لە نووسینی ئیمرە کیرتێزی ڕۆماننووسی هەنگارییە، نووسەر کاتێک تەمەنی نزیکەی چواردە ساڵان بووە، لە پرۆسەی بەدناوی هۆلۆکۆستدا لەلایەن نازییەکانەوە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەهۆی جوولەکەبوونییەوە لە هەنگاریاوە بۆ ئۆردووگە زۆرەملێکانی ئاوشڤتز و پاشان بۆ بۆشنڤەڵدی ئەڵمانیا ڕاپێچ دەکرێت و لەگەڵ هەزاران جوولەکەی تردا کە هیی وڵاتانی جیاوازی ئەورووپان لە ئۆردووگە زۆرەملێکاندا بێگاریان پێدەکرێت و بە چاوی خۆی ئەو دۆزەخەی نازییەکان دەبینێت کە مرۆڤ تێیدا بەزیندوویی دەخرێتە سووتێنگەوە.

پرۆسەی پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژکردنی جوولەکەکانی ئەورووپا لە ساڵانی ١٩٤٠ تاوەکوو ١٩٤٥ کە بە هۆلۆکۆست ناسراوە، بە بڕیاری ئەدۆلیف هیتلەر سەرۆکی ئەوکاتی ئەڵمانیای نازی بە مەبەستی پاکتاوکردن و کۆتاییهێنان بە ڕەگەزی جوولەکە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا

دەستیپێکرد، ئەو پرۆسەیە هێندە قێزەون و مەرگەساتاوییە، تەنانەت جیهانیشی شەرمەزار کرد، چونکە پرۆسەکە بە بەرچاوی جیهانەوە بەڕێوەچوو و بە ملیۆنان ئینسانی جوولەکەی ئەورووپایی لە کامپ و ئۆردووگە زۆرەملێکانی ئەڵمانیای نازیدا لەو شوێنانەی کەوتنە دەست ئەڵمانیا، کوژران و سووتێندران و خرانە بەر کاری بێگارییەوە.

نووسەرانی کتێبی "هۆلۆکۆست" ستیڤان برۆشفێلد و پاوڵ ئا. لڤین، لە پێشەکی کتێبەکەیاندا ئاماژە بە ژمارەی قوربانییانی جوولەکە لە پرۆسەی هۆلۆکۆستدا دەکەن، لەنێوان پێنج تاوەکوو شەش ملیۆن جوولەکە و زیاتر لە نیو ملیۆن قەرەج بوون، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکەن قوربانییانی تری پرۆسەکە پێکهاتووە لە ١٠٠ هەزار کەمئەندام و کەمئەقڵ و خەڵکی بێزراو و هەزاران هۆمۆسێکسواڵ و چەندین ملیۆن پۆڵۆنیایی بێ چەک و گیراوانی جەنگی ڕووسیا. سەبارەت بە ڕوانگەی نازییەکان بۆ نەژاد، هەروەک لە کتێبەکەدا دەڵێن مێژووی ئەڵمانیای نازی جیا نییە لە جیهانیی نازییەکان، کوشتاری جوولەکەکان دەرئەنجامی هزری نەژادپەرستانە-ئایدۆلۆژیای ئەدۆلیف هیتلەر بوو، هیتلەر و حیزبی نازی ڕوانگەیان لە پێکهاتەی نەژادپەرستانەی خۆیان سەبارەت بە مرۆڤ و نەفرەتەکانیان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیک و بەهاکانی نەشاردووەتەوە، بۆ نازییەکان نەژاد لەخۆگری هەموو شتێکە و بەهای تاک تەنیا لەوەدا کورت دەبێتەوە،

ئامرازێکه لەدەست دەوڵەتی نەژادپەرستدا، ئەم ئایدۆلۆژیایە بەزوویی لەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی نازییەکانەوە لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٣٣دا هاتە ئاراوە.

هەر سەبارەت بەو بابەتە لە ویکیپیدیادا هاتووە "هۆلۆکۆست لە بنچینەدا وشەیەکی یۆنانییە بە مانای سووتاندن بە فڕن دێت، زۆرتر بۆ ئەو کوشتارەی جوولەکەکان دێت کە لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا لەلایەن پارتی سۆشیالیستی کرێکارانی ئەڵمانیا، ناسراو بە "نازی" بە سەرکردایەتیی ئەدۆلیف هیتلەر دەستپێکرا، گەرچی ڕای جیاواز هەن ئەم پرۆسەیە تەنیا جوولەکەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو کەسانی دیکەی پەککەوتە و نەخۆش و زیندانیانی سیاسی کە بە دیل گیرابوون، واتە لە هێزەکانی یەکێتیی سۆڤییەت و کۆمۆنیستەکان و قەرەج و هیندییە سوورەکان و هاوڕەگەزخوازەکانیش دەگرێتەوە.

کوشتاری نازییەکان جگە لە شەش ملیۆن جوولەکە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دیکەشی گرتەوە لەوانە: سەدان هەزار قەرەجی ئەورووپایی و سەدان هەزار (سێرب) کە بەشێکی زۆریان لەناوچوون، نزیک بە دوو ملیۆن مەسیحی و وێڕای سێ ملیۆن جوولەکەی ئەو وڵاتە و دیلەکانی شەڕ و خەڵکی ئاسایی ڕووس و میللەتەکانی سلاڤی ڕۆژهەڵات و ڕووسیای سپی و ڕووس و ئۆکرانی و هۆمۆسێکسوالەکان،

خەڵکی پەککەوتە و نەخۆش و کۆمۆنیستەکان و نەیارانی سیاسی و ڕووناکبیران و ئەندامانی یەکێتییەکانی کرێکاران و پیاوە ئایینییەکانی سەر بە کلێسای ئۆرتۆدۆکس و کاتۆلیک و پرۆتستانت. هەروەها لای هەندێک لێکۆڵەر وشەی هۆلۆکۆست هەموو ئەو قوربانییانە دەگرێتەوە کە لە سەرەوە باسکران، بۆیە لەسەر ئامارێکی دروستی سەرجەمی قوربانییەکانی هۆلۆکۆست کێشە و ڕای جیاواز هەیە، ئەوەیشە هەندێک لایەن دەڵێن نۆ تاوەکوو یازدە ملیۆن کەس بووە و هەندێک جاریش باسی ٢٦ ملیۆن قوربانی دەکرێت.

وەک لەو کورتە پێناسەیەی هۆلۆکۆستدا دەرکەوت، جوولەکەکان قوربانیی باوەڕی نەژادپەرستیی حیزبی نازییەکانن، ڕێک لە ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی سەردەمی ڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن دەچێت، ڕاستە جوولەکەکان لە هۆلۆکۆستدا بەهۆی جوولەکەبوونیانەوە کۆمەڵکوژکران، ئەوەتا بە چەند دەیەیەک دوای ئەو ڕووداوە کوردیش تەنیا بەهۆی کوردبوونییەوە لەلایەن دەسەڵاتدارێکی عەرەبەوە کۆمەڵکوژ کرا. لەبەر ئەوە ڕۆمانی پیاوێکی بێچارەنووس گرنگە، چونکە ڕێک دەڵێی ئازارەکانی کورد لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا دەگێڕێتەوە، ئەگەر ئینسانەکان لە ئۆردووگە زۆرەملێکانی نازیدا بە گازی ژەهراوی خنکێندران، لە

هەڵەبجەش ئەمە ڕوویدا و هەزاران مرۆڤی کورد بە ژەهر خنکێندران، بەداخەوە کۆمەڵگەی جیهانی لە ئاست ئەو ستەمەی لە کورد کرا، بێدەنگ بوون و تەنانەت لە کاتی داواکردنی سەربەخۆییشدا پاڵپشتی کورد نەبوون، ئیدی گرنگە کوردیش سەدان ئیمرە کیرتێزی هەبێت، ئازار و کۆمەڵکوژیی کوردان لە ڕێگەی ڕۆمان و بەرهەمی ئەدەبییەوە بە کۆمەڵگەی جیهانی بناسێنن.

## چیرۆکی گیۆرگی چوارده ساڵان

گیۆرگی تەمەن چوارده ساڵان، پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانی "پیاوێکی بێچارەنووس"لە ڕاستیدا خودی نووسەری ڕۆمانەکەیە، بەڵام لەسەر زاری گەنجێکی جوولەکە لە فۆڕمی ئەدەبیدا یادەوەرییەکانی خۆی دوای ڕزگاربوونی لە ئۆردۆگە زۆرەملێکانی ئەڵمانیای نازی دەگێڕێتەوە. باوکی گیۆرگی لە هەنگاریا خاوەن کارگەیەکی گەورەی دار و تەختەیە، بە ئایین جوولەکە و سەرقاڵی کاروباری ئاسایی خۆیانن، لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەو خاوەنکارە بەهۆی جوولەکەبوونییەوە لەژێر گوشاری نازییەکانی ئەڵمانیادا بۆ بێگاری بانگ دەکرێت و کارگەکە و تەنانەت سەروەت و سامانەکەیشی بە شوتۆی کرێکار و ژمێریاری کارگەکەی

دەسپێرێت، شوتۆ ترسی جوولەکەبوون و بێگاری نییە. وەک لە پێشوودا ئاماژەمان بە دۆخی جوولەکەکان لەو سەردەمەدا کرد، بەهۆی جیاوازیی ئایینەوە دەستگیر دەکران و لە خەڵکانی مەسیحی جیا دەکرانەوە.

چیرۆکی گیۆرگی زۆر خەمناکە، بەوەی هێشتا سەرەدەری لە ئایین دەرناکات و خۆیشی پێویستی بە سەرپەرشتیارێکە چاوی لێی بێت، کەچی بەهۆی بانگکردنی باوکی بۆ بێگاری، ئەرکی پاراستن و چاودێریکردنی باوەژن و ماڵەوەیشی دەکەوێتە ئەستۆ، دەی ئەو هێشتا نایەوێت لەو دۆخە نەخوازراوە تێبگات، بۆیە پێش ڕۆیشتنی، باوکی و خزمەکانی باوەژنەکەی، هەوڵی زۆری لەگەڵ دەدەن و دەیانەوێت تێی بگەیەنن ئیدی ئەو  پێی ناوەتە قۆناغێکی تری ژیانەوە و پێی خۆش بێت یان ناخۆش، ئێستا ئەرکی پاراستن و چاودێریکردنی ماڵ و باوەژن و هەموو شتێکی دەکەوێتە ئەستۆ، وێڕای ئەوەی هێشتا توانای دەرخکردنی ئەو هەموو ئامۆژگارییەی نییە، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەست دەکات و تێدەگات دوای ڕۆیشتنی باوکی، ژیانێکی جیاواز دەژین و دەبێت خۆی بۆ قۆناغێکی سەخت ئامادە بکات.

چیرۆکە خەمناکەکە کە پێویستە خەمی هەمووان بێت، لێرەوە دەستپێدەکات کاتێک بە چەند مانگێک دوای ڕۆیشتنی باوکی بۆ بێگاری، گیۆرگیش بەهۆی دەرکردنی

چەند یاسایەکی نوێ لە دژی جوولەکەکان، لەلایەن لاوانی نەتەوەیی کە ئەو گرووپە ئەندامی ڕێکخراوێکی سەر بە نازین و گەنجانی تەمەن سێزدە ساڵان بەسەرەوە لەسەر بنەمای سەربازی و شۆڤینیەت پەروەردە دەکەن، گیۆرگی بەزۆرەملێ بۆ کارگەی شێپڵ کە کارگەیەکی پاڵاوتنی نەوتە لە هەنگاریا لەگەڵ هەژدە هەرزەکاری تردا بانگ دەکرێن و پێویستە ڕۆژانە بۆ کاری بێگاری سەردانی ئەو کارگەیەی پاڵاوتنی نەوتە بکات، وێڕای ئەوەی باوەژن و خزمەکانی و خۆیشی تاڕادەیەک خۆشحاڵ دەبن بەو کارە، ئاخر ئەو سەردەمە کاری لەمجۆرە بۆ جوولەکەکان لەچاو بێگاری لە ئۆردووگە زۆرەملێکاندا زۆر باش بووە، هەرچۆنێک بێت چەند مانگێک بەو تەمەنە بچووکەیەوە خۆی لەگەڵ بێگاری لەو کارگەیەدا ڕادەهێنێت تا ئەو بەرەبەیانییەی بە ئۆتۆبووسێک بەرەو پاڵاوگە نەوتییە سەربازییەکە دەچێت و پێش ئەوەی بگاتە شوێنکارەکەی، ئۆتۆبووسەکەی لەلایەن پۆلیسەوە ڕادەگیرێت و دەمودەست داوا لە سەرنشینانی دەکرێت هەرچی جوولەکەیە دەستیان بەرز بکەنەوە و بێنە خوارێ، ئەویش ئەو دۆخە بە ئاسایی وەردەگرێت و یەکسەر دەچێتە خوارێ، ڕاگرتنی ئۆتۆبووسی دیکە چەندبارە بووەوە، ئیدی هەر ئۆتۆبووسێک دێت، پۆلیس ڕایدەگرێت و هەرچی جوولەکەیە لە گۆڕەپانێکدا کۆدەکرێنەوە، دوای چەند کاتژمێرێک چەندان جوولەکەی دیکە ڕادەگیرێن و ئینجا بۆ

بارەگەیەکی گومرگ دەیانبەن و لە ژوورێکدا دەرگەیان لەسەردا کلۆم دەدەن، بۆ ئێوارەکەی پۆلیسەکە فەرمان لە سەرووی خۆی وەردەگرێت و سەرجەم جوولەکەکان بۆ گواستنەوەیان بەرەو ئەڵمانیا ناونووس دەکات و دوای چەند ڕۆژێک بە شەمەندەفەر لە هەنگاریاوە دەگەنە سەربازگەی ئاوشڤتز-بیرکناو لە ئەڵمانیا، کە ئۆردووگەکە بە سەربازی ئەڵمانی دەورەدراوە و پڕێتی لە جوولەکەی وڵاتانی ئەورووپا و کەسانی قەرەج و پیر و منداڵ و ژن و پیاو و گەنج، دواتر گیۆرگی لە ئۆردووگەی زۆرەملێی ئاوشڤتزەوە بۆ ئۆردووگەی بۆشنڤەڵد دەگوازرێتەوە.

## ڕۆمانێکی فرە ڕەهەند

ئەو ڕۆمانە دەچێتە بازنەی ڕۆمانی فرە ڕەهەندەوە، واتە یادەوەریی و مێژوویی و واقیعی و ئایینی، ئاخر ئیمرە کیرتێزی نووسەری ڕۆمانەکە خۆی یەکێک بووە لەو جوولەکانەی لە پرۆسەی پاکتاویی ئایینی و نەژادیدا (هۆلۆکۆست) لە ئۆردووگە زۆرەملێکانی نازیدا بووە، خۆی ئازاری چەشتووە و ڕووداوەکانی بەچاوی خۆی بینیوە تاوەکوو ئەو کاتەی ئەڵمانیای نازی دەڕووخێت، ئینجا ئازاد دەکرێت، هاوکات ڕۆمانەکە چونکە لە ڕێگەی فۆرمێکی ئەدەبییەوە ڕووداوێکی واقیعی بەسەردەکاتەوە کە لە

مێژووی مرۆڤایەتییدا ڕوویداوە و چەندان کتێب و فیلم و هەزاران وتار و بابەت و یادکردنەوەیشی لەسەر نووسراون و ئامادەکراون، کەوایە لەو خاڵەیشدا مێژووییە، مێژووییە بەو مانایەی هۆلۆکۆست پرۆسەیەکی پاکتاویکردنی نەژادی و ئایینییە و دەستپێک و کۆتایی لە مێژوودا تۆمار کراوە، بۆیە بێدوودڵی ئەو ڕۆمانە مێژوویی و واقیعی و یادەوەریی و تەنانەت ئایینی و سیاسیشە، ئاخر پرۆسەی هۆلۆکۆست لەسەر دەستی حیزبێکی خاوەن دەسەڵات کە فەرمانڕەوایی وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەڵمانیای دەکرد، ڕوویداوە، بۆیە سیاسیشە.

جیاوازی ڕۆمان لەگەڵ هەر ژانرێکی تردا کە ڕووداوێکی مێژوویی و واقیعی تۆمار دەکەن و دەنووسنەوە، ئەوەیە، ڕۆمان جیاوازە لەو کتێبانەی دیکە کە ڕووداوی هۆلۆکۆستیان تەنیا وەک ڕووداو و ئامارێکی بێ گیان و دوور لە دۆخە سایکۆلۆژییەکە باس کردووە، ئاخر کاتێک لە کتێبێکی ئاسایی دەنووسرێت لە ئۆردووگەی زۆرەملێی بۆشنڤەڵدا مرۆڤ ئازار دەدرا و دەکوژرا، ئەمە بەشێکە لە گواستنەوەی ئازارەکە و ناگاتە ئەوەی ڕۆماننووسێک  خۆی لە بۆشنڤەڵد بووە و لە ڕێگەی فۆرمێکی ئەدەبییەوە ئازارەکان و ڕووداوەکان و جۆری خواردن و هەستی قێزلێبوونەوە لە جەستەی کێماوی خۆی لەو سەربازگەیە دەنووسێتەوە، ڕۆمان چونکە لایەنی

دەروونی تێدا ڕەچاو دەکرێت، بۆ ئەو جۆرە ڕووداوانەی وەک ئۆردووگە زۆرەملێکانی نازی و ئەنفالی کوردان، قووڵتر دەتوانێت ڕۆبچێتە ناخ و هەستی خوێنەر بجووڵێنێ و ڕای گشتی لەبارەوە دروست بکات، کێ هەیە کاتێک لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانە پڕ کێم و خوێن و دۆزەخییە هەڵدەداتەوە، لەگەڵ گیۆرگی تەمەن چواردە ساڵاندا هەست بە ترس نەکات و لەلای خۆیەوە هەناسەیەکی قووڵ هەڵنەکێشێت و نەڵێت ئۆخەی من گیۆرگی نیم!

ئیمره کیرتێز، بە تەنیا چیرۆکی خۆیمان بۆ ناگێڕێتەوە، ئەو گیۆرگییە لەبری هەمووان بەدەست جیاوازیی ئایین و نەژادییەوە ئازار دەچێژێت، ئەوە خۆی پەیامێکە بۆ هەمووان، ئەگەر جیاوازیی نەژادی و ئایین بوونە هۆی ئەوەی مرۆڤ بەهۆیانەوە بچەوسێندرێتەوە یان بچەوسێنێتەوە، مرۆڤایەتی لەبەردەم پرسیارێکی گەورەدایە، ڕاستە گیۆرگی باسی ئەنفال ناکات، بەڵام هەمان ئازاری کوردێکی هەیە کە بەهۆی کوردبوونییەوە لەسەر پشتی زیلێکی عەسکەری لە گەرمەسێری کوردستانەوە بۆ پارێزگەکانی خوارووی عێراق دەبردێت و لەوێدا لە جیهان دادەبڕێت و بەدەم هاوار و گریان و پاڕانەوە و دەستبەرزکردنەوە بۆ ئاسمان دەخرێتە چاڵی مەرگەوە، ئێ ئەوە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو سووتێنگەیەی گیۆرگی باسی دەکات هەیە، کاتێک لە ئۆردووگەی زۆرەملێی

بۆشنڤەڵدی نازییەکاندا مرۆڤ تەنیا بەهۆی جوولەکەبوونییەوە دەسووتێندرێت و لە ژووری سیخناخ لە گاز دەخنکێندرێت! بەڵێ هیچ جیاوازییەکیان نییە، چ ئەوەی لە هۆلۆکۆست و چ ئەوەی لە ئەنفالدا ڕوو دەدەن، لە کرۆکدا یەک ڕووداون و تاوانێکی یەکجار گەورەن، لێ تەنیا کات و شوێنیان جیاوازە.

## یەکەم ماچی کونەتەیارە و یادەوەرییەکی شیرین

ئەگەرچی بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە بە تایبەتی تیشک دەخاتە سەر ڕەوشی جوولەکە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەورووپا لە پرۆسەی پاکتاوکردنی جوولەکە و چەندین گرووپی دیکەی مرۆڤ لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە لەنێو بردران، بەڵام لە تەک ئەوەشدا ڕووداوێکی خۆشەویستیی نێوان گیۆرگی و کچێکی هاوتەمەنی خۆی بەناوی ئەنناماریا هەیە، ڕۆمانەکەی لەو دۆخە گشتییە ترسناکەدا جیاواز و جوانترکردووە، بە ڕای من ڕۆحی بە بەردا کردووە.

لەو دیمەنی خۆشەویستییەدا ئەگەرچی نووسەر نەیویستووە کاری جدی لەسەر بابەتی خۆشەویستی لەنێو ڕۆمانەکەیدا بکات، وەک باوە زۆربەی ڕۆماننووسەکان بۆ ڕاکێشانی

سەرنجی خوێنەر، پەنا بۆ بابەتی خۆشەویستی و سێکسی دەبەن، بەڵام ئەو دیمەنەی یەکەم ماچە لەنێو پیاوێکی بێچارەنووسدا ڕووداوێکە و لە بەرگی ئەدەبیدا خۆی خزاندووەتە نێو ڕووداوە ئاڵۆزەکانی ڕۆمانەکە، لێ جێگەی خۆی کردووەتەوە، ئەویش پێناسەکردن و سەربووردەی یەکەم ماچی نێوان گیۆرگی و ئەنناماریایە، پێش ئەوەی گیۆرگی ڕاپێچی ئۆردووگە زۆرەملێکانی نازی بکرێت، گرنگی ئەو ماچە لەوەدایە لەکاتێکدا بۆردوومانی فڕۆکەیان لەسەرە، کەچی  تینی خۆشەویستی و گڕی ماچ، وای لێ کردوون باکیان بە ترس و مەرگ و زرمەی بۆمبەکان نەبێت و لەپڕ بخزێنە باوەشی یەکدییەوە و یەکەم ماچ بگۆڕنەوە، ئاخر ئەو ماچە هێندە شیرینە، وەک یادەوەرییەکی خۆش لای گیۆرگی دەمێنێتەوە. ئەوەتا گیۆرگی گەنج بە تامەزرۆییەوە باس لەو یەکەم ماچە دەکات: "پێرێ شەو، لە کاتی بۆمبارانی فڕۆکەکاندا، لە کونەتەیارەکە، یان دروستتر بێژین لەو ڕێڕەوە نیمچەچۆڵە تاریکەی لە کونەتەیارەکە جیا دەبێتەوە، لە تەک ئەنناماریادا کەوتینە دۆخێکی تاڕادەیەک تایبەتییەوە. لە بەراییدا گەرەکم بوو نیشانی بدەم لە کوێوە خۆشترە تەماشای ڕووداوەکانی دەرەوە بکات، لێ پاش چرکەیەک کاتێک زرمەی بۆمبێکمان ژنەفت، کە لە نزیکمانەوە تەقییەوە، هەموو جەستەی وەک گەڵای دار دەهەژیا، ئەمن بەڕوونی هەستم پێ کرد، چۆن لە ترساندا خۆی بە منەوە ئاوێزان کرد،

باسکی لە دەور ملم ئاڵاند و دەموچاوی لە شانم گیر کرد، ئیدی هیچم بەیاددا نایەتەوە، تەنێ ئەوە نەبێت، کە لە دووی دەمی گەڕام، هەستێکی تەماوی، گەرم و نیمچەشێداری، لەگەڵ حەپەسانێکی خۆشی لە ناخمدا جێهێشت، لەبەر ئەوەی یەکەم جار بوو کچێک ماچ بکەم، جگە لەوەش بیرم لێ نەکردبووەوە، ڕۆژی دواتر لەسەر پلیکانەکان بۆم دەرکەوت ئەویش بەوە حەپەسابوو، پێی وابوو، بۆمبەکە هۆکار بووە، لە ڕاستیدا ئەمەیان دروست بوو، پاشان جارێکی دیکە یەکترمان ماچ کرد، لەو کاتەوە فێربووم چلۆن بە بەکارهێنانی زارمان لەم ئەزموونە، یادەوەرییەکی شیرین و درێژخایەن دروست بکەین".

وەک لەو دیمەنەدا دەردەکەوێت گڕی ئەوین و حەزی ماچی ڕەگەزی بەرانبەر کاتێک کڵپە دەدات، کاتوساتی بۆ نییە، هەرکە ئەو گڕە هەڵدەگیرسێت، لەنێو کوورەی ئاگریشدا بێت، خۆشەویستەکان باوەش بە یەکدا دەکەن و نێو دەمی یەکدی ماچ دەکەن، ڕاستە ماچی یەکەم شەرمەیەکی لەگەڵدایە، بەڵام بۆ هەمیشە لە یادەوەریی مرۆڤدا دەمێنێتەوە، یادەوەرییەک هەتا ناو گۆڕیش لەگەڵیدا شۆڕ دەبێتەوە، ئاخر گیۆرگی لەخۆیەوە نالێ: لەو کاتەوە فێربووم چلۆن بە بەکارهێنانی زارمان لەم ئەزموونە، یادەوەرییەکی شیرین و درێژخایەن دروست بکەین!

## ئاوشڤتز و بۆشنڤەڵد.. دۆزەخەکانی نەژادپەرستی

ئاوشڤتز و بۆشنڤەڵد، دوو لەو سەدان ئۆردووگە زۆرەملێیانەی نازییەکانن کە بە هەزاران ئینسانی جوولەکە و قەرەج و هۆمۆسێکسواڵ و کەمئەندام و کەمئەقڵ و کەسانی بێزراویان تێدا ڕاگیراون، بە تایبەتی ئەو دوو ئۆردووگەیە دۆزەخن بۆ جوولەکەکان، چونکە پرۆسەی پاکتاوکردنەکە زیاتر ئامانجی جوولەکەکان بووە تا گرووپەکانی دیکە، لەبەر ئەوەشە ئێستاش جیهان دەیەوێت نازی ئیسرائیل کە دەوڵەتێکی جوولەکەیە ڕابگرێت و هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن، ئەوەی لە هۆلۆکۆست بەسەر جوولەکەدا هات، دووبارە نەبێتەوە، تەنانەت ئەڵمانیای ئێستاش بە بەردەوامی چاوێکی لەسەر پاراستنی جوولەکەیە تاوەکوو ئەو پەڵە ڕەشەی کە هیتلەر خستە سەر ڕووخساری ئەڵمانییاوە، بە یەکجاری بسڕدرێتەوە و بە کۆمەڵگەی جیهانی بڵێن ئەوە هەموو ئەڵمانییەکان نەبوون هۆلۆکۆستیان کرد، تەنیا هیتلەر و گرووپەکەی لێی بەرپرسیارن، بۆیە ئێستا حیزبی نازی لە ئەڵمانیا کارکردنی لێ قەدەغە کراوە.

ئیمرە کیرتێز چونکی خۆی قوربانییە و بەچاوی خۆی ئۆردووگە زۆرەملێکانی نازی دیوە، هێندە ورد و بە سەلیقە، وێنەی کەمپ و ئۆردووگە زۆرەملێکان دەگرێت، تۆی خوێنەر

کاتێک ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە، هەر دەڵێی ئێستا لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا دەژیت و یەکێکیت لە بێگارەکان و دەستگیرکراوانی جوولەکە و قەرەج، ئاخر کیرتێز بەو ڕۆمانەی، پەردەی لەسەر ڕووی ڕاستەقینە و ناشرینی نازییەکان هەڵدایەوە، وێنەیەکی ئەوتۆی گرتووە و بە جۆرێک ڕووداوەکانی تۆمار کردوون، هەرگیز لە زاکیرەی خوێنەردا کاڵ نابنەوە. کێ هەیە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، سووتێنگەکان و ئازاری ئینسانەکان لەبیر بکات!

"مرۆڤ بە تێپەڕبوونی کات بە پەرجوو ڕادێت، وردە وردە توانیم لەسەر پێی خۆم بە پێخاوسی بۆ نۆرینگەکە بڕۆم، پەتووەکەم لەسەر کراسەکەدا لەخۆ پێچابوو، لەنێو هەوا ساردوسڕەکە و بۆنوبەرامە ئاشناکەدا بۆنێکی جیاوازم ناسییەوە، پاش ئەوەی بیرم لە کاتە بەسەرچووەکە کردەوە، بەو ئەنجامە گەیشتم کە دەشێت سەرەتای بەهار بێت، لە ڕێگەی گەڕانەوەمدا سەرپێیی سەرنجی دوو پیاوم دا بە جلی زیندانییەوە لە کۆخەکەی ئەوبەری تەلبەندەکەی ئێمەوە عەرەبانەیەکی تاڕادەیەک گەورە کە تایەکانی لاستیک بوون، لەو جۆرەی دەتواندرێت بە بارهەڵگرەوە پێوەست بکرێت، ڕادەکێشایە دەرێ، لەو بارەدا پەلوپۆی زەردهەڵگەڕاو و بەستوو و پارچە جەستەی وشکەوەبووم بینین".

ئەوە دیمەنی عارەبانەیەکی گەورەیە لە ئۆردووگەی بۆشنڤەڵد کە پڕ لە جەستەی مرۆڤە، بیهێنە بەرچاوی خۆت، گیۆرگی زۆربەی کاتەکانی لەوێدا لە تەک ئەو دیمەنانەدا بەسەربردووە، دەی ئەگەر تۆ یەکێک بیت لەو گیراوانە و بەچاوی خۆت عارەبانەیەکی پڕ لە پەلوپۆی زەردهەڵگەڕاو و بەستوو و پارچە جەستەی وشکەوەبووی مرۆڤ ببینیت، ئینجا بۆی هەیە تۆش ببیتە پارچەیەک لەو جەستە وشکەوەبووانەی عارەبانەیەکی دیکە و بەندییەکی تر جەستەی تۆ ببینن! گیۆرگی هەرکە ئەو دیمەنە بەچاوی خۆی دەبینێت، دەترسێ و بەپەلە پەتووەکە لەخۆیەوە دەپێچێت و بەشەلەشەل و چنگ لەسەر شان بەرەو ژوورەکەی خۆی دەگەڕێتەوە و گورج گورج خۆی دەخزێنێتە نێو لێفەکەی و ئیدی وەک جۆرێک لە خۆشاردنەوە خۆی گرمۆڵە دەکات.

## برسێتی و شەرمکردنی لە جەستەی خۆی

ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ئۆردووگە زۆرەملێکانی نازی بۆ ئینسانەکان دۆزەخن، ئەوانەی ڕاپێچی ئەو شوێنانە دەکرێن، لە بەها و شکۆی مرۆیی دادەماڵدرێن، تاوەکوو ئەندامەکانی جەستە توانای کاری زۆرەملێ و جووڵەیان هەبێت، لەلایەن سەربازەکانەوە بەکاردەهێنرێن، کاتێکیش ئەو توانایە

لەدەست دەدەن، بە یەکجاری ڕەزیل و بێبەها دەمێننەوە، ئەوەی خاڵێکی گەشە، لەو دۆخەشدا پزیشک و پەرستارەکان وێڕای ئەوەی لەژێر گوشاردان، کەچی تاڕادەیەکی باش نێوانیان لەگەڵ نەخۆش و پەککەوتە و بریندارەکانی ئۆردووگەدا باشە، دەکرێت ئەمە پەیامێک بێت بۆ پزیشکان و هەموو ئەوانەی لە سێکتەری تەندروستیدا کار دەکەن، لە سەروەختی جەنگ و هەر جۆرە ململانێیەکی هێزەکاندا پێویستە ڕێز لە پیشەکەی خۆیان و مرۆڤ بگرن و لووتکەی کار و ئامانجیان ڕزگارکردنی مرۆڤ بێت لە ئازار و مردن. گیۆرگی دەیان نموونەی جوانی ئەو هەستە بەرزەی پزیشک و پەرستار و کارمەندانی ئۆردووگە زۆرەملێکە دەگێڕێتەوە کە سەرباری دۆخە ئاڵۆزەکەی تێیدان، هێشتا پەیامی مرۆیی خۆیان لە ڕێگەی مومارەسەکردنی پیشەی پزیشکییەوە لە چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندارەکاندا دەگەیەنن، ئەگەرچی ئێستا ئەو دۆخە بە قۆناغێکی تر گەیشتووە بەوەی سەرمایەداری پیشەی پزیشکیشی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە تا ئەو ئاستەی لەم جیهانە پێشکەوتووەدا کەسانێک هەن بەهۆی نەبوونی پارەوە بۆ دابینکردنی دەرمان و نەشتەرگەری گیانلەدەست دەدەن. لێ لە دۆزەخەکەی نازیدا پزیشکەکان لەگەڵ گرتوواندا میهرەبانن.

"نە عینادی، نە نوێژ و نە هەڵاتن لە شتێک ڕزگاریان نەدەکردم، ئەویش برسێتی بوو، دیارە لە وڵاتیشدا برسیم ببوو، یان پێم وابوو برسی بووم، لە کارگەی خشتەکەدا، لە شەمەندەفەر، لە ئاوشڤتز، تەنانەت لە بۆشنڤەڵدیشدا برسیم بوو، لێ هەرگیز بەڕادەی ئێستا هەستم بەم برسێتییە درێژخایەنە نەکردووە، سەراپای بوونم بوو بە بۆشایی، هەموو تەقەلام کپکردن و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بێکۆتاییە بوو، بۆ ئەو مەبەستەش تەنێ چاوەکانم شک دەبردن کە چاوساغی هزر و هۆشم بوون، کار و ئاکاری ئاراستە دەکردم، دار و وردەبەرد و ئاسن نەخۆم لەبەر ئەوەیە کە نە دەتوانن ئەم شتانە بجووین و نە هەرس دەکرێن، سەرەڕای ئەوەیش لەم تاقیکردەوە، گەر گژوگیایشم دەستبکەوتبایە دوودڵیم لێ نەدەکرد، بە داخەوە گژوگیا نە لە کارگەکە نە لە ئۆردووگاکەیشدا سەوز نەدەبوون".

لە دۆزەخەکەی نازیدا برسێتی وا لە ئینسان دەکات تەنانەت بیر لە خواردنی لم و هەر جۆرە ماددەیەکی تری ڕەقیش بکاتەوە، بۆشنڤەڵد نموونەیەکە لەو نموونە واقیعییە تاڵانەی، ڕژێمی دیکتاتۆر و تۆتالیتار، ئەگەر بە چەکیش نەتکوژێت، لە برسان و تامەزرۆیی بۆ لەتێک نان دەتکوژێت، ئێمە ئێستا باسی قۆناغێکی سیاسی و مێژوویی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دەکەین، وێڕای برسێتی لەو کەمپە زۆرەملێیانەدا، تەنانەت بەهۆی گەمارۆدانی شارێکی ڕووسیا

لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیای نازییەوە، مرۆڤ گەیشتە ئەو ئاستەی گۆشتی منداڵ و ژن و کچ و دایک و باوک و هاوڕێ و هاوشارییەکانی بخوات، ئەمەیش لە ئەنجامی ئەو پەتایەی نازییەت کە بۆ ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵ فەرمانڕەوایی ئەڵمانیا و بەشێکی ئەورووپای کرد، مرۆڤایەتی پێویستە لە ئاست ئەو جۆرە ڕژێمانە هەردەم لە ترسدا بێت نەوەک جارێکی دیکە و لە بەرگێکی تردا زیندوو ببنەوە و هەمدیس ماڵوێرانی و مەرگەسات دووچاری مرۆڤایەتی بکەنەوە.

وێڕای برسێتی ئەو ڕۆمانە پێمان دەڵێت مرۆڤ لە سایەی ئەو جۆرە ڕژێمانەدا تەنانەت شەرم لە جەستەی خۆیشی دەکاتەوە، بۆچی؟ لە ئۆردووگەکانی نازیدا مرۆڤ هێندە پەراوێز دەخرێت و بە ژینگەیەکی پیس ئاشنا دەبێت، بە هێواشی جەستە بەهێزەکەی توانای خۆڕاگرتنی نامێنێ و دەبێتە شوێنگەی ئەسپێ و زیندەوەرانی تر و پاشان ئەو جەستە جوانەی ڕۆژگارێک بەهێز و چالاک بووە، دووچاری دارزان و نەخۆشیی گەڕی و کێم و خیزاو و برینی قووڵ و گەورە گەورە دەبێتەوە، سەرئەنجام هەر ئەو برین و کێم و ئازارانە لە پەلوپۆی دەخەن و ئیدی بەزیندوویی یان بە مردوویی بێت، دەخرێتە نێو عارەبانەیەکەوە و فڕێ دەدرێت و پاشان دەسووتێندرێت.

"ئێستا پێستم چرچ و لەڕ بووە، وشک و زەردهەڵگەڕانەوە، هەموو جۆرە دوومەڵ، پەڵەی قاوەیی، قڵش و لیرگەلێکی لێ دەرهاتووە، کە فرە دەخوران و وەڕزیان دەکردم، بە تایبەتی نێوان قامکەکانم ئەمە "گەڕی" بوو، هەینێ بە باندی سترومم نیشان دا، ئەو بە ئاماژەیەکی لێزانانە دەستنیشانی کرد. لە خێرایی لاوازبوون و لەناوچوونی ئەو پێستەی ئێسقانەکانمی داپۆشیبوو حەپەسام! سەیرم لە ڕۆژبەڕۆژ توانەوە و بنبڕبوونی گۆشتی جەستەمدا هات، هەموو ڕۆژێ شتێکی نوێ سەرهەڵدەدات و سەرم لێی سووڕ دەمێنێ، خەوشێکی نوێ، ناحەزییەکی تر لەم شتە فرە سەیرەدا، لەم شتە زێدە نامۆیەی ڕۆژێک لە ڕۆژان نزیکترین هاوەڵم بوو، جەستەم، شتێکی بەسامە، چیتر ناتوانم بۆی بڕوانم، قێزی لێ دەکەمەوە، بۆیە ماوەیەکی زۆرە جلەکانم لەبەرم دانەکەندوون بۆ ئەوەی خۆم بشۆرم، جگە لە بێحەوسەڵەییم خۆم لە هەموو ئەو کارە سەختە بێکەڵکانە کێشایەوە، سەرما و پێڵاوەکانیشم لەولا بوەستن.

## نۆستالیژیا و نامۆیی

ئینسان لەو ئۆردووگە زۆرەملێیانەی نازییەکاندا لە یەککاتدا دووچاری نۆستالیژیا و نامۆییش دەبێت، بە خەیاڵ هەموو ئەو شت و کارە بێزاراوانەی ژیانی ئاسایی خۆش دەوێن و

تامەزرۆیە بۆ یەکجاریش بێت، بە ژیانی ئازادی ئاشنا ببێتەوە، ئەوەتا گیۆرگی لەنێو ئەو هەزاران کەسەی نێو ئۆردووگەکەدا، بیری هەموو ئەو کار و هەڵوێستە خراپانەی خۆی دەکاتەوە و پەشیمانە لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێزی لە شتەکانی خۆی نەگرتووە، ئاخر مرۆڤ شتەکانی زیاتر لەلا بە نرخ دەبن، کاتێک لەدەستیان دەدات. گیۆرگی ژیان و هەموو شتێکی لەدەستدا، ئەوەتا ئێستا ئەو هەموو شتێکی ڕابردووی خۆی خۆش دەوێت، چونکە ئۆردووگەی نازییەکان هێندە سامناکە نەبێتەوە، بە خەیاڵ بۆ ڕابردووی خۆی دەگەڕێتەوە و لەدەست ئەو ئێستایەی تێیدا هەڵدێت "خۆشترین شت بەلامەوە بۆ بەسەربردنی کات ئەوەبوو گەر بکرایە ڕۆژێکی تەواو، بەبێ بڕانەوە، لە سبحەینەوە تاوەکوو ئێوارێی ماڵی خۆمان بهێنمەوە بەرچاوم، لە هەمان سادەییدا، دەکرا بە هەمان کۆشان ڕۆژێکی ئاوەها نموونەیی بهێنمە بەرچاوم، لێ هەمیشە ڕۆژی ناخۆشم بەیاد دەهاتەوە". نامۆیی بە دونیا پەتایەکی ترە ڕۆحی مرۆڤ لە زیندانی دەسەڵاتی تۆتالیتاریدا دەخوات، نامۆبوون بە هەموو شت، بە کۆمەڵگە، بە مرۆڤی دەوروبەر، بە خۆت و جەستە و ناخت، ئیدی لەو زیندانانەدا مرۆڤ هەر ساتەوەختەی بەدەست ئەندێشەیەکەوە گیر دەخوات، جارێک بەخۆی نامۆیە و جارێکیش بە خەیاڵ و نۆستالیژیا دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ڕابردووی، ڕابردوویەک زەحمەتە دووبارە ببێتەوە.

## لە دیلیشدا ئەندێشە بە ئازادی دەمێنێتەوە

ئینسان لە زیندانی دیکتاتۆردا ڕزگاربوونی نزیکە لە مەحاڵەوە، ڕەنگە هەموو هەوڵێکیشی بۆ ئازادی بە شکست و ئەشکەنجەی نوێ کۆتایی بێت، لێ ئازادییەکی تر هەیە، هەرگیز دیکتاتۆرەکان ناتوانن دەستەمۆی بکەن و دەرکی پێ بکەن، ئەویش ئازادیی ئەندێشە و لە ناخەوە بیرکردنەوەیە لە ئازادبوون، مرۆڤ بە ڕێگەی خەیاڵ و ئەندێشەوە دەتوانێت هەمیشە ئازاد بژی، دەکرێ کەلەپچە لە دەستت بێت و لە گرتووخانەیەکدا بیت و دەیان پاسەوان و جەللادت لە نزیکدا بن، بەڵام هەرگیز ئەو هەستەت نامرێ کە دەتەوێت ئازاد بیت، گرنگ نییە، ناتوانیت ئازاد بیت، گرنگ ئەوەیە خۆت لەگەڵ کۆتوبەندی دیلیدا ڕانەهێنیت، ئاخر کۆیلە ئەو کەسەیە بە کۆیلایەتی ڕازی دەبێت و هەوڵی ئازادیی خۆی نادات، بە پێچەوانەوە ئەوانەی تەنیا وەک کۆیلەیەک ڕاگیراون و بیر لە ئازادی دەکەنەوە، ئەوە کۆیلە نین، چون ناخێک هەیە بیر لە ئازادبوون دەکاتەوە، گیۆرگیش ئەگەرچی دەزانێت ڕزگاربوونی مەحاڵە، بەڵام بە ئەندێشە بیر لە ئازادی دەکاتەوە و دەیەوێت هەموو ڕووداوەکانی ژیانی وەک شریتێک بهێنێتەوە بەرچاو، ئەمە خۆی جۆرێکە لە ئازادی، پەیامێکیشە مرۆڤ نابێت لە سەختترین ساتەوەختی زیندان و ئاستەنگەکانیشدا بیر لە خۆڕادەستکردن بکاتەوە. "بەشێک لە سرووشتی مرۆڤ هەیە

تایبەت بە خۆیەتی و بە هیچ ڕەواڵێک لێی داگیر ناکرێت، ئەوە ڕاستییە، تەنانەت لە دیلیشدا ئەندێشە بە ئازادی دەمێنێتەوە".

گیۆرگی لەو دۆخەدا ئەگەرچی تەواو پەکی کەوتووە و هەندێ جاریش هیچ ئومێدێکی نامێنێت، بەڵام ئەوەتا لە ناخیدا دەڵێ: "بەخۆم ژنەفتم باسی ڕابردوو و داهاتوو دەکرێت، لە هەمووشیان زێدەتر، گەلێک باسی ئازادی دەکرێت، بەڵێ بە بوێرییەوە دەڵێم نەمبیستووە لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهاندا هێندەی نێو گرتووان باسی ئازادی بکرێت، ئێوارەیەکی تاریکی مانگی نیسانە، لەکاتێکدا سەرۆکی ئۆردووگەکە جارێکی تر لە بڵندگۆکەوە دەدوا، پیەتیکایش بە ڕوومەتی سوورهەڵگەڕاو، بە جۆشوخرۆش و پڕ بە هەزاران وشەی ناڕوون گەڕایەوە، هاوکات سەرۆکی ئۆردووگاکە حارێکی تر لە بڵندگۆکەوە دەستی بە قسان کردەوە، ئەمجارەیان ڕووی دەمی لە ئەندامانی پێشووی تیمی پەتاتەپاککردنەوە کرد و داوای لێ کردن بەزووترین کات بۆ شوێنەکەی خۆیان، واتەناندێنەکە بگەڕێنەوە، هەروەها داوای لە دانیشتووانی ئۆردووگەکە کرد، گەرچی تا نیوەشەویش بووە بە بێداری بمێننەوە، لەبەر ئەوەی دەستیان بە لێنانی شۆربابەگۆشتێکی خەستوخۆڵ کردووە، ئەوجا بە ئاسوودەیی سەرم خستە سەر بالیفەکەم و بەکاوەخۆ شتێک

لە ناخمدا داسەکا، ئەو دەمەی ئەمنیش ڕەنگە بۆ یەکەمین جار بیرم لە ئازادی کردەوە".

## ئازادی و لەبیرنەکردنی ئازارەکان

دوای ئەوەی ئەڵمانەکان لە شەڕدا دووچاری شکست دەبن، ئەو جوولەکانەی لە ئۆردووگە زۆرەملێکاندا ڕاگیرابوون، ئازاد دەبن و هەر کەسەیان بەرەو وڵات و شاری خۆی دەگەڕێنەوە، ئەگەرچی ئەوانەی ئازادبوون ژمارەیان زۆر کەمە، چونکە زۆربەیان لە ماوەی پرۆسەی پاکتاوکردن لە کەمپەکاندا بە جۆرەها شێوە کوژران و سووتێندران و خنکێندران و لە برسان مردن و لە تینوویێتیدا خنکان. کاتێک گیۆرگی بە وڵاتەکەی هەنگاریا ئاشنا دەبێتەوە، زۆر شت وەک خۆیان نەماون، زۆربەی خەڵکەکە یان بزرن یان مردوون، باوکی کە پێشتر بۆ بێگاری لەلایەن نازییەکانەوە بردرا، لە ئۆردووگەدا گیانیلەدەستداوە و باوەژنەکەشی شووی بە توشۆ، ئەو کرێکارەی کە باوکی، کۆگەی دارەکەی پێسپارد، کردووە و شوێنەکەی جێهێشتووە، کەسوکاری باوەژنەکەیشی زۆر هەوڵی لەگەڵدا دەدەن ئەو دۆخەی بەسەری هاتووە، وەکخۆی قەبووڵ بکات و ژیانێکی نوێ دەستپێبکاتەوە، بەڵام گیۆرگی هێندە بە قووڵی ئازاری چەشتووە و لەبەرچاویدا شکۆی مرۆڤ شکێندراوە،

داواکەیان ڕەت دەکاتەوە، ئەگەرچی سەرجەم ڕووداوەکان بە ئاسایی دەبینێنێت، کەچی سەرەڕای ئەوەش ناتوانێت لەئاست ئەو ستەمەدا بێدەنگ بێت، دواجار بڕیار دەدات لەبارەی ئەوەی لە ئۆردووگەکاندا ڕوویداوە، قسە بۆ ڕۆژنامەکان بکات.

**سەرچاوەکان:**

-پیاوێکی بێچارەنووس/ ڕۆمان/ ئیمرە کیرتێز/ وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ڕووناک شوانی/ نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٦/ ئەندێشە.

- هۆلۆکۆست/ ستیڤان برۆشفێڵد و پاوڵ ئا. لڤین/ وەرگێڕانی: شۆڕش غەفووری/ چاپی یەکەم ٢٠٠٧/ ئاراس.

# خۆشەویستی و خوێن

# لە "بنووسە خوێن"ـدا

"شەکیب جارێک هاواری کردبوو شیرین، کەس نەیبیستبوو، هاتبووە ژوورێ، ئەو هەموو هانکە هانکە شێتیان کردبوو، لە دڵی خۆیدا گوتبووی کوڕ و کچەکەم خەریکی چین."

سەرلەبەیانییەکی زووە و هاوگەڕەکییەکان هەر یەکەیان بە کارێکەوە سەرقاڵن، پیاوێکی میوەفرۆش کە تازە لە عەلوە گەڕاوەتەوە، دەنگی ڕێژنەی گوللەی کڵاشینکۆفەکەی، دراوسێ و بەشێکی گەڕەک ڕادەچڵەکێنێت، کاتێک بەرەو ماڵی پیاوەی میوەفرۆشیش دەچن، تەرمی سێ منداڵەکەی کەوتوون و تابلۆیەکی خوێناویش لەسەر دیواری ماڵەکەیدا نەخشاوە، دواتر زاندرا ئەوکاتەی سێرەی لەناو چاوی منداڵەکانی گرتووە، پێیگوتوون بە ڕشتنی خوێنی ئێوە، غەزەبی خوا لەسەر خۆم و لەسەر شارێک لادەبەم.

شوێنی ڕووداوەکان لە ڕۆمانی "بنووسە خوێن"ی جەبار جەمال غەریبدا شاری هەولێر و هەردوو گەڕەکەکانی تەیراوە و عەنکاوەیە، کاتیش ساڵانی هەشتاکان و سەردەمی جەنگی نێوان عێراق-ئێران و هێرشی عێراق بۆسەر کوێت و دواتر ڕاپەڕینی کوردستانە، پایە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، کۆمەڵایەتی و دەروونییە، چیرۆکی کوشتن دەگێڕێتەوە و وەسفی خوێن دەکات، خۆشەویستی و سێکس ڕەنگدانەوەیەکی باشیان تێیدا هەیە، چەندین کارەکتەر کە هەر یەکەیان تەعبیر لە جۆرێکی کەسایەتیی مرۆڤ دەکەن، دەکرێت لە ڕێگەی ناسینی هەر یەکەیانیشەوە، باشتر لە دۆخ و ڕوانگەی ڕۆمانەکە تێبگەین. شەکیب، ئەو پیاوەی سێ منداڵەکەی خۆی کوشتن، یەکێک لە کارەکتەرانی ڕۆمانەکە،

وێنای پیاوێکی کوردی دینداره، پیاوێک تووڕه و بێبەزەیی، دڵپیس و سپڵە و جاسووسی سەر بە دەزگەی ئەمنی بەعس، تەنیا بەهۆی گومانێکەوە، سێ منداڵەکەی خۆی دەکوژێت، بۆچی و چۆن؟

## سێکس و چیرۆکی خوێن

بۆ ئەوەی سەوزە و میوە بۆ دوکانەکەی بهێنێت، بەیانییەکی زووە و شەکیب چووەتە عەلوە، شەهلای ژنی مامۆستا چالاک، دەچێتە ژێر جێگە خەوەکەی سامخانەوە، ئەو کوڕێکی هەرزەکار و بەهۆی جوانییەکەیەوە، کچان و ژنانی گەڕەکی تەیراوەی شێت و شەیدای خۆی کردووە، شەهلاش بەو هەموو جوانییەی کە تەواوی کوڕ و پیاوەکانی گەڕەک بە ئاواتی ئەوەوەن، تەنیا یەکجار لە باوەشی بگرن، کوڕەکان بە خەیاڵی سمتی گەورە و مەمکی بەرزییەوە دەستپەڕ دەکەن و پیاوەکانیش لەگەڵ ژنەکانیاندا جووت دەبن! بەڵێ ئەو بەیانییە، شەهلا خۆی دەخزێنێتە باوەشی سامخانەوە. "مەمکە گەورەکەی دەموچاویان ون کرد، سامخان بێجامەکەی لەبەر نەما، دەموچاوی کەوتبووە ناو سمتە بەرز و پتەوەکەی شەهلا، هەنکە هەنک نەک ژوورەکە، ماڵەکەشی پڕ کرد بوو، قەندەهار نەیدەزانی خەوە یان خەیاڵ، لە تەنیشت کوورەی ئەو ئاسنگەرەی ئاگری لێ دەپژا،

بریسکی لێ دەپژا، ئەویش هەموو جەستەی سەر ئارەقە کەوتبوو. شەهلا بە چرپەوە کە لێوی بەر گوێی سامخان دەکەوت، گوتی: من سێ جار تەواو بووم، سێ جار فڕیم، یەکەمجار کە ماچت کردم و مەمکت کوشیم، جارێک کە دەست و زمانت پێدا هێنا، تەواوبوونی گەورەش بە گوڵ و شەپقە کراوەکەت بوو. شەکیب جارێک هاواری کردبوو، شیرین، کەس نەیبیستبوو، هاتبووە ژوورێ، ئەو هەموو هانکە هانکە شێتیان کردبوو، لە دڵی خۆیدا گوتبووی کوڕ و کچەکەم خەریکی چین".

ئەو بەیانییە کاتێک شەکیبی باوکی سامخان چووەتە ژوورێ، بە گومانی ئەوەی قەندەهاری کچی لەگەڵ سامخانی کوڕیدا خەریکی سێکسکردنن، نازانێت ئەوەی هانکە هانکی کردووە، شەهلا بووە نەک قەندەهار! شەهلاش لە ترسی ئاشکرابوونی، لێفەکەی سامخانی بردووە و لەبن پێخەفەکانی ئەوسەری ژوورەکەدا خۆی شاردووەتەوە، سامخانیش خۆی خزاندووەتە ژێر لێفەکەی قەندەهاری خوشکییەوە، شەکیبش دەستی سامخان و قەندەهاری گرتووە و بردوونیەتییە کۆڵان و تەنانەت عەبدولباری کوڕیشی کە ئەو بەیانییە لەگەڵ خۆیدا لە عەلوە بووە، هەر سێکیانی داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و شەهلاش دوای چەندین ساڵ ئینجا دانی بە ڕاستی ڕووداوەکەدا ناوە.

بناغەی ئەم ڕووداوە لەسەر گومان دروست بووە، بەڵگەی ئەوەی شەکیب نموونەی ئەو پیاوانەی کوردە بە ئاسانی دەتوانن ئینسان بکوژن، تەنانەت دەرفەتی ڕوونکردنەوەیش بە منداڵەکانی نادات، ئاخر عەبدولباری ئێستاش نەیزانی بۆچی سێرەی کلاشینکۆفەکەی باوکی لە چاوی گیرا و دەستڕێژی گوللەی لێ کراوە! لێرەدا ڕۆماننووس بە وردی ئیش لەسەر نیشاندانی گومانی خراپ دەکات، دەشێ هەندێکجار گومان باش بێت و دەروازەی گەیشتن بە ڕاستی بێت، لێ لەم ڕۆمانەدا گومان خێزانێک هەڵدەوەشێنێتەوە و پیاوێک دەکات بە بکوژ و جاسووس و سەرشۆڕ و ژنێکیش دەکات بە بکوژ و دڵخۆری مرۆڤ! ئەگەرچی ئەوە جێگەی ڕەخنەیە کە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا شیرین، واتە دایکی منداڵەکان دوای ئەوەی شەکیب دەکوژێت، لە تۆڵەی کوژرانی منداڵەکانیدا دڵی لە هەناوی دەردەهێنێت و دەیخوات، ئەمە بە ژنی کورد نامۆیە و ناکرێت لە ڕۆمانیشدا کە ئاسانتر کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونیی خوێنەردا دروست دەکات، ڕەنگ بداتەوە، ڕاستە قەبارەی ئەو کارەساتەی بەسەر شیرین و منداڵەکانیدا هاتووە، زۆر گەورەیە، لێ لە ڕووی پەروەردەیی و دەروونناسییەوە گونجاو نییە، تۆ بە خوێنەرەکەت بڵێی ئەوەتا لە تۆڵەی تاوانێکدا کارەکتەرێک دڵی مرۆڤ دەخوات.

## خۆشەوستی لەنێو خوێندا

بنووسە خوێن، کاتێک خوێنەر ئەو ناوونیشانەی بەرچاو دەکەوێت و لاپەڕەکانی سەرەتای ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە، یەکسەر ئاشنای کوشتن و خوێن دەبێت، پیاوێک لەپێشچاوی گەڕەکێک، سێ منداڵی خۆی لەژێر دیوارێک ڕادەگرێت و گوللەبارانیان دەکات، خوێنی منداڵەکانیش لەسەر دیواردا دەبێتە تابلۆ و بەژێر سەوزە و میوەکاندا بڵاو دەبێتەوە، "سەد جۆگەڵەی خوێن، لە سێ لاشەی گەرمەوە ڕێچکەیان بەست، یەکسەر بۆ نێو کاڵەکان ڕێچکەیان بەست، چوونە بن تەماتە و هەنار و باینجانەکان". ئەم وێنەیە ئەگەرچی جەرگبڕە، بەڵام لە ڕووی وێنەی ڕۆمانەوە، ڕۆماننووس زۆر جوان کێشاویەتی، بیهێنە پێشچاوی خۆت، خوێنی سێ منداڵی دراوسێت تێکەڵ بە سەوزە و میوەی ئەو دوکانە بێ کە ڕۆژانێک سەردانت کردووە و میوەت لێی کڕیوە و منداڵەکانی خاوەن دوکانەکەت بە چاوی خۆت دیون، دەی هەر ئێستا وێنایەکی هاوشێوە لە مێشکدا دروست بکە و دووبارە ڕستەکەی سەرەوە بخوێنەوە!

لەنێو ئەو دۆخە خوێناوییەشدا ڕۆماننووس توانیویەتی خۆشەویستی لەبیر نەکات، ئەگەر بنووسە خوێن، خۆشەویستی و سێکسی تێدا نەبووایە، ڕەنگە ئەو کاریگەرییەی ئێستای نەدەبوو، لەوەیە خوێنەریش لە

چوونەپێشی ڕووداو و چیرۆکەکان بێزار بووبایە، ئەو لە یەک کاتدا خۆشەویستی و خوێنی تێکەڵ کردووە، ئەوە خۆشەویستییە دۆخی خوێناوی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە، بەڵام لە ڕاسیدا خۆشەویستی خۆی خوێن نییە. لەو وێنەیەدا ڕۆماننووس جوان ڕەخنەی پیاوی کوردی کردووە کە بە گومان بڕیار لەسەر زۆر شت دەدەن و هەر بە گومانیش کچ و ژنەکانی خۆیان دەکوژن، خۆشەویستیی شەهلا بۆ سامخان، پاشان بۆ ئەیوب، خۆشەویستیی نێوان گوڵخاتر و کەی قوباد، هەموویان بەیەکەوە ئاماژەن بۆ بەردەوامی ژیان و دۆڕانی ئەو پیاوانەی دژی خۆشەویستین، دەی شەکیب کاتێک دەزانێت گوڵخاتر دڵی بە کەی قوبادەوەیە، بۆچی دەستبەرداری نابێت؟ مەگەر لە واقیعیشدا چەند ژنی کورد بەمهۆیەوە کوژراون و ئێستاش کوشتن بەردەوامە. لێ ئەو ڕۆمانە لەنێو خوێنیشدا جێگەی شیاوی بۆ خۆشەویستی کردووەتەوە، ئاخر ئەگەر خۆشەویستی نەبێت، ژیانیش نابێت، ئەگەر ژیانیش نەبێت، ڕۆمانیش نانووسرێت! ئەو لەنێو خوێنیشدا پێت دەڵێت ژیان لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە بەردەوام دەبێت، پێت دەڵێت سێکس ئەو وزەیەیە هیچ کەس و دۆخێک ناتوانن ڕێگری لێ بکەن، سێکس ڕەگەز و ڕەنگ و تەمەنیش ناناسێت، کاتێک ئاگری سێکس دادەگیرسێت، بە هیچ ناکوژێتەوە. "گەرمییەک کە لە هیچ گەرمییەک ناچێ، تەڕییەک کە بە هیچ تەڕییەک ناچێ،

تەزوو و خرۆشێک بە دەمارە وردەکانی ئەو ژنە عەرەبە بەتەمەنەوە هاتە ناو لەشم، باوەڕم بەوە کرد تەمەن گەر کاریگەرییەکی بۆ جنسی ژن هەبێت، تەنیا شارەزا و ئازای دەکات". لەم وێنەیەی جووتبوونی نێوان مامۆستا چالاکی مێباز کە مێردی شەهلایە، لەگەڵ ژنە عەرەبێکی عێراقی، ئەوە دەخوێنینەوە تەمەن وزە و هروژمی سێکس کەمیش بکاتەوە، کۆتایی پێ ناهێنێت، ئەوەتا ژنە عەرەب لێی دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی مانگی جارێک سێکس بکەنەوە "بۆ خاتری خوا مانگی جارێک سەرم لێدە".

ئەیوب، یەکێکی ترە لەو کوڕانەی گەڕەک کە هێندە چووەتە قوڵایی ڕۆحی شەهلاوە، تەنانەت چاوی جگە لەو، هیچ ژن و کچێکی تر نابینێت، "ئەگەر دانیشتووانی سەر زەوی هەموویان ببنە ژن، هەمووشیان سینگ پان و سمت بەرز و مایینی بن، هەمووشیان شێت و شەیدای من بن، من لەگەڵ هەموویان دەنووم، لەگەڵ هەموویان جووت دەبم، هەموویان سواری خۆم دەکەم و سواری هەمووشیان دەبم، بەشی هەمووشیان دەکەم، بەڵام بە خەیاڵی شەهلاوە دەچمە لایان، هەر بە خەیاڵی شەهلاوە لە باوەشیان دەکەم". کەسێک کە یەکێکی خۆش دەوێت، جگە لەو کەسە، چاو و دڵی لەلای هیچ کەسێکی تر ئۆقرە ناگرن.

خۆشەویستیی سامخان لە دڵی شەهلادا هێندە قووڵە، تەنانەت هەر بەو خەیاڵەیشەوە دەچێتە باوەشی مێردەکەی، "دوو ساڵ زیاترە شەهلا بەنیازی سامخانی، بەنیازی چاوە کوندەبۆکانی سامخانی، لەژێر چالاک ڕادەکشێ، بەنیازی گەرم و گوڕی سامخانەوە دەچێتە ژێر لێفەکەی چالاکەوە، بەنیازی لێوە گۆشتن و هەڵوژەییەکانی سامخانەوە گاز لە باسکی ڕەق و بێ ڕووحی چالاک دەگرێت". ئەگەر هاوسەران یەکتریان خۆشنەوێت و بە ڕۆحەوە تێکەڵی جوڵە و هروژمی سێکس نەبن، ئەوکات ماڵ دەبێتە ئۆتێلێک و هیچ خۆشەویستی و ڕۆحێکی تێدا نابێت، دەبێتە ماڵەکەی چالاک و شەهلا، چالاک نموونەی ئەو پیاوانەیە پێش ئەوەی ڕۆحی ژن ببینن و تێکەڵی قووڵاییەکەی بن، جەستەی دەبینن، پێش ئەوەی ژن وەک خۆشەویستی سەیر بکەن، سێکسیان لێی دەوێت، بەمە پەیوەندیی نێوانیان دەبێتە ناچاری و بە خەیاڵی باوەشی ترەوە دەچنە نێو جێگە خەو و باخەڵەوە.

سێکس ڕووبەرێکی فراوانی ڕۆمانەکەی داگیر کردووە، هەندێجار دیمەنە سێکسییەکانی هێندە زەقن، ئەگەر گەنجێک بیخوێنێتەوە، ڕەنگە خۆی پێ نەگیرێت! حەمەسەعید حەسەن، نووسەر و ڕەخنەگری گەورەی کورد لەبارەی سێکس و ئیرۆتیک لەم ڕۆمانەدا دەڵێ: "سێکس لە ڕۆمانی (بنووسە خوێن)دا زیاتر ئاژەڵانەیە، وەک لەوەی ئینسانی بێت، پۆڕنۆگرافیایە، وەک لەوەی ئێرۆتیکا بێت".

خۆشەویستیی کەی قوباد و گوڵخاتر، نموونەیەکی ترە لە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە، لەمجۆرەیاندا خۆشەویستی سنووری جیاوازی و تێڕوانینی ئایینی مرۆڤ دەبەزێنێت، کەی قوباد، کوڕێکی کۆمۆنیستە، لە شەڕی عێراق و ئێراندا قاچێکی لەدەستداوە، گوڵخاتریش لە خێزانێکی ئایینییە، خوشکی مەلا و کادیرێکی ناوداری سەر بە ئیخوانە، گوڵخاتر دوای کوژرانی سێ منداڵەکە، بەزۆر دەدرێتە شەکیب، مەلای برای بە گوڵخاتر دەڵێت شەکیب پیاوێکی دیندارە و ئەوەی کردوویەتی بۆ خوای بووە، دەبێت شووی پێ بکەیت. لەگەڵ ئەوەی گوڵخاتر کەی قوبادی خۆشدەوێت، بەڵام لەژێر گەشاردا ڕازی دەبێت و دەچێتە باوەشی منداڵکوژێکەوە.

خۆشەویستیی کەی قوباد و گوڵخاتر دەلالەتە لەسەر ئەوەی کاتێک کچ و کوڕێک یەکتریان خۆشدەوێت، ئایین و هیچ شتێک ناتوانن ئەو هەستەیان لە ڕۆحدا بکوژن، شەکیب هێندە ڕقی لە خۆشەویستیی کەی قوباد و گوڵخاترە، ئەوکاتەی منداڵیان دەبێت، لەپێشچاوی شەکیبدا قاچێکی منداڵەکە ڕەنگی سپیی پلاستیکییە، لێرەدا گومانی شەکیب ئەوەیە منداڵەکەیان لە کەی قوبادە نەک خۆی، سەرەڕای هەموو هەڕەشەکانیش، خۆشەویستیی نێوانیان بەردەوام دەبێت، تەنانەت دوای ئەوەی شەکیب دەبێتە پیاوی دائیرەی ئەمن و ڕقئەستوورتریش دەبێت بەرانبەر کەی قوباد،

ڕۆژێکیان کەی قوباد ڕۆمانی "دایک"ی ماکسیم گورگی لایە، بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت، دەچێت زمانی لێ دەدات و دەڵێ کەی قوباد بەردەوام کۆبوونەوە بە گەنجان دەکات، ئەوەی جێی ڕەخنەیە، شەکیب، پیاوێکی ڕۆشنبیر نییە، چۆن زانی ئەو ڕۆمانە باس لە شۆڕش و هاندانی کرێکارانی ڕووسیا دەکات!

## ڕاپەڕین و سەرنجێک

لە بنووسە خوێندا دوو زەمەنی جیاواز لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ئامادەن، زەمەنێک ساڵانی هەشتاکانە، بەهۆی شەڕی عێراق و ئێران و هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوێت دەناسرێتەوە، زەمەنی دووەمیش دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستانە، ئەو بەشەی باس لە ڕاپەڕین و چۆنیەتی دەرکردن و کوشتنی ئەمنەکان بەدەستی پێشمەرگە و تەیراوەییەکانەوە دەکات، زۆر ورد گێڕدراوەتەوە، ڕاپەڕین، زۆر جوان وەسف کراوە، بەشی زۆری پیاوە جەلادەکانی ئەمن، بەدەستی پێشمەرگە و جەماوەرەوە دەکوژرێن و لەو باڵەخانەیەدا فڕێ دەدرێنە خوارێ کە گرتووخانەیش بووە، کەی قوباد و دەیان کادیر و ئەندامی ڕێکخستنەکانی حیزبە کوردییەکانی تێدا زیندانیکراوە و ئەشکەنجە و لەسێدارە دراون، بە تایبەتی کاتێک دەیەوێت قێزەونی ئەمنەکان

بگێڕێتەوە، هاتووە حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی بۆسەر ژنە کورد و کوڕە گەنجێکی کورد لەلایەن ئەمنەکانەوە زەق کردووتەوە، گرنگییەکەی ئەمەیش ئەوەیە پێویستە گەنج و نەوەی ئێستا لە ڕێگەی ڕۆمانەوە بزانن پێشتر چ ستەمکارێک حوکمی کورد و غەدریان لە کورد کردووە. لەوەشدا جوان ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە کاتێک خەڵک و حیزبەکان دەبنە سەدان گرووپ و دەستە و شەکیبیش دەبێتە یەکێک لە پیاوە دەسەڵاتدارەکان، ئەوەی جێی ڕەخنەیە، ڕۆماننووس تەنیا لایەنی خراپی ڕاپەڕینی باس کردووە، لەکاتێکدا یەکساڵ دوای ڕاپەڕینەکە هەڵبژاردن کرا و حکوومەت و پەرلەمان دامەزران و جۆرێک کیانی سیاسی لە کوردستاندا خوڵقا، دروستە ڕۆمان جیاوازە لە وتار و بابەتی سیاسی، بەڵام لە بنووسە خوێندا بە دیاریکراوی باسی ڕووداوەکانی ئەو سەردەم دەکات، کەوایە دەستی بۆ کەرەستەی مێژوویی بردووە، بۆیە ناکرێت باسی شەڕی ناوخۆ و شەکیب کە نموونەی ئەو جاش و خۆفرۆشانەی کوردە لەدوای ڕاپەڕینەوە دەسەڵاتییان لە حیزبە کوردییەکان وەرگرت و بوونەوە بە شت، باس بکات، کەچی باسی ئەزموونەکە بە گشتی نەکات، ئەمەیان تەنیا ڕەخنەی من نییە، هێندەی ڕەخنەیەکە پێویستە هەر کەسێک ئاراستەی بنووسە خوێنی بکات.

## تەکنیک و گێڕانەوە

بنووسە خوێن، تەکنیکێکی زۆر جوان و بە زمانێکی گێڕانەوەی ئاستبەرز، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و پەیوەندیی لەنێوان کارەکتەرەکان و دۆخە گشتییەکەدا دروستکردووە، وەسف و زمانی شیعریش هێندەی تر ڕۆمانەکەیان جوانتر کردووە، لێ هەندێ هەڵەی ڕێنووس و زمانەوانی و بەهەڵە بەکارهێنانی وشەی تێدان، وەک نموونە لەبری ڕفاندن، چەند جارێک فڕاندنی بەکارهێناوە، لەگەڵ چەندین نموونەی دیکەیش کە ئامانجی ئێمە هەڵسەنگاندنی هەڵەی ڕێنووس نییە، بەڵکوو بابەتێتی ڕۆمانەکەمان بەلاوە گرنگترە.

کارەکتەرەکانی، هەموویان بە جوانی توانیویانە مامەڵە لەگەڵ دۆخی ڕۆمانەکەدا بکەن و پەیوەندییان بەیەکەوە باشە و خاوەن چیرۆک و ڕووداوی تایبەت بە خۆیانن، ڕاستی ئەمە سەلیقە و وردبینی و زاڵبوونی دەسەڵاتی ڕۆماننووس لەبارەی دابەشکاری ڕۆڵ بەسەر کارەکتەرەکانیدا نیشان دەدات، هیچ کام لە کارەکتەرەکان نابنە شەکیب و مامۆستا چالاکێکی مێبازیش دەبێتە ئیسلامی، شیرین دایکی منداڵە کوژراوەکان لە ژنێکی میهرەبانەوە، پیاوکوژێکی لێ دەردەچێت، ئەیوب هەتا کۆتاییش هەر چاوی لە شەهلایە و پاشان لەنێو ئەو هەموو چاوەی کوڕان و پیاوانی گەڕەک، بۆ خۆی دەیبات، کەی قوبادیش لە گەرمەی ڕاپەڕیندا کاتێک

ئەمنەکان لە باڵەخانەکەدا فڕێ دەدرانە خوارێ، ئەو ئامۆژگاری ئاسۆی لاقەکراو دەکات لە تۆڵەکردنەوەی نائینسانی دوور بکەوێتەوە، ئەرێ بیرتانە مام جوبرائیل چۆنچۆنی توانی نهێنی شوێنی دوو تەرمەکە "نەک سێ تەرمەکە" ئەوەندە ساڵە لە دڵی خۆیدا بشارێتەوە، بۆچی دوو تەرم، ئەی شەکیب هەر سێ منداڵەکەی خۆی نەکوشتن؟

## ئاراسن زیندووە

یەکێک لە جوانییەکانی تری ئەم ڕۆمانە، شاردنەوەی تەرمەکانی سامخان و قەندەهار و عەبدولبارییە لە هەموو کەس، تەنانەت لە شیرینی دایکیشیان، مام جوبرائیل، پیاوێکی مەسیحییە، بە مەرجێک شەکیب ڕازی دەکات تەرمەکان ببات، نابێت لە گۆڕستانی موسڵمانان‌دا بیانێژێت، ئەویش هەر بەم بەیانییە زووە، هەر سێ تەرمەکە دەباتە زەوییەکەی پیر عیسۆ کە ئەویش پیاوێکی مەسیحییە، ڕاستییەکەی سێ تەرم نەبوون، بەڵکوو دوو تەرم و منداڵێکی لەهۆشچوو بوون، ئاخر لە سەروبەندی هەڵکەندنی گۆڕەکاندا، عەبدولباری دەکۆخێت و خوێناو لە قوڕگییەوە دەردەچێت، پاشان ئەو خێزانە مەسیحییەی عەنکاوە هەر بە نهێنی چارەسەری دەکەن و ناوەکەیشی لە عەبدولبارییەوە

بۆ ئاراسن دەگۆڕن، ئەمەیش وەک نهێنییەک تا نزیکەی حەوت ساڵ دەمێنێتەوە، دواجار لە ڕێگەی تێکەڵکردنی بە ئەفسانەیەکەوە، مام جوبرائیل شوێنی گۆڕەکانیان و پاشان زێندوویێتی ئاراسن ئاشکرا دەکات، بۆچی مەسیحی؟ ئاخر شەکیب بە تۆمەتێکی هێندە قورس، ئەو منداڵانەی کوشتن، هەموو کەس قێزی لەو خێزانە دەکردەوە، تەنانەت کەسوکاری شیرینیش دەستبەرداری بوون و بەتەنیا لەناو خەمدا جێی دەهێڵن، دەکرێت ئەمە ڕەخنەیەک بێت لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردی، بۆیە ئەو خێزانە مەسیحییە دروستکراوە و بەوپەڕی نهێنیپارێزییەوە ئەرکە مرۆییەکەی خۆیان جێبەجێ دەکەن، عەبدولباری گەورە دەکەن تا ئەو کاتەی شەکیب هێرش دەکاتە سەر ماڵەکە، بە ناوی ئاراسنەوە دەکوژرێت.

خوێنەر لە ڕێگەی ناسینی کارەکتەرەوە، دەتوانێت کۆدی هەر ڕۆمانێک ئاشکرا بکات، ئاخر کارەکتەرەکان هەموویان بەیەکەوە دۆخە گشتییەکە و تەواوی ڕووداوەکانی ڕۆمان پێک دەهێنن، بنووسە خوێن، چەندین کارەکتەری تێدایە، بە ناسینی هەر یەکەیان، جوانتر دەتواندرێت ئەو ڕۆمانە بناسین، چونکە کارەکتەرانی بنووسە خوێن، لەلایەن نووسەرەوە بە ئاگایی و سەلیقەوە خوڵقێندراون و بە جوانی ڕۆڵەکانی بۆ دابەشکردوون و لە ڕێی هەڵسوکەوت و گفتوگۆکانیانەوە چیرۆکەکانیان دەگێڕێتەوە، چارەنووسی

هەر یەکێک لەو کارەکتەرانەیش دەکرێت بە ناوەڕۆکی بنووسە خوێن وەسف بکرێت.

## شەکیب

شەکیب یان شەکیبە کوێر، شەکیبە شێت، پیاوێکی سەوزەفرۆشە، بەهۆی گومانێکەوە سێ منداڵی خۆی دەکوژێت، توندڕۆیە، دینداره، جگە لە تێرکردنی ئاڵوشی سێکسی، هیچ ڕێزێکی تر بۆ ژن دانانێت، دوای کوشتنی منداڵەکانیشی، هەمووان قێزی لێ دەکەنەوە، تەنیا مەلایەکی سەر بە ئیخوان نەبێت کە کارەکەی بە ئەرکێکی ئایینی دەزانێت و دەیگەڕێنێتەوە ناو خەڵک و گوڵخاتری خوشکیشی لێ مارە دەکات و لە ڕێکخستنەکانی ئیخوانیشدا ڕۆڵی پێدەدات تا ئەوکاتەی لە کاتی بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاوکراوەکانی ئیخوان و حەسەن بەننا و سەید قوتبدا لەلایەن ئەمنەکانی تەیراوەوە دەستگیر دەکرێت و ئەویش هەرچی نهێنی مەلاکە و ڕێکخستنەکانی ئیخوان هەن، هەموویان ئاشکرا دەکات و بەنهێنیش دەبێتە جاسووسی دائیرەی ئەمن، بەهۆی زانیارییەکانی ئەوەوە ئەمنەکان هێرش دەکەنە سەر مزگەوت و مەلاکە و لایەنگرانی ئیخوان دەستگیر دەکەن، ئیدی بەهۆی ئەو ڕووداوەوە شەکیب

ئاشکرا دەبێت، تەنانەت لە گرووتووخانەدا ئەمنەکان وا لە شەکیب دەکەن لەپێشچاوی مەلاکە کە برای گوڵخاتری ژنیەتی، دان بە سپڵەییەکەی خۆیدا بنێت و هەموو شتێکیان بۆ ئاشکرا دەکات، بۆیە لەناخەوە هەست بە شەرمەزاری دەکات، "وەک پەڕۆیەک سەگ میزی پێدا کردبێت، پشیلە بەسەریدا ڕشابێتەوە، بێزی لە خۆی دەکردەوە". دواتر مەلاکە و گرووپەکەی ئیخوان لەسێدارە دەدرێن، ڕاپەڕین دەکرێت، شەکیب دەسەڵات پەیدا دەکات و دەبێتە بازرگانیی کەلوپەلی دزراوی کوێت، شەڕفرۆشتن بە چالاکی مێردی شەهلا و کەی قوباد و خەڵکی گەڕەک، دەبێتە پیشەی، شەوێکیش هێرش دەکاتە سەر ماڵی مام جوبرائیل کە شیرینی ژنی یەکەم و ئاراسن لەوێ دەژین.

## مێردەکەی شەهلا

مامۆستا چالاک، مێردی شەهلایە، پێش ڕاپەڕین گەواد و مێباز بووە، دەزانێت هەموو گەنج و پیاوانی تەیراوە چاویان لەسەر ژنەکەیەتی، کەچی بێدەنگە، بگرە چێژی زیاتر لە جەستەی ژنەکەی وەردەگرێت، دوای ڕاپەڕین، دەچێتە ڕیزی ئیسلامییەکان و دەبێتە چەکدار، پیاوێکە هەموو مێشکی لای ژن و جووتبوون و مێبازییە، ئەو کارەکتەرە وەسفکردنی ئەو پیاوانەیە جگە لە سێکس، هیچ ڕێزێکی تر لە ژن نانێن،

تەنانەت بەبێ هەست و شعوری ژنەکەی، لەگەڵی جووت دەبێت و خۆی تێدا خاڵی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنانی عەرەب جووت بێت، جارێک دەچێتە شاری ناسریە، شەوەکەی لە هۆتێلێکدا کە نیوەی هەتیوبازن دەخەوێت، لەوێ پیاوێکی عەرەب لە تەنیشتی دەخەوێت، دیارە پیاوەکە شەو خۆی پێ ڕەحەت دەکات و بەیانییەکەیشی پێی دەڵێ وەرە لەگەڵ هەردوو کچەکەم بنوو، بەس سەعاتێک وەرە باخەڵم. مامۆستا چالاک برایەکی شەکیب دەکوژێت و لە تۆڵەی ئەوەشدا شەکیب دەستگیری دەکات و بەنزینی دەرخوارد دەدات و لەسەر فەرمانی شەکیبە شێت بە گوللەی گڕدار دەیکوژن.

## شەهلا

شەهلا، وێنای ژنێکی جوانی گەڕەکێکی میللییە، بەهۆی جوانییەکەیەوە گەنج و پیاوەکان هەموویان چاوی تێدەبڕن، دڵی بە مێردەکەوە نییە، بۆیە سامخانی خۆشدەوێت، دوای کوژرانیش ئەویش، لەگەڵ ئەیوب ناوێکدا ڕادەبێرێت، خوێنەر ئەگەر جوان دیقەت نەدات، وا دەزانێت لەشفرۆشە، ڕاستییەکەی شەهلا لەشفرۆش نییە، چونکە لەبری ڕابواردن، هیچ بڕە پارەیەک لە کەس وەرناگرێت، بۆیە تەعبیرە لەوەی

ژن کاتێک پیاوەکەی بە دڵ نابێت، دەیەوێت ئەو حەزەی خۆی لە ڕێگەی کەسی تر و خۆشەویستییەکی شاراوەوە تێر بکات، هەروەها تەعبیرە لەوەی ژنێکی لەمجۆرە دەکرێت گەڕەکێک بشێوێنێت و کارەساتی گەورەش بخوڵقێنێت، ئاخر ڕووداوی کوشتنی سێ منداڵەکە، بەهۆی هانکە هانکی شەهلا ڕوویدا.

## مام جوبرائیل و پیر عیسۆ

مام جوبرائیل و پیر عیسۆ، ئەو دوو پیاوە مەسیحین و وێنای دوو کەسی پیاوچاک و نهێنیپارێز و جێمتانەی خەڵکن و تەنانەت شیرینن، "مام عیسۆ بە چاوێکی پڕ ترس و پرسیارەوە سەیری مەیتەکانی کرد، مام جوبرائیل گوتی ئەو شێتە لە خوێنی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە و هەر سێکیان منداڵی خۆی بوون، جوبرائیل کە خەریکی داگرتنی مەیتەکان بوو، گوتی بەو مەرجە ڕێگەی داوە بیانهێنم لە گۆڕستانی موسڵمانان نەیانێژم، با ئەو مەلعوونە نەزانێ لە کوێشیان دەنێژین، چەند خێراتربین باشترە".

## کەی قوباد

کەی قوباد، وێنای کارەکتەرێکی ڕۆشنبیریی کۆمۆنیستە، تەعبیرە لە قوربانییەکی جەنگ و خۆڕاگریش، ئاخر کاتێک لەلایەن شەکیبەوە زمانی لێ دەدرێت، ماوەی چەند ساڵێک زیندانی دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش باوەڕی بە توندوتیژی نییە، لەسەر خۆشویستنی گوڵخاتر بەردەوام دەبێت، ئەو پیاوە نموونەی بەرەنگارییە لەگەڵ کۆنەپەرستی و توندڕۆیی، بە درێژایی ڕۆمانەکە لەگەڵ شەکیبدا لە ململانێدایە، سەرئەنجام خوێنەر وێنایەکی ناشیرینی شەکیب و جوانیی کەی قوبادی لەلا دروست دەبێت.

## شیرین

شیرین، ژنی یەکەمی شەکیب، دایکی سامخان و قەندەهار و عەبدولباری، ژنێکە دەشێ تەعبیر لە دۆخی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکات، ژنێک وێڕای سەختییەکان، کەچی کۆڵ نادات و هەمیشە بە ئومێدەوەیە، ئەو دوای نزیکەی حەوت ساڵ ئینجا گۆڕی منداڵەکانی دەدۆزێتەوە و دەزانێت کە عەبدولباری کوڕی لە ژیاندا ماوە، بۆیە ڕق وای لێ دەکات لە ژنێکی نەرمونیانەوە ببێتە پیاوکوژ، ئەو شەوەی شەکیب هێرشیان دەکاتە سەر، ئاراسن دەکوژرێتەوە، شیرینیش

بەدەستی خۆی، شەکیب دەکوژێت و دڵی دەردەهێنێت و دەیخوات، "شیرین دڵی شەکیبی دەرهێنا و بە خوێن و خوڕەوە، بە پێست و لینجییەوە بۆ دەمی برد و پڕ بە دەمی قەپی پێدا کرد، جۆگەلەی خوێن و ئاوێکی زەردی لینج بە لێو و شەویلاکیدا هاتە خوارێ و دەستی کرد بە جوینی و بە دەمی پڕ بە گۆشتەوە گوتی ئەو دڵە دەخۆم تا ئینسان لە شەڕەکانی دوورخەمەوە".

# دڵدارەکەم داعشە..

## تەنیا مردن لەوم جیا دەکاتەوە

"کاتێک شەپۆلی خۆشەویستی هەڵدەکات، خۆیشت نازانیت چۆن بەرەو کەناری خۆیت ڕاپێچ دەکات."

بۆ لاوازکردنی فیکری توندڕۆیی ئایینی و ڕێگریکردن له فریوخواردنی کەسانی ساویلکە، بە بەراورد بەو سەدان ملیۆن موسڵمان و زیاتر لە بیست وڵاتی عەرەبی، جیهانی عەرەبیی ئیسلامی، بیرمەند و ڕۆشبیری زۆر نین بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەبارەی ناساندنی فیکری توندڕۆی ئایینی لەلایەن گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە. لەسەر ئاستی دەوڵەتیشدا پرۆژەیەکی ستراتیژییان نییە، ڕاستە لەنێو جیهانی عەرەبیی ئیسلامیدا فەرەج فۆدە و هاشم ساڵح و جۆرج تەڕابیشی بە ئایین مەسیحی و محەمەد ئەرکۆن و عەبدولڕەزاق جوبران و چەندانی تر هەن، بە ڕژدی کاریان لەسەر ڕزگارکردنی ئایینی ئیسلام لە چنگ کەسانێک و گرووپە ئیسلامییەکان کردووە، بەڵام ئەو ژمارەیە لە ئاست ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەگوزەرێت زۆر نییە و وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبە زانستی و ڕەخنەییەکانیان سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی و توندڕۆیی ئایینی و هەوڵی ڕیفۆرمی ئایینی نەبوونەتە هۆی ئەوەی چەکەرەکردنی فیکری توندڕۆیی ئایینی لە وڵاتانی ئیسلامیدا نەک هەر وشک بکەن، بەڵکوو نەیانتوانیوە لاوازیشی بکەن.

بەشێک لەو بیرمەندانە مردن، کەچی فیکری توندڕۆیی ئایینی هێشتا لە پەرەسەندندایە و ڕێکخراوی قاعیدە و بزووتنەوەی تاڵیبان و داعش و بەرەی نوسرە بەرهەم

دەهێنێت، داعش لە ڕووی چەکدارییەوە لە عێراق و سووریا شکست دەخوات، بەڵام تاڵیبان دەستبەسەر ئەفغانستاندا دەگرێتەوە، کەوایە هەرچەندی کار لەسەر دۆزینەوەی سەرچاوەکانی وشککردنی فیکری توندڕۆیی ئایینی بکرێت، هێشتا کەمە، بەڕای من، لەو سۆنگەیەوە پێویستە پەنا بۆ ئەدەب و بە تایبەتی ژانری ڕۆمان ببردرێت، کە یەکێکە لە ژانرە هەرە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکان و نووسەر دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەندێشە و تێکەڵکردنی لەگەڵ ڕووداوە واقیعییەکاندا، وێنایەکی ئەوتۆ دروست بکات و ڕووی ڕاستی گرووپە توندڕۆکان و کاریگەریان لەسەر دەروونی خەڵک و ڕەوتی کۆمەڵگەدا بخرێتەڕوو، هەر هیچ نەبێت گرووپە تیرۆریستییەکان لەپێشچاوی خەڵکی ناشیرین بکرێن، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ڕەنگە وەزیفەی ئەدەب و بە تایبەتی ژانری ڕۆمان جیاواز بێت، بەڵام ئێمە کاتێک بەچاوی خۆمان دەبینین گرووپێکی وەک داعش لە ڕێگەی فریودانەوە ژیانی خەڵک و سەقامگیریی وڵاتانی ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە، لەم دۆخەدا گرنگی ڕۆمان لەوەدا دەبێت واقیعەکە بە تەکنیک و فۆرمی ئەدەبییەوە بۆ خوێنەر بگوازێتەوە.

ئەوەی ڕۆمانێک و فیلمێک و کارێکی هونەری دەتوانن بیکەن، ڕەنگە بە سەدان وتار و چەندین کتێبی لێکۆڵینەوە نەکرێت، ئەمە کەمکردنەوەی بەهای لێکۆڵینەوە زانستی و

شیکارییەکان نییە، بەڵکوو قسەکردنی ئێمە لەسەر ئەوەیە مادام ڕۆمان ژانرێکی باڵای ئەدەبییە و کاریگەری دروست دەکات، گرنگە دەیان و سەدان ڕۆمانی هاوشێوەی "دڵدارەکەم داعشە" بنووسرێن، ئاخر ژیان و چیرۆکەکانی لەیلا و عومەر حیجازی تەنیا پەیوەست نین بە کۆمەڵگەی میسرییەوە، بەڵکوو هی سەرجەم کۆمەڵگەکانی ناوچەکەیشن، چیرۆکێک نە یەکەمە و نە کۆتا چیرۆکیش دەبێت، ئاخر هێشتا توندڕۆیی ئایینی ماوە و خەریکی دانانی گەرای تازەیە.

ڕۆمانی "دڵدارەکەم داعشە" لە نووسینی ژنەڕۆماننووسی میسری، هاجەر عەبدولسەمەد، لە سێ بەش و چەند تەوەرێک پێکدێت، لەوانە خۆشەویستی و دۆخی ژنانی تەڵاقدراو لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی میسریدا و ژنانی فریودەری داعش و ژیان لە چنگ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش" و چەند بابەتێکی دیکەش، هەموویان بەیەکەوە دۆخێکی ترسناک لە کارێکی ئەدەبیدا دەخوڵقێنن.

لەیلا، تەمەنی سی ساڵە و کچی بازرگانێکی دەوڵەمەندی میسرییە، باوکی خاوەن کۆمپانیایەکی گەورەی ئۆتۆمبێلە لە قاهیرەی پایتەخت، خۆیشی لە کۆمپانیایەکدا وەرگێڕی زمانی ئەڵمانییە و ژنی مەحموود ناوێکە، ئەویش خاوەن کۆمپانیایە

و ژیانیان لەوپەڕی خۆشی و بەختەوەریدایە، خۆشەویستیی لەیلا و مەحموود بۆ یەکدی سنووری نییە و تا ئاستی خنکانیش لەنێو عیشقی یەکدیدا نغرۆبوونە. دوای گەڕانەوەی لە سەفەرێکی دەرەوەی وڵاتدا کە بۆ کارێکی بازرگانی چووەتە ئەوێ، لەپڕ شەوێک مەحموود نامەیەک بۆ لەیلای ژنی دەنووسێت و بەیانییەکەی لە ماڵ دەردەچێت، کاتێک لەیلا نامەکە دەخوێنێتەوە، بە پاساوی ئەوەی هۆکاری منداڵنەبوونیان بۆ مەحموود خۆی دەگەڕێنێتەوە، بۆیە خۆی بە شایستە نازانێت ژیانی ژنێکی گەنج بشێوێنێ و لە مافی دایکایەتی بێبەشی بکات، لە ڕاستیدا هۆکارەکەی ئەوە نییە، دواتر لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا لەیلا بۆی دەردەکەوێت مەحموود بە نهێنی ژنێکی تری هێناوە و منداڵیشی لێی هەیە. ئیدی لەو ڕۆژەوە لەیلا بەشێوەیەکی فەرمی دەبێتە ژنێکی تەڵاقڵادراو، وێڕای سەروەت و سامان و ناوبانگی خێزانەکەیان، کەچی ژیانی یەکسەر دەبێتە دۆزەخ، دۆزەخێک سەرئەنجام چارەنووسی لە ژنێکی پارەدار و بەڕێزەوە، دەکاتە داعشێک و قاچاغی وڵاتان، چۆن؟

وەک دەگوترێت ڕۆمان لە ڕێگەی فۆڕمێکی ئەدەبی و بە بەگەڕخستنی ئەندێشەوە، تیشک دەخاتە سەر واقیعی شار و ژینگەی نووسەر و دەوروبەرەکەی، ئاخر هیچ ڕۆمانێک بەدەر نییە لە واقیع، تەنانەت ئەوانەیشی گوایە ناچنە ئەو بازنەیەوە، هێشتا شتێک لە واقیعیان تێدایە، ئاخر ڕووداو و

کارەکتەرەکانی لەنێو کۆمەڵدان، کەوایە تەعبیر لە ژیانی خەڵک و ئەو وڵاتەیش دەکات، ڕووداوەکانی تێدا ڕوویانداوە و دەنووسرێنەوە.

ڕاستییەکەی تاوەکوو ئەم ڕۆمانەم نەخوێندەوە، پێموابوو دۆخی ژن لە میسردا بەهۆی شارستانێتی دێرین و پێگەی جوگرافی و کرانەوەیەی بەڕووی گەشتیاران و هونەر و ڕۆشنبیریی وڵاتەکە لەچاو عێراقدا باشترە، کەچی بۆ خۆی وێرانەیەکە سەدانجار لە عێراقیش خراپتر، ئەمەیش پەیامێکە دۆخی ژن لە وڵاتانی ئیسلامیدا چونکی تەنیا وەک کاڵایەکی سێکسی و بووکەڵەی دەستی پیاو سەیری کراوە، بەرەو خراپتر و خراپتر دەڕوات، ئاخر ئەو ڕۆمانە هێندە لەمێژ نییە نووسراوە و باس لە سەردەمی داعش لە ڕەققەی سووریا و مووسڵی عێراق و کەمێکیش شنگالی کوردستان دەکات، بەهۆی ئەوەی فۆکەسی نووسەر زیاتر لەسەر ڕەققەی سووریا بووە، کەمتر ڕووداوەکان پەیوەندییان بە عێراقەوە هەیە، کاتێک لەیلا هەڵدەخەڵەتێندرێت لە ڕێگەی تورکیاوە دەبردرێتە ڕەققەی سووریا، بۆیە باسی ئەو شوێنە لە چنگ داعش دەکات.

## هەڵاتن لە چنگ پیاو

دوای ئەوەی وەک ژنێکی تەڵاقدراو دەچێتەوە سەر کارەکەی، سەرۆکی کۆمپانیاکەی هێدی هێدی هەڵوێستی لەگەڵ لەیلادا دەگۆڕێت، بەجۆرێک لە جۆرەکان پێی دەڵێ دەتوانێت بەبێ هیچ ئیشکردنێکی زۆر و ماندووبوون دەوام بکات، ئەمە وەک گۆڕانکارییەکە بۆ لەیلا، بۆیە دووچاری شۆکی دەکات، ئاخر پێشتر ئەو سەرۆک کۆمپانیایە لەگەڵیدا زۆر توند و جیدی بووە، پاش ماوەیەکی تر ئیدی ئاڵۆشی سێکسی سەرۆکی کۆمپانیاکە دەگاتە ئەو ئاستەی داوای پەیوەندیی سۆزداری و سێکس لە لەیلای سی ساڵان دەکات، ئەویش ڕەتی دەکاتەوە و کارەکەیشی جێدەهێڵێت، بۆ ئەوەی خۆی ڕادەستی پیاوانی برسیی سێکس نەکات، چیرۆکەکەی بەردەوامە، بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەکی تر و سەرەتایەکی نوێ لە ژیانی لەیلا دەستپێدەکات، ژنەکان لێی دوور دەکەونەوە و پیاوەکانیش خۆی لێ نزیک دەکەنەوە.

سوها، ژنێکی خاوەن مێرد و منداڵە، دەستەخوشکی لەیلایە، ئەوان نزیکترین کەسی یەکترن و بە بەردەوامی لە گەڕان و پەیوەندیدان، پاش ئەوەی دەستلەکارەکەی هەڵدەگرێت، ڕۆژێک بۆ جەژنی لەدایکبوونی منداڵەکەی سوها، بەشداری ئاهەنگەکە لە ماڵی دەستەخوشکەکەی دەکات، لەوێدا شتی تر ڕوودەدات هەرگیز بە خەیاڵی لەیلا و سوهاشدا نایەت،

حازمی هاوژینی سوها بە بەرچاوی ژنەکەیەوە لە چواردەوری لەیلای بێوەژن دەسوورێتەوە و بە هیچ جۆرێک لێی دوور ناکەوێتەوە، بە هەرچی فێڵ و تەکنیکی پیاوانەیە بۆ خستنە داوەوە، خۆی لێ نزیک دەکاتەوە، دواجار هەم لەیلا و هەمیش سوها بە نیازی حازم دەزانن. سوها چەند جارێک داوا لە پیاوەکەی دەکات بچێتە ژوورێکی تر و کارەکانی خۆی لەوێدا بکات، چونکە بەهۆی بێوەژنبوونییەوە لە ناخەوە چاوی بڕیوەتە لەیلای جوان و دەوڵەمەند، نەک هەر ناڕوات، بەڵکوو زیاتر خۆی لێ نزیکتر دەکاتەوە، دوای ئەو ئاهەنگەش حازم بە سوها دەڵێ دەیەوێت پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ لەیلادا دابنێت، سوهاش بۆ پارێزگاریکردن لە ژیانی خێزانیان، سەرجەم پەیوەندییەکانی لەگەڵ لەیلای دەستەخوشکیدا لە دۆخێکی دەروونیی ناچاریدا دەپچڕێنێت و تەلەفۆنیشی لەسەر هەڵناگرێت، ئەمەیش هێندەی تر لەیلا بێزار و قەڵستر دەکات. وێڕای ئەم دوو ڕووداوە، لەیلا ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهۆی بێوەژنبوونی و خۆشەویستیی بێسنووری بۆ مەحموودی کۆنەهاوژینی، زیاتر قێز لە پیاو و لە کۆمەڵگە و ژیانی خۆی دەکاتەوە و خۆی لە ماڵەوە گۆشەگیر دەکات، لەپڕ عادلی باوکی و ئەیمەنی برای، پێشنیازی شووکردنی بە ئەحمەدی ئامۆزای بۆ دەکەن، ئەمەیش شۆکێکی ترە و لەیلا هێندەی تر تووڕە و دڵتەنگتر دەکات، بە پاساوی ئەوەی هیچ سۆزێکی بۆی نییە،

پێشنیازەکە ڕەت دەکاتەوە، لێ کەس گوێی بۆ ناگرێت و سەرئەنجام لەژێر گوشاردا ڕازی دەکەن شوو بە ئەحمەد بکات، کەچی پێش ئاهەنگی گواستنەوە، هەڵدێت بۆ نێو داعش.

## بەرەو بەهەشتەکەی داعش

گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە ڕێگەی چەندین کەناڵ و موژدەی بەهەشتەوە، ئینسان فریو دەدەن، ئەوان لەوەدا زۆر شارەزان لەوەی دەزانن چ پاساوێک بۆ هەڵخەڵەتاندنی بەرانبەر بەکاربهێنن، لە سەرەتای دەستبەسەرداگرتنی ڕەققە و مووسڵدا ناوبانگی داعش بووە تایتڵی زۆربەی زۆری میدیاکانی جیهان و بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی کەوتنە ژێر کاریگەری هەژموونی داعشەوە، بەوەی داعش ڕێکخراوێکی ئیسلامییە و لە سەرجەم وڵاتانی عەرەبیشدا بە ناڕاستەوخۆ بانگخواز و نوێنەری هەیە بۆ فریودان و پاشان خستنە نێو بازنەکانی داعشەوە. دڵدارەکەم داعشە، سوودی لەو تەکنیکانەی فریودان وەرگرتووە و بەهۆیەوە کچێکی بازرگان بەرەو ڕەققەی ژێر هەژموونی داعش دەنێرێت.

لەیلا، ئەو ڕۆژەی لەلایەن ژنێکەوە بە ناوی سەمیرە حوسێنی هاوئیشییەوە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی پێوەدەکرێت، ئەو تەلەفۆنە سەرەتای ژیانێکی تر بەڕووی لەیلادا واڵا دەکات، ژیانێک هەڵاتنە لە چنگ پیاو بۆ ژێر هەژموونی گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی، سەمیرە بەشی زۆری ڕووداوەکانی ژیانی هاوشێوەی لەیلان، ئەویش لەلایەن سەرۆکی کۆمپانیاکەیەوە بەهۆی گێچەڵی سێکسی کارەکەی جێهێشتووە و دۆخی دەروونیی لەیلاش بە تەواوی دەزانێت نزیکە لە داتەپین، سەمیرە خۆی بووەتە قوربانی و کەوتووەتە داوی گرووپەکانی داعشەوە، کەچی پێشنیازی چوونی بۆ ناو داعش دەداتە بناگوێی لەیلاوە، سەمیرە خۆی هۆکاری بڕیاری هەڵاتنی خۆی بۆ ناو داعش، قەیرەبوون و ستەمی پیاو و چاوتێڕینی نێرینەیە لە جەستەی و دەیەوێت لە کۆمەڵگەکەی هەڵبێت، بۆیە بە ئاسانی لەلایەن گرووپەکانی داعشەوە هەڵدەخەڵەتێندرێت، سەرئەنجام دوای بیرکردنەوەیەکی چەند ڕۆژە، لەیلا لەسەر پێشنیازی سەمیرە، بڕیار دەدات چاوی بە ئوم سەلمان کە کارەکەی فریودانی کچان و ژنان و پاشان سەرپەرشتیی گەیاندنیان بۆ ناو ڕێکخراوەکە دەکات، بکەوێت، ئوم سەلمان ژنێکە تەواو فێڵباز، هاجەری ڕۆماننووس ورد و جوان وەسفی کردووە، نیقاب دەکات و کەسێکی کاریزمایە لە ڕاگرتنی دڵی کچان و ژنان و ڕازیکردنیان بۆ ناو ڕێکخراوی داعش، ئاخر ڕێکخراوە

تیرۆریستییەکان بۆ فێڵکردن لە کچان و ژنان، هەموو تەکنیکەکان بەکار دەهێنن، ئەوەتا ئوم سەلمان چیرۆکی کچێکی تر کە پێشتر ڕەوانەی ناو داعشی کردووە، دەکاتە چیرۆکی خۆی و بۆ لەیلای دەگێڕێتەوە تاوەکوو لە ڕێگەی چیرۆکێکی ساختەوە سەرنجی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بە ئاسانی باوەڕی پێبکات و سۆزی بجووڵێنێت، دەزانێت چیرۆکی لەیلا نزیکە لە چیرۆکە ساختەکەی خۆی، بۆیە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت.

ئوم سەلمان بەو جۆرە چیرۆکی خۆی بۆ لەیلا دەگێڕێتەوە گوایە ئەویش ژنێکی تەڵاقدراوە، دوای ئەوەی بە پەیوەندیی سۆزداریی نێوان خوشکەکەی و پیاوەکەی دەزانێت، پیاوەکەیشی تاوەکوو خوشکەکەی مارە بکات، تەڵاقی دەدات، بەم چیرۆکە سۆزی لەیلا بۆ خۆی کێش دەکات و هاوکات پێگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی لەیلاش دەزانێت، بۆیە ئەو ڕێگەیەش بەکاردەهێنێ و پێی دەڵێ لەناو داعشدا ڕێز لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی دەگیرێت و کاری وەرگێڕانی زمانی ئەڵمانی پێدەسپێردرێت و خانووی تایبەت و مووچەی باشی دەدرێتێ و بە ئارەزووی خۆیشی دەتوانێت ئەو جۆرە جلە بپۆشێت کە دڵخوازی خۆیەتی. ئوم سەلمان هێندە وەسفی ڕێکخراوەکە دەکات، بەشێوەیەک وێنای بەهەشتێک لەپێشچاوی لەیلای بریندار‌دا دروست دەکات، دوای ئەو دیدارە، لەیلا ڕۆژ دوای ڕۆژ بە تامەزۆرییەوە چاوەڕێی

گەیشتەکە دەکات، سەرئەنجام ئوم سەلمان، لەیلا و ژمارەیەک کچی دیکە کە هەر یەکەیان چیرۆکێکی کۆمەڵایەتیان هەیە، بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ سووریایان بەڕێ دەکات.

## دۆزەکەخەی داعش

بەگوێرەی توێژینەوە و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان، زۆربەی ئەو کەسانەی لە ڕیزی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە نامێنن، جۆرێک پەشیمانبوونەوە دایاندەگرێت، بەوەی ژیانکردن لە ریزی ئەو ڕێکخراوانەدا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی تەنیا لە دوورەوە ناویان بیستراوە و باسیان دەکرێت، ئاخر زۆرێکیان بە پاساوی جیهاد و شادبوون بەهەشت، فریودراون و پاشان بوونەتە قوربانی یان بۆ هەمیشە بێچارەنووس ماونەتەوە، ئاخر مرۆڤ کاتێک تووشی بە تووشی ئەو گرووپانە دەبێت، ئیدی بە چاوی خۆی، دۆزەخێک دەبینێت و ڕێک وێنە ساختەکەی بەهەشت لەپێشچاوی و لە زاکیرەیدا پێچەوانە دەبێتەوە، بە تایبەتی پێگەی ژن لە ڕیزی داعشدا تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە سێکسییەکانی پیاوە، بە هەزاران کچ لە ڕیزی داعشدا دەستدرێژیان کرایە سەر و منداڵیان بوو، تەنیا نموونەی کەمپی هول لە سووریا بەسە بۆ ئەوەی بە تەواوی لەناوەڕۆک و پەیامی ئەو ڕۆمانە بگەیت. ژنانی نێو داعش

ئەوانەی دوای کەوتنی ڕێکخراوەکە بردرانە کەمپەکە، وێڕای ئەوەی زۆربەیان پیاویان نییە، بەڵام خاوەن منداڵن، ژیانیان بەهۆی هەڕەشەکانی داعش لەوپەڕی مەترسیدایە، نەخۆشی و پەتا و دەستدرێژی سێکسی تەنگی پێهەڵچنیون و لە ڕێگەی ڕێکخستنە نهێنییەکانییەوە داعش چەندان ژنی بە پاساوی ئەوەی لە بنەماکانی ئیسلامدا لایانداوە و گوێڕایەڵی یاساکانی ڕێکخراوەکەیان نەبوونە، کوشتوون و ئەشکەنجە داوە، وەک پێشتر بەرپرسانی کەمپەکە ڕایانگەیاندووە زۆربەی تاوانەکان لە ڕێگەی چەقۆوە ئەنجامدراون و ژنانێک کراونەتە ئامانج یاساکانی داعشیان فەرامۆش کردووە، هاجەر بەشێک لەو چیرۆکانەی گێڕاوەتەوە، بەڵام داعش زۆر لەوە ترسناکترە وەک لەوەی لەم ڕۆمانەدا ناسێندراوە.

دوای ئەوەی دەگاتە سووریا، لەیلا لە ماڵی ئەمیرێکی داعش کاری وەرگێڕان دەکات، بە جیاواز لە کچەکانی تر ئەو هێشتا دەستدرێژی سێکسی نەکراوەتە سەر، ئاخر ئەمیرەکانی داعش دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەوەوە پارەیەکی زۆر لە باوکی وەربگرن و وەک سەرچاوەیەکی داهات بۆ ڕێکخراوەکە سەرفی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لەیلا بێ ئەوەی خۆی بزانێت بارمتەیەکە تاوەکوو بە سەرکردە دەستگیرکراوەکانی داعشی بگۆڕنەوە، بۆیە تا ڕادەیەک ژیانی بە ئاسایی بەڕێدەکات، بەڵام لەپڕ ئیمەیلە کۆنەکەی کۆمپانیای دەکاتەوە و نامەیەکی لە سەمیرەوە بۆ نێردراوە و داوای لێ دەکات

بەپەلە خۆی دەرباز بکات و بگەڕێتەوە میسر، سەمیرە لە نامەکەدا باسی خۆی و کچەکانی تر دەکات کە کاری لەشفرۆشییان پێ کراوە و ئەمدەست و ئەودەستیان پێکردوون، بۆیە لە چنگیان هەڵاتووە و گەڕاوەتەوە میسر. وەکچۆن پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی سەمیرە لە میسر، سەرەتا ژیانێکی نوێی خستە بەردەم لەیلا و بەهۆیەوە گەیشتە سووریا، ڕێک ئەو ئیمەیلەش لە سووریاوە دووچاری دڕدۆنگی و بڕیاردانی بەپەلەی لەسەر هەڵاتنی بۆ میسر دروست دەکات، لێرەدا چیرۆکێکی خۆشەویستی هەیە، چۆن لەیلا عاشقی چەکدارێکی داعش بە ناوی عومەر حیجازی دەبێت و بەهۆی ئەو عیشقەوە ڕزگاری دەبێت.

## عیشق وەک ڕزگارکەر

خۆشەویستی کات و ساتی نییە، کاتێک شەپۆلی خۆشەویستی هەڵدەکات، خۆیشت نازانیت چۆن بەرەو خۆیت ڕاپێچ دەکات، لەیلا لە خەمی جیابوونەوەی پیاوەکەی و گێچەڵی سێکسی پیاوەکانی میسر هەڵات، بەڵام دووبارە تووشی بە تووشی عیشق دەبێتەوە، سەرەتا نێوانی عومەر حیجازی و لەیلا بە کێشە و ڕقلێبوونەوە دەستپێدەکات، ئاخر لەیلا بێ ئەوەی خۆی بزانێت، بەهۆی پێگەی باوکییەوە وەک

بارمتەیەک ڕێزلێگیراوە، بە هەڵەشەیی هەڵسوکەوت دەکات و عومەریش ئەرکی پاراستنی ئەوی پێسپێدراوە هەوڵ دەدات سنووری بۆ دابنێت، لێ ئەوە دەبێتە ناخۆشییان، دوای ماوەیەک لەیلا هەست دەکات عومەر ئەو کەسە خراپە نییە کە وای لێ تێگەیشتووە، هەر ئەوەیشە هۆکارەکەی هێدی هێدی نێوانیان ئاسایی دەبێت و سەرئەنجام دەبنە هاوڕێی یەکدی و دەردەدڵی خۆیان وەک دوو دڵی عاشق و بریندار بۆ یەکدی دەگێڕنەوە، پاشان عومەر و لەیلاش هەوڵی بەدەستهێنانی دڵی یەکدی دەدەن، دوای ئەوەی پەیوەندییەکەی نێوانیان دەگاتە قۆناغی سۆزداری، عومەر هەوڵی ڕزگارکردنی لەیلا لە چنگ ئەبوو سەیاف دەدات و بە پاساوی هاوسەرگیرییەوە بۆ مانگی هەنگوینی ماڵی ئەبوو سەیاف بەرەو شوێنێکی دوور جێدەهێڵن و لەوێوشەوە دەچنە یەمەن و پاشان لەیلا دەچێتە سعوودیە و عومەریش لەسەر سنووری یەمەن دەستگیر دەکرێت و دەبردرێتەوە لای ئەبوو سەیاف. وەک پێشتر نەخشەیان بۆی کێشابوو، لەیلا لە سعوودییە چەند مانگێک دەمێنێتەوە، لە ماڵی شێخێکدا وانەی ئەڵمانی بە کچەکەی شێخ و ئینگلیزیش بە منداڵی براکەی شێخ دەڵێتەوە، بۆ ماوەی چەند مانگێک هەموو ئێوارەیەک بۆ دیداری عومەر، دەچێتە دەروازەی مەلیک فەهد و چاو لە دەرکەوتنی عومەر دەگێڕێت، ئەو هەستی خۆشەویستییە ئەوەندە قووڵە، بێزار نابێت تا دواجار

عومەر دەردەکەوێت و لە سعوودییە عادلی باوکی و ئەیمەنی برایشی، داوا لە لەیلا دەکەن دەستبەرداری عومەری داعش بێت، لەیلا بە باوکی و براکەی دەڵێ: "بەڵام من خۆشمدەوێت و تەنیا مردن لەوم جیا دەکاتەوە".

وەک دوو هاوسەر دەچنەوە میسر، کچێکیان بە ناوی مەلەک دەبێت، عومەر بۆ خۆشاردنەوەی لە ئازارەکانی ئەو تاوانی کوشتنەی ژنێک لە شنگال، لەسەر پێشنیازی پزیشکێک و بە هەوڵی لەیلای خۆشەویستی، خۆی دەداتە دەست وێنەکێشان، بۆ ئەوەی چیتر وێنەی ژنە کوژراوەکەی شنگالی نەیەتەوە پێشچاو، پاشان عومەر لەپێشچاوی لەیلا و کچەکەی، لەلایەن گرووپێکی داعشەوە دەکوژرێت و مەلەکیش لەلایەن ئوم سەلمانەوە دەڕفێندرێت و دواتر لەکاتی ڕزگارکردنی مەلەکدا لەلایەن مەحموودی کۆنە خۆشەویست و پیاوی پێشوویەوە، ئوم سەلمان دەکوژرێت و مەلەکیش بۆ هەمیشە ڕزگار دەکات، دوای ئەو ڕووداوانە لەیلا و مەلەکی کچی دەچنە ئەڵمانیا و لەوێ نیشتەجێ دەبن، دوای ئەوەی دایکی دەمرێت، مەلەک لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا دەگەڕێتەوە میسر و لە فێستیڤاڵێکدا لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان چیرۆکی خێزانەکەیان دەگێڕێتەوە.

## بابەت و تەکنیک

دڵدارەکەم داعشە، ڕۆمانێکی واقیعی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و تاڕادەیەکیش فیکرییە، لە ڕووی تەکنیکەوە سادە و بە زمانێکی ئاسان ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەشی زۆری ڕووداوەکان بە خێرایی و بێ ڕەخساندنی هیچ ژینگەیەکی لەبار ڕوودەدەن. ڕۆماننووسی شارەزا بە ئاسانی ڕووداو ناخوڵقێنێ و کارەکتەرەکانی ناجووڵێنێت، بەدەستخۆت نییە هەندێک جار هەست دەکەیت ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی دەخوێنیتەوە تا ڕۆمانێک، سەرنجێکی تر، بابەت و دۆخی سەرەکیی ڕۆمانەکە ڕەخنەکردنی فیکری داعشیزمە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بەرەی نوسرەوە هەیە، زۆرجار بە باشە وەسفیان دەکات، لەکاتێکدا دەبوو هاوشێوەی داعش ڕەخنەیان بکات، ئاخر بەرەی نوسرەش هاوشێوەی داعشە و پێکهاتووە لە چەندان گرووپگەلی تیرۆریستی و توندڕۆی ئایینی، کەچی فۆکەسی ڕەخنەیی نەخستووەتە سەریان، ئەمەیش یەکێکە لە ڕەخنە هەرە قورسەکان لە ڕۆمانەکە، ناکرێت تۆ ڕەخنەی گرووپی تیرۆریستی داعش بکەیت و بەرەی نوسرە فەرامۆش بکەیت. لە شوێنێکیش ڕاسیزمبوونی ڕۆماننووس بە ئاشکرا لەبارەی قسەکردن بە زمانی عەرەبییەوە دەردەکەوێت، ئەمەیش خاڵێکی خراپە بۆ ڕۆمانێک کە ڕەخنەی کۆمەڵگە و گرووپە خراپەکارەکان دەکات، ئاخر لە بنەڕەتدا فیکری ڕاسیزمیش ئەگەر پەرە

بسەنێت، کارەکتەری توندڕۆی هاوشێوەی داعش لە بەرگی نەتەوەیی دروست دەکات.

ناڵێم ئەو شێوازە سادەیە بۆ ڕۆمان خراپە، تا ڕادەیەکیش چونکی ڕۆمان بۆ زۆرینە دەنووسرێت، تەکنیک و شێوازی سادەم بەلاوە پەسەندترە تا ڕۆمانێکی ئاڵۆز، بە تایبەتی ئێستا مرۆڤ بەهۆی سەرقاڵی بە کاری زۆر و شەڕی کۆمپانیاکانی سۆشیاڵ میدیا بۆ پەلکێشکردنی خوێنەر و بینەر بۆ لای ئەپەکانیان، کاتی ئەوەی نییە دوو تا سێجار ڕۆمانێکی ئاڵۆز بخوێنێتەوە و ئینجا لە پەیامەکەی تێبگات! بەڵام بەو مانایەی سادەییەکەی نەبێتە هۆی بزربوونی بابەتییێتی ڕۆمان. ڕۆمانی دڵدارەکەم داعشە، لە ڕووی بابەتییەوە پێرفێکتە کە هاجەر دەستی بۆ یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگ و پێویستییە هەنووکەییەکان بردووە، ئاخر گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە هەموو کەناڵێکەوە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی فریودانی خەڵک دەدەن، ئەو ڕۆمانەیش بەشێک لە تەکنیک و هەوڵەکانی ئەو گرووپانەی ئاشکرا کردووە بە تایبەتی فریودانی ژنان بۆ ڕیزی ڕێکخراوە توندڕۆکان، بۆیە ئەم بابەتە بووەتە چەق و دۆخی سەرەکیی ڕۆمانەکە.

لەگەڵ ئەوەیشدا بە وردی و لە ڕوانگەیەکی مرۆییەوە بابەتی هەڵوێست و ڕوانگەی کۆمەڵگەی میسری بۆ کچی گەورە و

ژنی تەڵاقدراو "بێوەژن" شی دەکاتەوە، ڕۆماننووس لە ڕێگەی چیرۆکە خەمناکەکانی لەیلاوە ڕەخنەی کۆمەڵگە و چڵێسی و گێچەڵی پیاوان دەکات کاتێک ژنێک یان بێوەژنێک لێیانەوە نزیکە ئینجا لە شوێنکار بێت یان هاوڕێ، چاوی تێدەبڕن و بە هەر جۆرێک بێت دەیانەوێت دەستەمۆی بکەن و حەزی ناوگەڵیانی تێدا بەتاڵ بکەنەوە، بۆ ئەوەیش باکیان نییە هەرچییەک ڕووبدات و چارەنووسی ژنەکە چی دەبێـت، بەلای ئەوانەوە تەنیا دامرکاندنەوەی کێریان گرنگە، ئەو ژن و بێوەژنانە وەک کاڵا دەبینن، هاجەر پێمان دەڵێ ژنان تەنیا لە ڕوانگەی سێکسەوە سەیر دەکرێن.

لەیلا چووە ناو داعش و لە دەزگەی ڕاگەیاندنی ئەوانیش کاری کرد، کەچی هەرگیز نەبووە داعش و بۆ یەک چرکەش هەستم نەکرد لە ڕووی ڕۆحییەوە بە تەواوەتی فیکری توندڕۆیی داعشی قەبووڵ کردبێت، بۆچی؟ ئاخر لەیلا بەهۆی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان و لە ناچارییەوە خزایە ناو ئەو گرووپانەوە و سەرئەنجام بە ماوەیەکی کەم بۆی دەردەکەوێت هەڵخەڵەتێنراوە و بەپەلە دەگەڕێتەوە ناو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەکەی خۆی، تەنانەت ئەگەر دەستگیریش بکرێت، هێشتا ئەوەی پێ باشترە تاوەکوو لەناو داعشدا بمێنێتەوە.

خاڵێکی دیکەی ڕۆمانەکە، زۆر جوان ئیشی لەسەر کردووە، ئەویش بابەتی خۆشەویستییە، بەو جۆرەی کاتێک خۆشەویستی کڵپە دەسەنێت، سنوور ناناسێت و لە هەر شوێنێکدا بێت و بۆ هەر کەسێک بێت، دڵ لێ دەدات و گڕ دەگرێت، خۆشەویستی نێوان لەیلا و عومەر حیجازی، بەشێوەیەکە خۆشت نازانیت خۆشەویستی چۆن و لە کوێ دێت و لەگەڵ خۆیدا دەتبات و ژیانت دەگۆڕێت و دەلاقەیەکی ترت بەڕوودا دەکاتەوە و لێیەوە دەتوانیت سەیری ئاسۆی ژیانت بکەیت، لەیلا تاوەکوو مردیش، هەرگیز کۆڵی نەدا، وێڕای ئەو هەموو سەختی و دەردەسەرییەی ژیان و هەڵاتن لە چنگی پیاوەکانی کۆمەڵگە، کەچی ئەو توانی منداڵە بچووکەکەی کە لە دڵدارێکی داعشە، بەبێ باوک لە دووره وڵات پەروەردە بکات و دوای ٢٢ ساڵ و پاش مردنی خۆی، بەسەربەرزییەوە بیگەڕێنێتەوە وڵات، بەڵام بە شێوەیەک ئیدی مەلەک بووەتە مرۆڤێکی ئاسایی و هیچ پەیوەندییەکی بە فیکری داعشەوە نییە، مەلەک لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی لەپڕ و چاوەڕواننەکراوی لەیلای دایکی و عومەری باوکی کە لەنێو بارەگەیەکی داعش لە سووریادا سەرهەڵدەدات و لە وڵاتی خۆیان لە میسر لەدایک دەبێت، پەیامێکە خۆشەویستیی ڕاستەقینە بەرهەمی باشی لێدەکەوێتەوە و ڕوانگەی مرۆڤ بۆ ژیان دەگۆڕێت، ئاخر ئەو کچەی بەشێکی تەمەنی لە ژینگەی داعشدا ژیا و

بەشەکەی تری لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژئاواییدا، کاتێکیش دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی، ئەو کەسێکی پێگەیشتوو و پێشکەوتوو و پەروەردەکراوە، ئەمە پەیامێکە مرۆڤ کاتێک لە چنگ هەر گرووپێکی تیرۆریستی و توندڕۆی ئایینی ڕزگاری دەبێت، ئایندەیەکی باش باوەشی بۆ دەکاتەوە، خۆ ئەگەر مەلەک لە ماڵەکەی ئەبوو سەیياف و لە ڕەققەدا لەدایک بووایە و لەوێ بژیابووایە، دەکوژرا یان لە کەمپی هولدا دەبوو، دوور نییە بە چەقۆی ژنەداعشێک سەری ببڕدرایە. بە گشتی دڵدارەکەم داعشە، لە ڕوانگەیەکی مرۆییەوە، پەردە لەسەر ڕوانگەی سێکسییانەی پیاوی میسری بۆ جەستەی ژن و خراپییەکانی فیکری توندڕۆیی ئایینی و داعش هەڵدەداتەوە.

**سەرچاوە:**

دڵدارەکەم داعشە/ ڕۆمان/ هاجەر عەبدولسەمەد/ وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حەسەن یاسین/ نۆرەی چاپ: ٢٠١٩.

# دڵدار و سەربەخۆیی

# لە "ئەو هاوارەی نەبیسترا"دا

"لە ڕۆمانی بایۆگرافیاییدا گرنگە بابەتیبوون بەسەر تەکنیکدا زاڵ بێت، لە سۆنگەی ئەوەی ئامانجی ڕۆمانەکە خستنەڕووی ژیانی کەسێکی دیاریکراوە نەک نیشاندانی تەکنیک."

لە تەک جۆرەکانی ڕۆماندا، ڕۆمانی ژیاننامە "بایۆگرافیا" گرنگییەکی تایبەتی هەیە و کارێکی هێندە قورسە، دەشێ هەندێک ڕۆماننووس نەتوانن یان نەیانەوێت خۆیان لە ئاستیدا ببیننەوە، ئاخر بۆ گەڕان و کۆکردنەوەی زانیاری، لەبارەی کەسایەتییەکی مێژوویی کە ڕۆماننووس دەیکاتە کەرەستە و چیرۆکی سەرەکیی ڕۆمانەکەی، پێویستی بە کاتێکی زۆر دەبێت، گریمان سەرجەم زانیارییەکانیش لەبارەی ئەو کەسەوە بەردەست بوون، هێشتا بەکارهێنانیان لە دووتوێی ڕۆمانێکدا ئاسان نییە! ئاخر ڕۆماننووس کاتێک بڕیار دەدات ژیانی کەسایەتییەکی مێژوویی، ئینجا سیاسی، ئەدیب یان شاعیر بێت، لە ڕێگەی ڕۆمانەوە جارێکی تر زیندوو بکاتەوە و بیخاتەوە پێشچاوی خوێنەران، پێویستی بە وریایی و دروستکردنی دۆخێکی ئەوتۆ دەبێت، زانیارییەکانی لەبارەی کەسایەتییەکەوە بەشێوەی ڕۆمان بن نەک تەنیا ڕیزکردنی زانیاری بن و چیرۆکەکانی بەشێوەی وتار باس بکرێت، ئەگەر ڕۆمانی ژیاننامە بەشێوەی وتار یان یاداشت، ڕووداو و سەربوردەی کەسایەتییەکە بگێڕێتەوە، ئەوکات خوێنەر ناچار نییە کاتێکی زۆر بە خوێندنەوەی ڕۆمانێکی لەمجۆرە خەرج بکات، دەتوانێت لە وتارێکدا کۆی زانیارییەکان بە ماوەیەکی کەمتر و ئاسانتریش بەدەست بهێنێت. بۆیە ڕۆمانی ژیاننامە گرنگە، چونکی کۆی زانیارییەکان لە بەرگی ژانرێکی ئەدەبیدا و بە تێکەڵکردنی

ئەندێشەی نووسەر دەگێڕدرێتەوە، ئەمەیش بەو مانایە نییە ڕۆمانی بایۆگرافیا زانیارییەکان لەبارەی کەسەکەوە بشێوێنێت، بە پێچەوانەوە دەبێت ئەمانەتی زانیارییەکان وەک ئەوەی هەن و ڕوویانداوە، پارێزراو بن، بەڵام بە ژانری ئەدەبی بگێڕدرێنەوە کە لێرەدا مەبەستمان ڕۆمانە.

نزیکایەتییەکی یەکجار زۆریش لەنێوان ڕۆمانی مێژوویی و ڕۆمانی بایۆگرافیاییدا هەیە، لە هەردوو جۆریاندا، ڕۆماننووس تەنگەبەر و کۆڵانە تاریک و ڕووناکەکانی زەمەنی ڕابردوو بەسەردەکاتەوە، ئینجا ڕووداوەکان تاک یان گشتی بن، لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین مەرج نییە هەر ڕۆمانێک بۆ ڕابردوو گەڕایەوە، مێژوویی یان بایۆگرافیایی بێت، لە ڕۆمانی مێژووییدا تاکە کەسێک نەکراوەتە چیرۆکە سەرەکییەکە، بەڵکوو دۆخ گشتییە و ڕووداوەکەش هیی کۆمەڵە کەسێک یان ڕووداوێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جەنگە لە کۆمەڵگەیەکدا، وەک نموونە، کاتێک ڕۆماننووس ڕووداوێکی وەک ڕاگەیاندن و پاشان کەوتنی کۆماری مەهاباد دەگێڕێتەوە، ئەمە بێ ئەملاوئەولا دەچێتە چوارچێوەی ڕۆمانێکی مێژووییەوە، ڕووداوە سەرەکییەکە تەنیا تاکە کەسێکی بەسەرنەکردووەتەوە، بەڵکوو باس لە ڕووداوێکی مێژوویی میللەتێک دەکات، نموونەی ڕۆمانێکی کوردی کە دەچێتە چوارچێوەی ڕۆمانی مێژوویی دەهێنینەوە، ئەویش "مژاباد"ی جان دۆستە، ئەو ڕۆمانە باس

لە دروستبوونی کۆماری مەهاباد و پاشان کەوتن و لەسێدارەدانی قازی محەمەد و ژمارەیەک وەزیر و هاوڕێ و هاوکارەکانی قازی دەکات کە لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێرانەوە، کۆمارەکە سەرکوت دەکرێت و قازی و هاوڕێکانیشی لەسێدارە دەدرێن. ئەگەر جان دۆست تەنیا کەسایەتیی قازی محەمەدی وەربگرتایە و وەک ڕۆمان ژیانی بگێڕابووایەوە، ئەوکات دەبووە ڕۆمانێکی بایۆگرافیایی، واتە ئەوەی ڕۆمانی مێژوویی لە ڕۆمانی ژیاننامە، وێڕای ئەوەی هەردوو جۆریان ڕابردوو دەکەنە کەرەستەی ڕۆمان، جیا دەکاتەوە، ئەوەیە ڕۆمانی مێژوویی ڕووداوەکەی گشتگیرە و تایبەت نییە بە تاکە کەسێکەوە، بەڵام لە ڕۆمانی بایۆگرافیاییدا ڕۆماننووس لە ڕێگەی چیرۆکخوانێکەوە زۆرجار ژیانی تاکە کەسێک دەکاتە هەوێن و ڕەگەزی سەرەکی ڕۆمانەکەی. وەک نموونە ڕۆمانی "ئەو هاوارەی نەبیسترا"ی ڕۆماننووس ئارام محەمەد، ژیانی منداڵی و هەرزەکاری و گەنجێتی و شاعیری و پاشان سیاسیبوونی دڵدار دەگێڕێتەوە، دەچێتە چوارچێوەی ڕۆمانێکی بایۆگرافیایی، ڕاستە باسی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ساڵانی بیستەکان و کۆتایی چلەکانی کۆیە و کوردستان دەکات، کەچی هێشتا ناتوانین بڵێین مێژووییە، ئاخر ڕۆمانی بایۆگرافیایی ژیانی تاکە کەسێک وەک دۆخی سەرەکی وەردەگرێت و هەرچی کارەکتەر و ناوی تر لە ڕۆمانەکەدا هەبن، لە خزمەت

بایۆگرافیای کەسێکی دیاریکراودا دەبن، زەینەب و ئاسەف دوو کارەکتەری زیندووی ناو ڕۆمانی "ئەو هاوارەی نەبیسترا"ن، کەچی ڕۆمانەکە تایبەتە بە دڵداری شاعیرەوە.

بە گوێرەی ماڵپەڕی ویکیپیدیا، یونس کوڕی مەلا ڕەئووف کوڕی مەلا مەحموود، ناسراو بە دڵدار، لە ساڵی ١٩١٨ لە شاری کۆیە لەدایکبووە و لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا، لە ساڵی ١٩٤٨ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. دڵدار وێڕای ئەوەی لە تەمەنێکی بچووکدا گیانیلەستداوە، کەچی جگە لەوەی شاعیرێکی ناودار بووە بە تایبەتی لە شاری کۆیەدا، هاوکات پارێزەر و چالاکوانێکی سیاسیی کوردیش بووە،

ڕۆمانی "ئەو هاوارەی نەبیسترا" وێڕای ئەوەی بە زمانێکی سادە و جوان نووسراوە، کەچی تەکنیکەکەی بەشێوەیەکە بەڕای من ڕەنگە بۆ ڕۆمانێکی بایۆگرافیایی پێویست نەکات، لە ڕۆمانی بایۆگرافیاییدا گرنگە بابەتیبوون بەسەر تەکنیکدا زاڵ بێت، لە سۆنگەی ئەوەی ئامانجی نووسەر خستنەڕووی ژیانی کەسێکی دیاریکراوە نەک نیشاندانی تەکنیک، ئەگەر بڕیار بێت لە ڕۆمانی ژیاننامەدا کەسی واقیعی (ئەو کەسەی ڕۆمانەکەی لەبارەوە دەنووسرێت) بکرێتە قوربانیی تەکنیک، دەپرسین چ پێویست دەکات هەر ڕۆمانیشی لەبارەوە بنووسرێت؟ ئەو هاوارەی نەبیسترا، لە پێنج ڕۆژ و چوار بەش پێکهاتووە، پێنج ڕۆژەکە تایبەتە بە قوتابییەکی زانکۆ

دەیەوێت بەشداری کۆنفرانسێک لەبارەی دڵداری شاعیرەوە بکات، بەڵام ناتوانێت، هەر لەو پێنج ڕۆژەدا هەندێک وێستگەکانی ژیان و مردنی دڵدار ئاشکرا دەکات، بە ڕای من، ئەگەرچی زمان زۆر سادەیە، سەرەڕای ئەوە نەیتوانیوە خوێنەر بە باشی تێبگەیەنێت، لە چوار بەشەکەشدا ژیانی دڵدار لە کۆیە و چوونیان بە خانەوادەوە بۆ ڕانیە و هەولێر، پاشان دڵدار دەچێتە بەغدا و کەرکووکیش، جگە لە شیعر بەشداری سیاسی و پاشان دروستکردنی ڕێکخراوی دارکەر کە دواتر ناوەکەی بۆ حیزبی هیوا دەگۆڕدرێت، بەسەردەکاتەوە.

پێش ئەوەی ڕەخنە یان سەرنج لەسەر ڕۆمانەکە بخەینەڕوو، ئەم خاڵەیان زۆر زۆر گرنگە ڕۆمانێک لەسەر ژیانی دڵداری شاعیر نووسراوە، بە تایبەتی ڕۆماننووس بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی زۆر گەڕاوە و دەیان دیداریشی کردووە تاوەکوو توانیویەتی زانیارییەکان کۆبکاتەوە و پاشان وەک کەرەستەی ڕۆمانەکەی بەکاریان بهێنێتەوە. خاڵێکی گرنگتر لەوەیش ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەو ڕۆمانەیەوە توانیویەتی دڵدار لەگەڵ ئەوەی شاعیر بووە و خاوەنی شیعری ئەی ڕەقیبە کە بەلای کوردەوە ئەو شیعرە زۆر گرنگە و یەکێکە لە شیعرە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و ئێستاش وەک مارشی نەتەوەیی لە ڕێوڕەسمە نەتەوەیی و سیاسی و هونەرییەکاندا لێدەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دڵدار وەک

چالاکێکی سیاسی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی سیاسیی کوردی بە خوێنەرانی ڕۆمان ناسێندراوە، گرنگی ئەو خاڵە لەوەدایە زۆر کەس هەن، بە سرووشت حەز بە خوێندنەوەی بابەتی مێژوویی ناکەن، بەڵام کاک ئارام توانیویەتی لە ڕێگەی ئەو هاوارەی نەبیسترا، جۆش و خرۆشی دڵدار بۆ کوردایەتی و هەوڵەکانی بۆ سەربەخۆیی کوردستانی ئەوکات، دەربخات و خوێنەریش لەگەڵ خۆیدا پەلکێش بکات.

هاوڕێی نزیکی شاعیری نیشتمانپەروەر و سەربەخۆخوازیی کورد "عەونی" بووە، وەک سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن بەهۆی ئەوەی عەونی لە ڕووی شیعری و زۆر لایەنی ترەوە لەپێش دڵدارەوە بووە، بەمهۆیەوە دڵدار کەوتووەتە ژێر کاریگەری عەونییەوە، ئەگەرچی ڕۆمانی ئەو هاوارەی نەبیسترا، باسی پەیوەندیی نێوان عەونی و دڵداری شاعیری کردووە، بەڵام غەدر لەو پەیوەندی و نزیکایەتییە قووڵەی نێوان ئەو دوو هاوڕێ شاعیرەی کۆیە کراوە، لە ڕۆمانەکەدا عەونی وەک پێویست ناوی نەهاتووە، لەکاتێکدا دەبوو بە بەردەوامی ناوی بێت، ئاخر ناکرێت تۆ ڕۆمان لەبارەی دڵدارەوە بنووسیت و عەونی پەراوێز بخەیت، فۆکەسی ئێمە بۆیە زۆر لەسەر عەونیی شاعیرە، چونکە هەردووکیان شاعیری یەک سەردەم بوونە و لە کۆیەی ئەوسادا شاعیران و ڕووناکیرانیش بە ئاسانی دەیانتوانی ئاشنایەتی لەگەڵ یەکتردا

پەیدا بکەن، وێڕای ئەوە عەونی، هاوڕێی باوکی دڵداریش بووە، وەک لە ڕۆمانەکەیشدا ئاماژە بەو هاموشۆیەی نێوانیان کراوە، کەچی سەرپێیی باسی لێوەکراوە و لە ڕۆمانەکەدا وەک ئەوەی لە ژیانی واقیعی دڵدار و عەونیی شاعیردا هەبووە، ڕەنگی نەداوەتەوە.

ئەو هاوارەی نەبیسترا دەیتوانی سوود لە کەسایەتی و شیعرەکانی عەونیش بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی خودی ڕۆمانەکە و ژیانی دڵداری شاعیر و سەردەمەکە وەربگرێت، ئەرێ بۆچی عەونی یەکێک لە پاڵەوانە سەرەکییەکان نەبوو؟ دەکرا لە چاویلکەی عەونییەوە زۆر شت کەشف بکرێت و دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەوکاتی کۆیە و کوردستان زیاتر ئاشکرا بکرێت، ئەو هاوارەی نەبیسترا زۆر باسی لایەنی سیاسیی دڵداری کردووە، بەڵام عەونییش زیاتر لە دڵدار لە خەمی بابەتە سیاسی و پرسە نەتەوەییەکانی کورددا بووە، لەو سۆنگەیەوە دەبوو زۆر بە وردی ژیانی سیاسی و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی عەونییش لە پاڵ دڵداردا باس بکرێت، ئاخر ئێمە باس لە ڕۆمانێک دەکەین تیشک دەخاتە سەر قۆناغێکی دیاریکراو و ژیاننامەی شاعیرێک دەگێڕێتەوە، خۆ دەبێت هاوڕێ هەرە نزیکەکانی دڵدار کە شاعیرەکەیە فەرامۆش نەکرێن، ئەمەیان بۆ دەوڵەمەندی

ڕۆمانەکە گرنگ بوو، ئەگینا دروستە ئەو هاوارەی نەبیسترا لەبارەی دڵدارەوە نووسراوە.

ئێمە باسی سەرجەم هاوسەردەمانی دڵدار ناکەین، مەرج نییە ڕۆماننووس ناوی هەموو هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی دڵدار بهێنێت، بەڵام بۆ عەونیی شاعیر ئەمە بابەتێکی ترە و دەبوو وەک ئەوەی لە واقیعدا چۆن بووە، بەمجۆرە لە ڕۆمانەکەیشدا ڕەنگ بداتەوە، دیارە وەک پێویست ناوی نەهاتووە، کەچی ئاسەفی برای و زەینەبی خوشکی دڵدار سێبەرێکی قورسن بەسەر شانی دڵدارەوە تا ئەو ئاستەی هەندێ کەڕەت تۆ وا دەزانیت زەینەب کەرەستەی سەرەکی ڕۆمانەکەیە نەک دڵدار! ئەمە خاڵێکی نەنگییە بۆ ئەو هاوارەی نەبیسترا، ئاخر ئەگەر ئێستا دڵدار خۆی زیندوو بکەیتەوە و ڕۆمانەکەی بخەیتە بەردەست و پێی بڵێیت ئایا ڕازییت لە کاک ئارام کە هاوڕێ نزیکەکەت و شاعیرە ناودارەکەی ئەوکاتی کۆیە و کوردستانی بەمجۆرە خستووەتە ناو ڕۆمانەکەیەوە؟ دەڵێ نەخێر!

وێڕای سەرنجەکان، ئەو هاوارەی نەبیسترا، پڕێتی لە زانیاری ورد و دەکرێت وەک سەرچاوەیش بۆ قسەکردن لەسەر دڵداری شاعیر بەکاربهێندرێت، هەر خۆی ڕۆمانی مێژوویی و بایۆگرافیایی، ڕۆمانی ئاسایی نین، بە تایبەتی لە بایۆگرافیادا سەرچاوەی کەمتر بۆ کەرەستەکانی ڕۆمان لەبەردەستدان،

خوێنەر کاتێک ئەو ڕۆمانە دەخوێنێتەوە، ئەگەر نەختێک ویژدانی هەبێت و سەرنجەکانی بەلاوە بنێت، دەبێت دەستخۆشی لە ڕۆماننووس بکات بەوەی توانیویەتی زانیارییە ئاساییەکان بە شێوەی ژانرێکی ئەدەبی بخاتە بەردەم خوێنەرەوە، ئینجا ڕۆمانیش لەسەر دڵدار کە سەربەخۆیی نەتەوەکەی و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی کورد لە خوێنیدا فیچقەی کردووە، ئەمە بۆ خۆی کارێکی مەزنە و دەبێت ئەو ڕۆمانە وەک ڕێچکەیەکی تر کاریگەریی خۆی بۆ نووسینی دەیان ڕۆمانی دیکە سەبارەت بە کەسایەتییەکانی تر و تەنانەت خودی دڵداریش هەبێت، ڕاستە کەرەستەکانی ژیانی دڵدار بۆ ئەم ڕۆمانە و هەر ڕۆمانێکی تر هەمان شت و شوێن و ڕووداون، لێ هەر ڕۆمانێک تەکنیک و دۆخ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بە شێوەی تایبەت ڕووداو و چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە، بۆیە خوێندنەوەی هەمەجۆر بۆ ڕۆمان دەکرێن و ناتوانین لەسەر یەکجۆر قسە یان ڕەخنە لەبارەی ڕۆمانێکی دیاریکراوەوە ڕێکبکەوین، ڕەنگە ئەو سەرنجانەی ئێستای منیش، لەبارەی "ئەو هاوارەی نەبیسترا"وەوە دەیانخەمەڕوو، بەلای کەسێکی ترەوە جیاواز بێت و بۆی هەیە دەستخۆشی و ڕەخنەیشم بۆ بێت، وەک گوتمان ڕۆمان دەقێکی واڵایە و بەپێی ئەوەی زادەی خەیاڵی نووسەرە، خوێندنەوەی جیاوازیشی بۆ دەکرێت، خۆ هەتا ڕۆمانەکە بایۆگرافیا یان مێژووییش بێت،

هێشتا خەیاڵی نووسەر بەسەر دۆخی ڕۆمانەکەدا زاڵ دەبێت، ئینجا لێرەدا گرنگە دۆخی ئەو هاوارەی نەبیسترا، هەڵسەنگێنین.

دۆخی سەرەکی ئەو هاوارەی نەبیسترا گەڕانەوەیە بۆ ساڵانی ١٩١٨ بۆ ١٩٤٨ واتە ژیانی دڵدار هەتا کۆچی دوایی دەکات، لە ڕۆمانەکەدا پێنج ڕۆژ هەن بۆ زەمەنی ئێستا دەگەڕێتەوە، بە گشتی تیشک دەخاتە سەر ژیانی دڵدار و چوونی لەگەڵ خانەوادەکەی لە کۆیەوە بۆ ڕانیە و دیسان بۆ کۆیە و پاشان هەولێر و ئینجا چوونی بۆ کەرکووک و بەغدا. زمان زۆر ڕوون و سادەیە، داڕشتن و ڕێنووس لە ئاستێکی بەرزدان، وێڕای هەندێک سەرنجی ڕێنووس، ڕووداوەکانی تایبەت بە ژیانی دڵدار زۆر خێران و وەسف و وێنەی کەمن، لەکاتێکدا وێنە بۆ ڕۆمان زۆر گرنگ و پێویستە، ئەمەیش دەکرێت گرفتێکی ڕۆمانەکە بێت، بەوپێیەی خێرایی ڕووداوەکانی وایکردووە وێنە ببێتە قوربانی، ئەگەرچی لەبارەی دڵداری شاعیرەوەیە، کەچی کەسایەتی زەینەبی خوشکی و ئاسەفی برای، ڕووبەرێکی فراوانیان لە ڕۆمانەکەدا داگیر کردووە و وەک سێبەرێکی قورسن بەسەر ژیان و هەنگاو و کارەکانی دڵدارەوە، ئەم خاڵە ئەگەر جارێک تەندروست بێت، دەکرێت کێماسیش بێت بۆ ڕۆمانێکی بایۆگرافیایی، ئاخر ڕۆمانەکە لەسەر دڵدارە، کەچی خوێنەر لە هەندێک شوێندا هەست دەکات زەینەب و ئاسەف پاڵەوانن! بە ڕای من،

گرفتی ئەو خاڵە ئەوەیە بە ڕاناوی کەسی یەکەم نووسراوە، لەمجۆرە ڕۆمانانەی بایۆگرافیان، باشتروایە بە ڕاناوی کەسی سێیەم بنووسرێن، لەمجۆرەیاندا چیرۆکخوان ڕووبەر و کات و دەرفەتی قسە و گێڕانەوە و وەسفی زیاتری لەبەردەمدا دەبێت، ئاخر ئەگەر کاک ئارام ئەو ڕاناوی کەسی یەکەمەی بکردایەتە کەسی سێیەم، بێشک بەو ئاستە بەرزەی لە ڕۆماننووسیندا هەیەتی، دەیتوانی زۆرترین قسە لەبارەی دڵدارەوە بکات و وەسف و وێنەی زیاتریش بە بەری ڕۆمانەکەیدا بکات، لە ڕاناوی کەسی یەکەمدا ئەمە ئاستەمە، ئاخر ڕاناوی کەسی سێیەم دەرگە و دەرچەی زۆرتر و گەورەتر بە بەراورد بە کەسی یەکەم لەبەردەم ڕۆماننووسدا دەکاتەوە و دەتوانێت لە دەیان دەرگە و پەنجەرەوە قسە و پەیامەکانی بگەیەنێت، ئەمە بۆ ڕۆمانی بایۆگرافیا زۆر گرنگە، ئێمە ناڵێین ئەو ڕاناوی کەسی یەکەمە کێماسێکی گەورەیە بۆ ڕۆمان، بەڵکوو مەبەستمان بۆ ئەمجۆرە ڕۆمانەیە، ڕەنگە سەبارەت بەو بۆچوونەی ئێمە، بۆچوونی جیاوازتر هەبن و پێیانوابێت ڕۆمانەکە بەهۆی ئەو ڕاناوەی بۆی بەکارهاتووە، جوانترە، هەڵبەت ڕۆمان بەپێی ئەوەی دەقێکی فرە ڕەگەز و فرە ڕووداوە، فرە خوێندنەوەیشی بۆ دەکرێت.

لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا لەو شوێنەی باسی دروستکردنی ڕێکخراوی دارکەر لەلایەن دڵدار و ژمارەیەک قوتابی دیکەی

کوردەوە لە کەرکووک دەکات، مێژوویێکی جوان و هەوڵی ئەو کۆمەڵە گەنجە کە دڵدار سەرمەشقیانە دەگێڕێتەوە، گرفتەکەی لەوەدایە ڕووداوەکان نەختێک لە ڕەگەزی ڕۆمان لادەدەن و لە هەندێک کات و شوێندا دەبنە گواستنەوەی زانیاری لە شێوەی گێڕانەوەیەکی مێژوویی وەک ئەوەی لە کتێب و سەرچاوە مێژووییەکاندا هەن، لەکاتێکدا ناکرێت ڕۆمان ڕووداوەکان هاوشێوەی زانستی مێژوو بگێڕێتەوە، بەڵام لەو بەشەدا ئەو هاوارەی نەبیسترا دەستی بۆ لایەنێکی شاراوە بردووە، لایەنێک ڕەنگە مێژوو غەدری لێی کردبێت، ئەویش دڵدارە و کۆمەڵەی دارکەری دامەزراندووە و پاشان هەر بە هەوڵی دڵداریش داوا لە ڕەفیق حیلمی ڕۆشنبیر دەکرێت سەرۆکایەتیی دارکەر بکات کە دواتر ناوی کۆمەڵەکە بۆ حیزبی هیوا دەگۆڕن، ئەو خاڵە زۆر گرنگە پەردەی لەسەر یەکێک لە وێستگە گرنگەکانی ژیانی سیاسیی دڵدار و هەوڵی بۆ سەربەخۆییی کوردستان هەڵداوەتەوە، ئەویش دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی و پاشان حیزبی سیاسی کە بۆ سەربەخۆییی کوردستان تێدەکۆشن. خاڵێکی لەوەیش گرنگتر دوای ئەوەی لەسەر داوای دڵدار و هاوڕێکانی، ڕەفیق حیلمی دەبێتە سەرۆکی حیزبەکە، تاکلایەنانە بڕیاری حیزبی دەدات و هیچ ڕێزێک بۆ دڵداری داینەمۆی دارکەر دانانێت، ئەمەیش بەڵگەیەکی ترە لەوەی مێژووی ئینشیقاق دەمێکە لەناو کۆمەڵە و حیزبە

کوردییەکاندا هەبووە و ئێستاش بە فۆڕمی نوێ بەردەوامە، بە تایبەتی ئەوانەی بە حیزبەوە ماندووبوون، زۆرجار دەبنە قوربانیی کەسانی بەرژەوەندخواز و هەلپەرست، بەداخەوە وەک لە ڕۆمانەکەدا تیشکی خراوەتە سەر، ڕەفیق حیلمی تاڕادەیەک غەدری لە دڵدار و هاوڕێکانی کردووە، وەک لە بەشێکی گفتوگۆی نێوان دڵدار و ڕەقیق حیلمیدا دەردەکەوێت حیلمی بە تووڕەییەوە بە دڵدار دەڵێت: "دڵدار ئەوە منم بڕیار دەدەم چۆن ئەندامی نوێ وەربگیرێت، نەک تۆ". دڵداریش وەڵامی ناداتەوە، دواتر حیلمی بە تووڕەییەوە دڵدار جێدەهێڵێت.

دوای ئەو ڕووداوە، دڵداریش نامەیەکی درێژ بۆ حیلمی دەنووسێت و جەخت لەسەر کوردبوونی کۆمەڵەی دارکەر و حیزبی هیواش دەکاتەوە، وەک لە بەشێکی نامەکەیدا دڵدار دەڵێ: "کێشە گەورەکە پێگەی کوردبوون و نەتەوە و ئەو مەترسییانە بوون، هەڕەشە هەبوو لەسەر کورد، دەبوو خەونی دەوڵەتی کوردان لای تاکی کورد کۆتایی پێ نەهێندرێت، پێویست بوو کورد نوێنەرێکی هەبێت داواکارییەکان بگەیەنێت و ئاگاداری گۆڕانکارییە جیهانییەکان بێت، ئێمە تۆمان هەڵبژارد تا یارمەتیمان بدەیت لەو هەنگاوانە، نەک خۆت گرفت دروست بکەیت". وەک لەم نموونەیەی سەرەوەدا دیارە، دڵدار لە پرسی نەتەوەییدا

لەگەڵ ڕەفیق حیلمیدا ناکۆک بووە و تەنانەت کار بەوە گەیشتووە لە ڕێگەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو و نامەی تایبەتەوە ڕەخنەی لە شێوازی سیاسەتکردنی ڕەفیق حیلمی گرتووە، ئەوەی دڵدار جەختی لەسەرکردووەتەوە پابەندبوونی بووە بە بابەتی کوردایەتی و دەوڵەتی کوردستان، بۆ ئەوکات ئەو هەستە یەکێک لە هەستە نەتەوەییە دەگمەنەکان بووە، ئاخر هەر ئەو هەستەیە دڵدار وا لێ دەکات شیعری ئەی ڕەقیب بنووسێت و ئێستاش زۆرینەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە شانازی بەو شیعرە و مارشەکەوە دەکەن.

سەرلەبەری ئەو سەرنجانەی لەبارەی ئەو هاوارەی نەبیسترا، لە گرنگی و جوانی و هەوڵە ڕژدەکەی کاک ئارام بۆ بەسەرکردنەوەی ژیانی کەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی دڵدار کەم ناکەنەوە، ئاخر دڵدار خۆی هێندە کەسێکی کوردپەروەر و جوان بووە، هەر ڕۆمان و شیعر و قسەیەکیش لەبارەی ئەوەوە، جوانن و ئەو کەسایەتییە جوانتر دەکەن، بێشک ئەو کارەی کاک ئارامیش دەچێتە ڕیزی کارە نایاب و جوانەکانەوە، ئەو لە دیوێکی ترەوە، لە دیوی ئەدەبەوە، لە ڕێگەی ژانرێکی گرنگی وەک ڕۆمانەوە، جارێکی تر دڵداری بەبیری ئەو نەوەیەی ئێستا هێنایەوە و دڵداری تەعریفکردەوە و پێی گوتن ئەوانەی سەردەمانێک بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکەیان خەباتیان کردووە، دەشێ نەک

تەنیا بە وتار و یادکردنەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی ڕۆمان و ئەدەبیاتەوە بەسەربکرێنەوە، ئاخر دڵدار و هاوشێوەکانی مێژوو و ناسنامەی کوردبوون و دەبێت هەمیشە ناویان بەزیندوویی بمێنێتەوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەوان لە ڕۆژگارێکدا داوای سەربەخۆیی نەتەوەیەکەیان کردووە، ئەو هەستە لای زۆربەی تاکی کورد لاواز بووە، کەچی عەونی و دڵدار و هاوڕێکانی لە کۆیە جاڕی سەربەخۆییی نەتەوەیەک لێ دەدەن، لەوەیش گرنگتر ئەوەیە کەسێک شارەزای ژیانی سیاسیی دڵدار نەبێت، کاتێک ئەو ڕۆمانە دەخوێنێتەوە، ئاشنای ئەو گەنجە چالاک و کوردپەروەرەی کورد دەبێت، وێڕای شیعر، لە ماوەی سیساڵی تەمەنیدا زیاتر لە پازدە ساڵ بۆ شیعر و سەربەخۆییی کوردستان ژیا و ئێستایش لە ڕێگەی ئەی ڕەقیبەکەیەوە هەمووان ڕێز لە خۆی و هەستە کوردپەروەرییەکەی دەنێن، ئەوەتا کوردان ئەی ڕەقیب دەکەن بە مارش و بەردەوام دەیڵێنەوە!

# ڕەنگی ئەرخەوانی..

## ئازارەکانی جیاوازیی ڕەنگ و سێکس

"من دەزانم خەڵکی سپیپێست هەرگیز گوێ لە خەڵکی سەر بە ڕەگەزەکانی تر بەدەر لە ڕەگەزی سپی ناگرن، ئەگەر گوێش بگرن، هەر ئەوەندە گوێ دەگرن کە بتوانن پێت بڵێن چی بکەیت و چی نەکەیت."

سیلیای پێستڕەش

"من ناتوانم لەگەڵ پیاوێکی پێستڕەشدا سواری پیکاپ بم."

میلیای پێستسپی

کۆیلایەتی و چەوساندنەوەی پێستڕەشەکان لە ئەمەریکادا مێژوویێکی تاڵی هەیە، ئەمەیش لە ئەدەب و هونەردا بەشێوەی جۆراوجۆر ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئاخر ئەدەبێک ئەگەر خەمە مرۆییەکان نەکاتە بابەتی ڕۆمان و ژانری دیکەی ئەدەبی، نەنگییەکی گەورەیە. چەند گرنگ و کاریگەرە، ئەو ڕۆمانەی چەوساندنەوەی ئینسان بەهۆی پێستڕەشییەوە دەکاتە بابەتی سەرەکی و چەقی ڕووبەڕووبوونەوەی چەوساندنەوە و هۆشیارکردنەوەی مرۆڤایەتی لە ئاست ئەو مامەڵە نائینسانییەی بەهۆی جیاوازی ڕەنگەوە لە بەرانبەر مرۆڤی تردا دەکرێت.

کاتێک ئەبراهام لینکۆڵن لەنێوان ساڵانی ١٨٦١ تا ١٨٦٥ سەرۆکایەتیی ئەمەریکا دەکات، بەپێی یاسا، کۆیلایەتی لە ئەمەریکا قەدەغە کرد، لێ ئەم بڕیارە نەبووە هۆی ئەوەی کۆیلەدارانی وڵاتەکەی بە بڕیارەکە ڕازی بن و دەستبەرداری کۆیلەکانیان بن، سەرئەنجام گەڕێکی شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە و لینکۆڵینیش بەهۆیەوە بووە قوربانی، بەڵام ئەو ناوی وەک سەرۆکێکی مرۆڤدۆست لە مێژوودا مایەوە، چونکە ئەو کۆیلایەتی لە وڵاتە زەبەلاحەکەی هەڵوەشاندنەوە، ئەو هەوڵی خۆی دا، کەچی ئەوەی جێی مشتومڕە وەک هەستێک و حەزی بەشێک لە ئەمەریکاییەکان بۆ کۆیلەداری و دژە پێستڕەش تا ئێستاش بە

فۆڕمی جیاواز هەر ماوە، لە ڕۆمانی "ڕەنگی ئەرخەوانی"ی ئاڵیس واکردا کە دوای ساڵانێکی زۆر لە بڕیارەکەی لینکۆڵن نووسراوە، هەست دەکەیت کۆیلایەتی بە فۆڕمی جیاواز و لە ئاستی کۆمەڵایەتییدا ماوە و درێژەی دەبێت.

وەک نموونە، لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەفسەرێکی پۆلیسی ئەمەریکا بە ناوی "دێرک شۆڤین"ی پێستسپی، لەسەر شەقامێکی سەرەکیدا ماوەی چەند خولەکێک ئەژنۆی خستە سەر ملی "جۆرج فلۆید"ی پێستڕەش و هەتا گیانی لەدەست نەدا، ئەژنۆکانی لەسەر ملی ئەو پیاوە هەڵنەگرت. ئەم کارەی ئەفسەرە پێستسپییەکە کاردانەوەی توندی ناوخۆی ئەمەریکا و جیهانیشی لێکەوتەوە، بزووتنەوەی پێستڕەشەکانی ئەمەریکاش دژی ئەو کارە دەیان خۆپیشاندانیان کرد و کارەکەیان بە دژە پێستڕەشەکان ناوبرد. وەک نموونەیەکی دیکە، کاتێک باراک ئۆباماش دەبێتە سەرۆکی ئەمەریکا، ئەمەریکاییەکان و هەتا جیهانیش باسی پێستڕەشی ئۆباما دەکەن، ئەمەیش وەک ئاماژەیەک تاوەکوو ئێستا بابەتی پێستڕەشی لە وڵاتەکەدا جێی مشتومڕە و لە زاکیرەی ئەمەریکاییە پێستسپییەکاندا نەسڕاوەتەوە، لە ڕەنگی ئەرخەوانیدا ئینسانەکان بەهۆی ئەوەی ڕەنگی پێستیان ڕەشە، لەلایەن پێستسپییەکانی ئەمەریکاوە وەک کۆیلە و قێزەون مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و ئەشکەنجە دەدرێن، لێ ئەشکەنجە و چەوساندنەوە نابنە هۆی دەستبەرداربوون

لە ژیاندا، کارەکتەری سیلیا و شوگ ئاڤری لە ئەمەریکا و یاخیبوونی پێسترەشەکانی ئەفریقیاش لە دژی پێستسپییەکانی ئینگلیز لە ڕەنگی ئەرخەوانیدا نموونەی ڕووبەڕووبوونەوە و سەرکەوتنن.

ڕۆمانی "ڕەنگی ئەرخەوانی" لە نووسینی ژنە نووسەر و ڕۆماننووسی ئەمەریکی-ئەفریقی، ئالیس واکر (١٩٤٤)، ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٩٨٢ بە فۆڕمی گۆڕینەوەی نامە لەنێوان دوو کارەکتەری پێسترەشدا کە خوشکی یەکترن، نووسراوە و باس لە کۆیلایەتی و دۆخی پێسترەشەکانی ئەمەریکا و ئەفریقا دەکات، چەوساندنەوە و دەستدرێژی سێکسی و داگیرکردنی زەویوزار و بەرووبوومی پێسترەشەکانی ئەفریقا لەلایەن پێستسپییەکانەوە پانتاییەکی گەورەیان لە ڕۆمانەکەدا داگیر کردووە، بە گشتی ڕوانگەیەکی مرۆیی و فێمێنیزمی هەیە، چونکە ئالیس خۆی ژنێکی پێسترەشە، وەک سەرچاوەکان باسی دەکەن بەهۆی گەشتێکی بۆ ئەفریقا دووگیانیش دەبێت و پاشان لە ئەمەریکا کۆرپەکەی لەبار دەبات، ئەمانە و ژیانی خەڵکانی پێسترەش لە ئەمەریکا و ئەفریقا ڕەنگدانەوەیان لەسەر ژیانی داناوە، بە دیاریکراویش چڵێسی پیاو بۆ جەستەی ئافرەت، لە چیرۆکەکانی هەردوو ژنە پێسترەش "سیلیا و شوگ ئاڤری" کارەکتەری ڕەنگی ئەرخەوانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

کیانا وایتد، لە وتارێکیدا بە ناوی لێکدانەوەی ئەدەبیاتی فێمنیستی ئالیس واکر، دەڵێت: "دیدی داهێنەرانەی واکر دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی دژواری ئابووری، تیرۆری ڕەگەزی و عەقڵی ڕەشۆکیانەی ژیان و کولتووری ئەمەریکایی-ئەفریقایی، نووسینەکانی پەردە لەسەر پەیوەندی چەند لایەنەی نێوان ژنەکان و هێزە ئازادیبەخشەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سیاسی دادەماڵێت".

بابەت لە ڕەنگی ئەرخەوانیدا هەمەجۆرە، کۆیلایەتی، چەوساندنەوەی پێستڕەشەکانی ئەمەریکا و ئەفریقا، خۆشەویستی و دەستدرێژی سێکسی، هاوڕەگەزخوازی و خۆشەویستی نێوان ژن و ژن، یاخیبوون لە بەرانبەر داگیرکردنی خاک و بە تاڵانبردنی بەرووبوومی ئەفریقاییەکان، دۆخی ژنانی پێستڕەش لە ئەمەریکا کە وەک کاڵایەکی سێکسی و کۆیلە سەیر دەکرێن. بە گشتی ڕۆمانەگە تژییە لە ڕووداو و چیرۆکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و هەموویان بەیەکەوە وێنایەکی ئەوتۆی کۆمەڵگەی پێشووی ئەمەریکامان نیشان دەدەن، دەکرێت ئەوەی لە ڕەنگی ئەرخەوانیدا وروژێندراوە، لە ئەمەریکای ئێستاشدا ڕوودەدات، بەڵام لە فۆڕم و بەرگی جیاواز و نوێ لە نموونەی ئەو سەرمایەدارییە چاوچنۆکەی ئەمەریکا کە هەمان بەکۆیلەکردن و بەکاڵاکردنەی ژنان و ئینسانەکانی پێشوو بێت، مەگەر ئێستا هەزار فیلمی پۆرنۆ لە ئەمەریکا و جیهاندا

بەرهەم نایەن، تێیاندا ژنان کۆیلە و کاڵای سێکسین، دیسانەوە پیاوان باڵادەستن.

سیلیا و نێتا، دوو خوشکن، پێستڕەشن، سیلیا لە ڕووخساردا ناشیرین و جەستەیەکی لاوازیشی هەیە، لە تەمەنی چواردە ساڵیدا لەلایەن ئەلفۆنسۆی زڕباوکییەوە دەستدرێژی سێکسی دەکرێتەسەر و دووجاریش منداڵی لێی دەبێت، پاشان بە ناچاری و لەسەر داوای زڕباوکەکەی شوو بە پیاوێک بە ناوی مستەر دەکات. نێتاش لەگەڵ دەستەیەکی نێردەی کلێسا دەچێتە ئەفریقا و لە ڕێگەی نامەوە باس لە دۆخی ئەو وڵاتە و بەتاڵانبردنی بەرووبوومی ئەفریقاییبە پێستڕەشەکان لەلایەن ئینگلیزە پێستسپییەکانەوە دەکات. شوگ ئاڤری، پێستڕەش و ژنێکی جوان، لە مەیخانەکاندا گۆرانی دەڵێت و زۆربەی پیاوەکانیش چاویان لەسەریەتی، بە بەرچاوی سیلیاوە لەگەڵ مستەری مێردی سیلیادا ڕادەبێرێت، سیلیاش دەنگ ناکات، سەرئەنجام ئەویش لەگەڵ شوگدا دەکەونە داوای خۆشەویستییەوە و شەوباخەڵی لەگەڵ یەکتردا دەکەن. سۆفیاش ژنێکی تری پێستڕەشە، هاروهاج و ڕۆحی ڕووبەڕووبوونەوەی لە لووتکەدایە، بەڵام لە ڕووداوێکدا لەگەڵ ژنی سەرۆک شارەوانییەکدا کە پێستسپییە دەبێتە شەڕیان و لە تۆڵەی شەڕەکەدا سۆفیا بە زیندانیکردن سزا دەدرێت و بۆ ئەوەی

سزاکەیشی لەسەر سووک بکرێت، بە ناچاری دەبێتە کارەکەری ژنی سەرۆک شارەوانییەکە.

## ژن وەک کێڵگەی سێکس

ڕەنگی ئەرخەوانی لەگەڵ ئەوەی زیاتر جەخت لەسەر چەوساندنەوەی پێستڕەشەکانی ئەمەریکا و ئەفریقا دەکات، هاوکات بابەتی چەوساندنەوەی ژن و دەستدرێژی سێکسیش ڕووبەرێکی فراوانیان داگیر کردووە، ژن لەم ڕۆمانەدا نەک ڕێزلێگیراو نییە، بەڵکوو وەک کاڵا و کێڵگەیەکیش بۆ تێرکردنی چڵێسی پیاوان بۆ سێکس سەیر کراوە، تەنانەت ژن لەلایەن باوکیشەوە چاوی سێکسی تێدەبڕدرێت و سکی پڕ دەکرێت، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ دۆخی خراپی ژن لە ئەمەریکای پێشتر و ئێستاشدا.

سیلیا لە نامەی یەکەمدا دەڵێ: "من تەمەنم چواردە ساڵە، کچێکی داوێنپاکم، هەردەم داوێنپاک بووم، بەهاری ڕابردوو، دوای ئەوەی لوشەشی برابچکۆلانەم لەدایک بوو، گوێم لێ بوو دایک و باوکم بۆڵەبۆڵیان دەکرد. باوکم بەتوندی قۆڵی دایکمی ڕاکێشا، ئەویش یەکسەر پێی گوت، واز بێنە فۆنسۆ، تەندروستیم باش نییە. ئیتر ئەویش دواجار وازی لێ هێنا و دایکمی بەتەنیا جێ هێشت. هەفتەیەک دوای ئەمە، دووبارە

بەقاییمی قۆڵی ڕاکێشایەوە، ئەوسا دایکم پێی گوت، نا، نامەوێ، ئەی نابینی بەو هەموو منداڵانەوە بوومەتە نیمچەمردوو".

سیلیا لەم بەشەی نامەکەیدا پەیوەندیی سێکسی نێوان دایکی و باوکی دەخاتەڕوو، دایکی داوای مێردەکەی بۆ سێکس ڕەت دەکاتەوە، دواجار باوکی حەزی خۆی لە سیلیادا تێر دەکات. بەڵام ئەوەتا سیلیا لە بەشێکی تری نامەکەیدا دەڵێ: "ئەو کاتەی دایکم سەردانی دکتۆرەکەی خۆی لە ماکۆن کرد، منی لە ماڵەوە بەتەنیا جێ هێشت، تا ئاگام لە منداڵەکانی تر بێت. باوکم، کە هەرگیز قسەیەکی خۆشی لەگەڵدا نەکردبووم، پێی گوتم، دەبێ ئەوەم لەگەڵدا بکەیت کە دایکت نەیوست بیکات. ئیتر هینەکەی خۆی بەلای سمتمدا برد و خۆی بەملاو و بەولادا ڕاوەشاند و پڕی بە مەمکەکانمدا کرد، دوای ئەمە هینەکەی بەزۆر خستە ناوگەڵمەوە، هەستم بە ژانێکی کوشندە کرد، بۆیە قیژاندم. ئەویش دەمی گرتم، هەڕەشەی لێ کردم، کە بێدەنگ بم و خۆم بە دۆخەکە ڕابێنم، بەڵام من هەرگیز بەم شتە ڕانەهاتم. دایکم لەبارەی منداڵی یەکەمم لێم پرسیم هی کێیە؟ گوتم هی خودایە. ئاخر هیچ پیاوێکی تر لەگەڵم جووت نەبووە".

لەم دیمەنەدا سلیا، کچێک و کوڕێکی لە ئەلفۆنسۆی زڕباوکی دەبێت و هەردوو منداڵەکەیشی لێ دەشارێتەوە،

دوای مردنی دایکیشی، ئیدی زڕباوکەکەی چاوەدبڕێتە نێتای خوشکە بچووکەکەیشی، بۆیە بڕیاری پاراستنی دەدات. لێرەدا نموونەیەکی ئەوتۆی لەبارەی چلێسی پیاوی ئەمەریکای ئەوکاتدا بۆ سێکس دەخاتەڕوو، مرۆ بەدەست خۆی نییە قێز لە سێکسیش دەکاتەوە، دروستە وەک دەگوترێت ڕۆمان بەشێکی زادەی خەیاڵی نووسەرە، لێ هیچ ڕۆمانێک نییە بەشێکی زۆری واقیعی کۆمەڵایەتی و دەروونی کۆمەڵگەکەی ڕۆماننووس نەگوازێتەوە، بە دیاریکراویش ئەم ڕۆمانە دەچێتە چوارچێوەی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، سێکسی و سیاسییەوە.

## ئینگلیز لە ئەفریقا

کاتێک ئینگلیزەکان بە ناوی کاری خێرخوازییەوە دەچنە گوندێگی ئەفریقا و بە پاساوی هاوکاریکردن و دروستکردنی ڕێگەیەکی هاتوچۆ بۆ گوندنشینان، پاشان خەڵکی گوندەکە ناچار دەکەن گوندەکەیان چۆڵ بکەن و ئەو کەرەستە و دارودرەختانەی لە دروستکردنی خانوو و ماڵەکانیاندا بەکاریان دەهێنن، هی خۆیان بوون، بەڵام دوای ئەوەی دەیانگوازنەوە خوار گوندەکە و سەرچاوەی ئاو و دارودرەختیان لێ دوور دەبێت، ئیدی خەڵکەکە لەسەر خاکی خۆیانیش ناچار دەبن ئاو و کەرەستە لە کۆمپانیایەکی

ئینگلیزە پێستسپییەکان بکڕن و ئەو پارەیەی لە کشتوکاڵیدا چنگیان دەکەوێت، دووبارە دەیدەنەوە پێستسپییەکان، ئیدی پێستڕەشەکان لە ڕێگەی دەستەیەکی یاخییەوە دەیانەوێت پێستسپییەکان لەسەر خاکەکەیان دەربکەن.

ئەم بەشەی ڕۆمانەکە تەواو سیاسییە و تەعبیر لە پرۆسەی داگیرکردنی ئەفریقا لەلایەن هێزە داگیرکارەکانەوە دەکات کە مەبەستی ئینگلیستانە. نێتا لە نامەیەکدا کە لە ئەفریقاوە بۆ سیلیای خوشکی دەنێرێت، باس لە خێڵێکی ئەفریقایی بە ناوی ئۆلینکارییەکان دەکات بەهۆی کۆمپانیایەکی ئینگلیزەکانەوە ئێستا خاوەنی گوندەکەی خۆیان نەماون، نێتا دەڵێ: " ئاغای گوندەکە، دوای ئەوەی تێگەیشت چ مەبەستێک لەپشت دروستکردنی ڕێگەکەدایە (کۆمپانیایەکی ئینگلیستان بە پاساوی دروستکردنی ڕێگە بۆ خەڵکەکە و کارگەیەکی لاستیک، گوندەکە تێک دەدات و خەڵکەکەیش لەسەر ماڵوحاڵی خۆیان ئاوارە دەکات)، یەکڕاست بەدوای ڕوونکردنەوە و قەرەبووکردنەوەدا بەرەو کەناری دەریاکەوە ڕۆیشت، دوای دوو هەفتە بە هەواڵی ناگەوار و دڵتەزێنترەوە گەڕایەوە، هەرێمەکە بە تەواوی بە گوندی ئۆلینکاشەوە بووبووە هیی خاوەن کارگەیەکی لاستیک لە ئینگلستان، دواتر ئاغا دەچێتە کۆشکی بەرپرسەکە کە پیاوێکی پێستسپی بوو، ئیتر بۆی ڕوون بووەوە ئەو پیاوە فەرمانی داوە

دارستانەکان لەگەڵ زەویدا تەخت بکەن، بەداخەوە ئێستا ئۆلینکاییەکان چیتر خاوەنی گوندەکەیان نین، پێویستە کرێ بدەن، بۆ ئەوەی ئاویش بەکار بهێنن، چونکە ئێستا ئاوەکەش هیی ئەوان نییە، دەبێ باجی ئاو بدەن، لەوەتەی دونیا دونیایە ئەو خەڵکە لێرە ژیاون، خەڵکەکە گوتیان ئێمە شەڕی ئەو پیاوە سپیپێستە دەکەین، ئاغاش گوتی ئەم پیاوە سپیپێستە بەتەنیا نییە، سوپایەکی لەگەڵ خۆی هێناوە". ئەم ڕووداوەیان ڕێک باس لە داگیرکاری ئینگلیزەکان دەکات، ئەوان لە هەموو ڕێگە و کەناڵێکەوە هەوڵی داگیرکردنی خاک و وڵاتی خەڵکانی دیکە دەدەن، ئێستاش لە ڕێگەی هەزاران کۆمپانیای هەمەجۆرەوە ئەو ڕووداوەی ئاڵیس واکر لە ڕەنگی ئەرخەوانیدا باسی دەکات، بە فۆرمی نوێ لەسەر خاکی وڵاتانی جیهاندا دووبارە دەبێتەوە، مەگەر ئێستا دەیان میللەت و وڵات لەژێر هەڕەشەی داگیرکاریدا نین؟ مەگەر کۆمپانیاکانی زلهێزەکانی وەک ئەمەریکا و ئینگلیستان بە پاساوی هەمەجۆر و بزنسەوە دەستیان بەسەر نەتەوە و خاکی وڵاتاندا نەگرتووە؟ ئاڵیس لە ساڵی ١٩٨٢وەوە باسی کۆمپانیای کردووە، لێ ئێستا کۆمپانیاکان جیهان بەڕێوە دەبەن و سەرۆکی وڵاتان دادەنێن.

## پێستپڕەش و کۆیلایەتی

دوو خاڵی هەرە بەهێزی بابەتیبوونی ڕەنگی ئەرخەوانی، کۆیلایەتی و چەوساندنەوەی پێستڕەشەکانە لەلایەن پێستسپییەکانی ئەمەریکا و ئینگلستانەوە، نێتا لە نامەیەکدا نموونەیەکی نێو شەمەندەفەر دەهێنێتەوە، کاتێک بەڕێگەوە بوونە بۆ نیویۆرک و لەوێش بەرەو ئەفریقا: "نازانم چیت لەبارەی نیویۆرک یان ئەو شەمەندەفەرەی ئێمەی گەیاندە ئەوێ بۆ باس بکەم! ئێمە لەو بەشەی شەمەندەفەرەکەوە سوار بووین کە بۆ دانیشتن تەرخان کراوە، بەڵام سیلیا، لەناو شەمەندەفەردا تەختەی خەوتنیش هەیە! چێشتخانە هەیە! تەنانەت ئاودەستیش هەیە! تەختەکانی خەوتن بە دیواری ژوورەوەی شەمەندەفەرەکەوەن و بەسەر کورسییەکانەوە پان دەکرێنەوە و دەبن بە چەرپای چەسپاو بۆ خەوتن، بەڵام تەنیا پێستسپییەکان بۆیان هەیە بچنە سەر تەختەکان یا چێشتخانە بەکار بێنن، ئاودەستی ئەوان جیایە لە هیی ئەو خەڵکەی لە ڕەگەزی سپی نین. پیاوێکی پێستسپی کارۆلینای خواروو لە شۆستەی وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە لە ئێمەی پرسی بۆ کوێ دەچین. ئێمە ئەوسا لە شەمەندەفەرەکەوە دابەزیبووین تا هەوایەکی پاک و پێگەرد هەڵمژین و وردە چەو و لم لە خۆمان و لە جلوبەرگمان داتەکێنین، کە گوتمان دەچین بۆ ئەفریقا، سەیری لێ هات، لەوە دەچوو پەست و

تووڕە بێت، بە ژنەکەی گوت قولەڕەشەکان دەچن بۆ ئەفریقا".

ڕەگەزپەرستی لە ئەمەریکادا ڕەگە مێژووییەکەی هێندە قووڵە، ئەوەتا کاریگەرییەکانی یەکجار زۆرن، ئاڵیس واکری پێستڕەش لە ڕۆمانەکەیدا نموونەیەکی جەرگبڕی لەبارەی جیاوازکردن لەنێوان پێستڕەشەکان و پێستسپییەکان تەنانەت لەنێو شەمەندەفەریش دەهێنێتەوە، نێتا چونکە پێستڕەشە، بۆی نییە لەسەر تەختە خەوەکانی نێو شەمەندەفەر پشوو بدات و چێشتخانەکە بەکار بهێنێت، ئێستا ئەو نموونەیە لە سەرمایەداری ئەمەریکاییدا خۆی لە فۆڕمی گەشتکردنی ڤی ئای پیدا دەبینێتەوە، لەناو یەک فڕۆکەدا شوێنی زۆر تایبەت و پڕ خزمەتگوزاری بۆ کەسانێک دابین کراوە کە پارەدارن یان لە چینی باڵادان، ئەگەر ئاڵیس لە ساڵی ١٩٨٢دا لە ڕۆمانی ڕەنگی ئەرخەوانیدا ئەو جیاوازییەی بەهۆی ڕەنگەوە باس کردووە، خۆ ئێستا نەک هەر کەمی نەکردووە، بەڵکوو لەژێر تایتڵی سەرمایەداریدا زیادیشی کردووە، ئاخر مرۆڤایەتی خەریکە بەهای خۆی لەدەست دەدات و پارە و جیاکاری ڕەگەزی و گیرفان جێگەی پێ لەق دەکەن. لە نامەیەکی تردا سیلیا گلەیی لە سپیپێستەکان دەکات بەوەی گوێ لە هەست و شعوری ڕەشپێستەکان ناگرن، ئەو دەڵێ: "من دەزانم خەڵکی سپیپێست هەرگیز گوێ لە خەڵکی سەر بە ڕەگەزەکانی تر بەدەر لە ڕەگەزی سپی ناگرن و تەواو، ئەگەر

گوێش بگرن، ئەوا هەر ئەوەندە گوێ دەگرن کە بتوانن پێت بڵێن چی بکەیت و چی نەکەیت". لەم وێنەیەشدا ئالیس دەست بۆ خاڵێکی تری سایکۆلۆژی کەسی پێستڕەش دەبات بەهۆی کۆیلەبوونییەوە هەمیشە بەدەم ئازارەوە ناخی خۆی دەخواتەوە، سپیپێستەکان گوێ بە ڕەگەزەکانی تر بەدەر لە سپیپێست ناگرن، ئەگەر گوێش بگرن بۆ ئەوەیە پێت بڵێن چی بکەیت و چی نەکەیت، ئەمەیان دەلالەتە لەوەی پێستسپییەکانی ئەمەریکا لە هیچ دۆخێکدا وەک مرۆڤ سەیری پێستڕەشەکانیان نەکردووە و هەر کاتێکیش قسەیان لەگەڵ کەسێکی پێستڕەشدا کردبێت، بۆ ئەوە بووە فەرمانی بەسەردا بکەن، ئەمەیشیان هەر کۆیلایەتی و چەوساندنەوەیە.

سۆفیا، ژنێکی تری پێستڕەشە، کەسایەتییەکی بوێر و هاروهاجی هەیە، تەنانەت زۆرجار لە هارپۆی مێردیشی دەدات، هێندە سەرەڕۆیە، بەڕووی هەموو کەسێکدا دەچەقێتەوە، لێ چونکی ڕەشپێستە، دواتر بەهۆی ناکۆکی و دەمەبۆڵەی لەگەڵ ژنێکی پێستسپیدا کە ژنی سەرۆک شارەوانیی شارەکەیە، دەخرێتە زیندان و دواتر لەژێر گوشاردا دەکرێتە کارەکەری ژنەکەی سەرۆک شارەوانی، لێرەدا سەرۆک شارەوانییەکە تەعبیرە لە دەسەڵات.

ڕۆژێک لەنێو بازاڕدا بە ڕێکەوت ژنە پێستسپییەکەی سەرۆکی شارەوانی چاوی بە سۆفیا دەکەوێت، سۆفیاش چەند منداڵێکی لەگەڵدایە، پاکوخاوێنی منداڵەکان سەرنجی ژنی سەرۆک شارەوانی ڕادەکێشێت، بەهۆی ئەوەی سۆفیا پێستڕەشە، ژنی سەرۆک شارەوانی داوای لێ دەکات ببێتە کارەکەری و لە کاری ماڵەوەیاندا هاوکاری بکات، ئیدی سۆفیاش بە توندی بەڕوویدا هەڵدەچێت و ئەنجام دەبێتە شەڕیان و بە ژنە دەڵێت بە هیچ شێوەیەک کارەکەری ژنێکی پێستسپی ناکات. لە تۆڵەی ئەو شەڕەدا سۆفیا چەندساڵێک زیندانی دەکرێت و لەوێش بە توندترین شێوە ئەشکەنجەی دەدرێت، پاشان لەژێر گوشاردا ڕازی دەکەن بەوەی ببێتە کارەکەری ژنی سەرۆک شارەوانی، جگە لە کاری ماڵ، دوای ماوەیەک ژنەکە فێری ئۆتۆمبێل لێخوڕینیش دەکات، ڕۆژێکیان میلیای ژنی سەرۆک شارەوانی بە سۆفیا دەڵێ بەبۆنەی ئەوەی فێری ئۆتۆمبێل لێخوڕین بووە، دەیەوێت خۆی بیباتەوە ماڵ و چاوی بە منداڵەکانی بکەوێت، سۆفیاش دڵخۆش دەبێت و وەک هەموو جار چۆن لەسەری ڕاهاتووە، لە پێشەوە لەگەڵ میلیادا سواری ئۆتۆمبێلەکە دەبێت، لەپڕ میلیا ئۆتۆمبێلەکەی دەوەستێنێ و بە سۆفیا دەڵێ: سۆفیا، دەزانی ئێرە خوارووی ئەمەریکایە؟ سۆفیاش دەڵێ: بەڵێ خانم. پاشان میلیا دەڵێ: سەیرکە لە کوێ دانیشتوویت؟ سۆفیاش پێی دەڵێ هەر لەو شوێنە دانیشتووە و پێی

ڕاهاتووە. میلیاش وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت: ئاخر کێشەکە لەمەدایە، تۆ لە ژیانتدا بینیوتە کەسێکی پێستسپی و یەکێکی دووڕەگ لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا لە تەنیشت یەکترەوە دابنیشن، ئەگەر یەکێکیان ئەوەی تر فێری لێخوڕین یان خاوێنکردنەوەی ئۆتۆمبێل نەکات؟ سۆفیاش دوای ئەوەی گوێی لەم قسەیە دەبێت، دەستبەجێ لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزێ و دەرگەکەی دواوە دەکاتەوە و لە کوشنەکەی دواوە دادەنیشێت! دوای ئەوەی دەگەنە ماڵی سۆفیا، ئیدی میلیا ماڵئاوایی لە سۆفیا دەکات و دەڕوات، کەچی دوای پانزدە خولەک یەکێک بە سۆفیا دەڵێ ئەو خانمە هێشتا لە دەرەوەیە، ئیدی سۆفیاش دەچێتە لای، کاتێک دەگات، دەبینێ ئۆتۆمبێلەکەی لەکارکەوتووە و گێڕەکەی کار ناکات، سۆفیاش پێی دەڵێ: خەم مەخۆ، چونکە جاک، مێردەکەی ئۆدیسە بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دەتگەیەنێتە ماڵەوە. کەچی میلیای سپیپێست دەڵێ: من ناتوانم لەگەڵ پیاوێکی پێسترەشدا سواری پیکاپ بم.

## خۆشەویستیی نێوان سیلیا و شوگ ئاڤری

وەک هەندێ سەرچاوە ئاماژەی بۆ دەکەن، خودی ئاڵیس واکری ڕۆماننووس لە ژیانی ئاسایی خۆیدا حەزی لە

هاوڕەگەزخوازی بووە، ڕەنگە ئەو دۆخە دەروونییە هۆکارێک بووبێت بۆ ئەوەی واکر لەم ڕۆمانەیدا هەردوو کارەکتەرە ژنەکانی ڕۆمانەکەی سیلیا و شوگ ئاڤری وێڕای ژیانە تەنگوچەڵەمەکەیان بەدەست پێستسپییەکانەوە، بکاتە هاوڕەگەزخواز و تەنانەت لە هەندێ دۆخدا سیلیا و شوگ ناتوانن بەبێ یەکتریش بژین و سوود لە هەر دەرفەتێکدا دەبینن، بۆ ئەوەی شەوباخەڵی بکەن.

وەک گوتمان ئەو ڕۆمانە فرە ڕەهەندە، یەکێک لەو ڕۆمانانەیە دەکرێت لە ڕووی سایکۆلۆژییشەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، باسکردن لە خۆشەویستی نێوان سیلیا و شوگ ئاڤری هاندانی هاوڕەگەزخوازی نییە، بەڵکوو هەڵسەنگاندنی دۆخی ڕۆمانەکەیە و قسەکردنە لەسەر ئەو بارە دەروونییە شێواوەی ژنانی پێسترەشە لە ئەمەریکای پێشتردا، کاتێک ئەو دوو ژنە لە پیاو بێزار و قەڵس دەبن، چونکە جەستەی ژن تەنیا وەک کاڵا و بۆ خۆتێرکردن دەبینن، ئیدی بە سرووشتی لەیەکتری نزیک دەبنەوە تا دواجار دەچنە نێو جێگەخەوی یەکترەوە و ماچ و مووچ و دەستلەملانێ دەکەن.

شوگ، ژنێکی جوانە، لە یانەکاندا گۆرانی دەڵێت و بە ئارەزووی خۆی ڕادەبێرێت، تەنانەت لەگەڵ مستەری مێردی سیلیاشدا دەخەوێت، ڕۆژێکیان مستەر و پیاوەکەی شوگ ئاڤری خەریکی مەیخواردنەوەن و سەرخۆش دەبن، شوگ بە

سیلیا دەڵێ با بەیەکەوە بخەوین، لەسەر جێگەخەوەکە سیلیا چیرۆکی دەستدرێژیکردنە سەری لەلایەن باوکییەوە دەگێڕێتەوە، هێدی هێدی شوگ و سیلیا بەدەم قسەوە هەوەسیان دەبزوێت و پاشان نێو دەمی یەکتری دەمژن. سیلیا لە نامەیەکدا دەڵێ: "من تۆم خۆش دەوێ خاتوو سیلیا، پاشان باڵەکانی هەڵێنا و ناو دەمی ماچ کردم، منیش ماچم کردەوە و ئاهێکی ئۆخژنم کرد، ئیتر یەکترمان ماچ کرد و ماچ کرد تا چیتر نەمانتوانی بەردەوام بین، پاشان دەستمان بە لەشولاری یەکتردا هێنا و برد، پاشان هەستم بە شتێکی نەرم و ئاودار کرد لەسەر مەمکەکانم، دەتگوت یەکێک لە کۆرپە ونبووەکانم دەمی پیا ناوە، دوای کەمێک منیش وەکوو یەکێک لە کۆرپە ونبووەکانم کرد."

## ئیرادە و سەرکەوتن

دۆخی ڕۆمانەکە پڕە لە ڕووداو، ئەگەرچی لە سەرەتادا ڕووداوەکان دڵتەزێنن، دواتر نووسەر کاری لەسەر ورە و ئیرادەی ئینسان بۆ سەربەخۆیی و پشتبەخۆبەستن کردووە، بۆیە خاڵی سەرکەوتن بەدیدێت، پەیوەندییەکانی شوگ و سیلیا بەهێزتر دەبێت تا ڕادەیەی ئەوەی ناتوانن بەبێ یەکتر بژین، بەهۆی جوانییەکەی و گۆرانیگوتن لە نادییەکان، شوگ

ئاڤری دەوڵەمەند دەبێت و خانووێکی گەورە دەکڕێت و سیلیاش دەست بە کاری جلدرووین دەکات، دواى ماوەیەک هەردووکیان بڕیار دەدەن بچنە شوێنێکی تری وڵات و لەوێ بژین، سیلیا لە شوێنە نوێکەدا کە خانووە گەورەکەی لێ کڕیوە، بایەخ بە کارەکەی دەدات، دوای ئەوەی پانتۆڵێکی سەرنجڕاکێش بۆ شوگ ئاڤری دەدرووێت، ئیدی کارە دەستییەکەی گەشە دەکات و ناوبانگی بەزۆر شوێندا بڵاو دەبێتەوە و کەسانێکی زۆر لە هاوڕێکانی شوگ داوای پانتۆڵی لەمجۆرەی لێ دەکەن، بەمە بزنسەکەی گەورە دەبێت. نێتاش لە نامەیەکدا دەڵێت لە نزیکترین کاتدا دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی، واتە ئەمەریکا، دواتر بە سیلیا شاد دەبێتەوە کە چەند ساڵێک بوو لەگەڵ دەستەیەکی نێردەی کلێسا چووبووە ئەفریقا. ئالینکاییەکانی ئەفریقاش لە دژی پێستسپییەکان دەست دەکەن بە شۆڕش و لێیان یاخی دەبن بۆ ئەوەی ڕێگری لە داگیرکردنی گوندەکەیان بکەن کە ئەو گوندە تەعبیر لە کۆی ئەفریقایە.

بە گشتی ڕۆمانەکە وەکچۆن ئازارەکانی ئینسانی پێسترەش دەگێڕێتەوە، ئاوهاش جۆرێک لە ورە و بەردەوامی بە ژیانی کارەکتەرەکان دەدات، خوێنەر کاتێک لە سەرەتای ڕۆمانەکەیە، هەست دەکات کارەکتەرەکانی دواجار خۆیان دەکوژن یان تیا دەچن، لێ کاتێک دەگەیتە کۆتایی، وێڕای سەختییەکان، ماونەتەوە و دەژین و هەوڵی بونیادنانی ژیانی

سەربەستی و بزنسی خۆیان دەدەن و دۆخی شۆڕشیش دێتە گۆڕێ، لەم ڕۆمانەدا کارەکتەری سیلیا، لەگەڵ ئەوەی دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر و جوانیش نییە و جەستەیەکی ناشیرین و لاوازی هەیە، کەچی کۆڵ نادات و هەمیشە چاوی لە داهاتووە بۆ ئەوەی تێیدا سەرکەوتوو بێت، دۆزینەوەی کارەکەی و پەرەپێدانی ئاماژەیەکە بۆ بەردەوامی ژیان و سەرکەوتن بەسەر ستەم و زۆرداری و ڕەگەزپەرستی، کارەکتەری سۆفیا، تەعبیرە لە کەسی بوێر کە لەژێر چەپۆکدا سەرکوت دەکرێت، مستەر ئاماژەی پیاوی چڵێس و هیچوپووچە و هیچ ڕێزێک بۆ ژن دانانێت، ئەمەریکاش لە ڕۆمانەکەدا وڵاتێکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە ئاڵۆزە و مێژوویێکی تاڵ و جەرگبڕی هەبووە، ئەو وڵاتە زەحمەتە بەو ئاسانییە بتوانێت کاژی مێژووەکەی لەبەر خۆیدا دابکەنێت.

**سەرچاوەکان:**

- ڕەنگی ئەرخەوانی/ ڕۆمان/ ئاڵیس واکر/ وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب/ چاپی یەکەم، ئەندێشە-٢٠١٨

- لێکدانەوەی ئەدەبیاتی فێمنیستی ئاڵیس واکر/ کیانا وایتد/ وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مستەفا زاهیدی.

-ماڵپەڕی دابڕان ئاداری ٢٠٢٢

# شەوگەڕەکان..

## ئیرۆتیک و جوولەکەبوون

"جەستەمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دادەڕزا، هێندەیان خۆراک پێدەداین کە نەمرین، برسێتی بەجۆرێک کاری تێ کردبووین، هاوشێوەی ئاژەڵەکان بیرمان دەکردەوە، هەستی بۆنکردنمان ئەوەندە تیژ بووبوو، دەمزانی لە ئەپارتمانی بەندیخانەکەدا چ خۆراکێک دەخورێت"

مارتن سەلەمۆ

میران ئەبراهام، لە ڕۆمانی "شەوگەڕەکان"دا لە ڕێگەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی کوڕە هۆڵەندییەکی بە ڕەگەز جوولەوە تیشک دەخاتە سەر ژیانی ئینسان و بە تایبەتی جوولەکە لەژێر سایەی دەوڵەتانی ئیسلامی، ئەو لە ڕێگەی مارتنەوە ئازارەکان دەنووسێتەوە و بە هەموو لایەک دەڵێ ژیانی کەسانی ناموسڵمان بە هیچ شێوەیەک پارێزراو نییە، دەشێ بەهۆی تۆمەتێک و هەڵتێگەیشتنێک خەونی داهاتووت و ژیان و هەموو شتێکت لەناو بچێت، لە وڵاتگەلی ئیسلامیدا وەک ئینسان لە ناموسڵمانان ناڕواندرێت، هەردەم بە چاویلکەی ئایینی و نەتەوەییەوە مامەڵە لەگەڵ ناموسڵمانێکدا دەکرێت و ڕقئەستوورییەکی قووڵ بەرانبەر جوولەکە لە ناخی دەوڵەت و هاووڵاتییانی موسڵماندا هەیە، ئەگەر تۆ هاووڵاتییەکی سەر بە خۆیان نەبیت، چارەنووست وەک چارەنووسەکەی مارتنی جوولەکە دەبێت، ئەو لە ئاکامی گەشتێکی فەرمی بۆ میسر، زۆرترین خەونەکانی لەدەست دەدات و شکۆی دەشکێندرێت، لە ئاکامی گومانێکی بێبنەما و بەهۆی جوولەکەبوونییەوە دەخرێتە زیندانەوە و مامەڵەی ئاژەڵی لەگەڵدا دەکرێت و بە ناوی بەرازەوە بانگی دەکەن، ئەو ئاژەڵەی لای مووسڵمان شتێکی پیس و قێزەونە!

مارتن سەلەمۆ، کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی شەوگەڕەکان، هاووڵاتییەکی هۆڵەندی بە ڕەگەز جوولەکەی دانیشتووی ئەمستردامە، لە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەو شارەدا فەرمانبەرە، باوکی ڕاستەقینەی بزرە، ئاخر ئەیفا سەلەمۆی دایکی، لە تاقیگەیەکی ناشتنی تۆوی پیاودا لە ڕێگەی ناشتنی شەهوەتی پیاوێکی نەناسراوەوە مارتنی دەبێت، لە تەمەنی سی ساڵی بەسەرەوە مارتن وەک نوێنەری مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمستردام بە مەبەستی سەردانیکردنی مۆزەخانەی قاهیرە لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە کاندید دەکرێت و دەنێردرێت بۆ میسر، دوای ئەوەی لە فڕۆکەخانەی قاهیرە دێتە دەرێ و بەهۆی پلەکانی گەرمای وڵاتەکەوە، ڕەوشی تەندروستی نەختێک تێکدەچێت و بەهۆیەوە ناتوانێت لە گەیشتنی بە میسر، باڵیۆزخانەی هۆڵەندا یان مۆزەخانەکەی ئاگادار بکاتەوە و بڵێ پێویستی بە پشوویەکی کورتە، بەپەلەپرووزێ شۆفێرێکی تاکسی، بەبێ خواستی خۆی دەیباتە هۆتێلێک بە ناوی هۆتێل سەماء و ئیدی چیرۆکە خەمناکەی مارتن کە تەعبیرە لە ئازاری سەرجەم جوولەکەکانی وڵاتانی ئیسلامی، دەستپێدەکات.

مارتن، بەهۆی ماندووێتییەکەیەوە لەخوای دەوێت جێگەیەک پەیدا بکات و تێیدا پشوویەک بدات، بۆیە ڕازی دەبێت لەگەڵ چەند پیاوێکی تردا لە ژوورێکی هۆتێل سەماء بخەوێت، هەرکە دەگاتە ژوورەکەی یەکسەر دەکەوێتە

خەوێکی قووڵەوە و ئاگای لە دونیا و خۆیشی نامێنێت، کاتێک بە ئاگادێتەوە لە زینداندایە، چەندی بیر دەکاتەوە نازانێت بۆچی و لەبەرچی دەستگیر کراوە! پاش چەند مانگێک لە زیندانەوە دەبردرێتە دادگە و لە ڕێگەی پارێزەرێکی میرییەوە ئینجا دەزانێت بە تۆمەتی کوشتن و بریندارکردنی دوو کەسایەتیی چالاکوانی فەڵەستینی و ئەندامێکی بزووتنەوەی حەماسەوە دەستگیر کراوە، لەدوای دادگاییکردنەکەوە دەبردرێتە گەورە زیندانێک لە بیاباندا کە تایبەتە بە تاوانبار و زیندانیانی سیاسی و ئەندامانی ئیخوان و جاسووسی ئیسرائیل، لەوێش لەگەڵ ئەندامێکی ئیخواندا دەبنە هاوڕێی زیندان و بەشێکی چیرۆکەکانی ڕۆمانەکە لەو زیندانەدا لەلایەن مارتنی خنزیر "بەراز" و سەلیمی سەر بە ئیخوان کە پۆلیسەکان بە حمار "کەر" ناوی دەبەن، دەگێڕدرێنەوە.

شەوگەڕەکان، ڕۆمانێکی فرە ڕەهەند و بە ڕاناوی کەسی یەکەم نووسراوە، بابەتی چەوساندنەوەی جوولەکە، دۆخی ژیانی خەڵکی موسڵمان و ناموسڵمان لە وڵاتانی ئیسلامی و لەنێو زیندانەکانیاندا، بێسەروبەری دادگە و چەوساندنەوەی ژنان، تێڕوانینی موسڵمانان لە جوولەکە کە تێڕوانینێکی بێبەزەییانە و جەرگبڕە، ئیرۆتیک، سێکس، سایکۆلۆژیا و چاوەڕوانی و هونەری وێنەکێشان، ئەمانە و چەندین ڕووداو

و چیرۆکی تر لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە شەوگەڕەکانیان دەوڵەمەند کردووە.

مارتن، لە شەوگەڕەکاندا ئاماژەیەی کەسێکی بێتاوانە، تەنیا بەهۆی ناوەکەی و خەوتنی لە هۆتێلێکدا دەبێتە قوربانی تاوانێک نەک هەر نەیکردووە، بەڵکوو نازانێت کەی و چۆنیش ڕوویداوە، وێڕای ئەمە ناوەکەی و ئایینەکەیشی بۆی بوونەتە سەرئێشە، ئاخر ئەو لە زینداندا هەم پۆلیس و هەم هاوڕێ زیندانەکانی پێی دەڵێن بەراز، واتە تۆ جوولەکەیت، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو تەنیا بەهۆی جوولەکەبوونییەوە لە زیندانەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا لەلایەن پۆلیسەکانەوە ڕووت دەکرێتەوە و دار لە قنی دەنێن و خۆیانی پێوە دەنووسێنن.

خاڵێکی تر لەو ڕۆمانەدا، بەردەوام لە زاکیرەی خوێنەردا زیندووە، ئەویش شادبوونەوەی مارتنە بە ئەیفای دایکی، پێش گەشتەکەی بۆ میسر، دایکی بە خەمبارییەوە مارتن ئاگادار دەکاتەوە لەوەی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە، بۆیە مارتنیش دەڵێ خەمت نەبێت زوو دەگەڕێمەوە، چونکە گەشتەکەی زۆر گرنگە و ئەو تاکە کەسە وەک نوێنەری مۆزەخانە دەستنیشان کراوە، ئیدی لێرەوە چاوەڕوانیی دەستپێدەدات، مارتن بۆ چەند ڕۆژێک دەڕوات، لێ دەستگیر دەکرێت و بێچارەنووس دەخرێتە زیندانەوە، لەم

چاوەڕوانییە قووڵەدا دایکی دەمرێت و کارمنی خۆشەویستیشی منداڵێکی دەبێت و خۆیشی بە بەردەوامی لە خەمی چارەنووس و دۆخی تەندروستیی دایکیدا دەتلێتەوە.

ئەو چاوەڕوانییە هێندە قورسە، خوێنەر کاتێک ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە، دەبێت لە هەر جۆرە گەشتێکردنێک بترسێت، ئێ گەڕەنتی گەڕانەوە بۆ وڵات و ئاشنابوونەوە بە خۆشەویستترین کەسەکانت نییە، مارتن لەو دونیایەدا تەنیا دایکی هەیە، بەهۆی ئەو گەشتەیەوە ئیدی چاوی پێی ناکەوێتەوە، کەواتە گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات چەندە خۆشە، دەشێ لە دوای خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا ئیدی ناخۆش و پڕ لە قەلەقی و چاوەڕوانیش بێت، گەشت دەکەیت، مەرج نییە لە کاتی خۆیدا بگەڕێیتەوە یان کاتێک دەگەڕێیتەوە ئەو شتانەی جێتهێشتوون، ڕەنگە نەمابن یان گۆڕدرابن، کاتێک مارتن دوای ساڵ و نیوێک لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەیەوە دەگەڕێندرێتەوە ئەمستردام، دایکی کۆچی دوایی کردووە و کارە هونەرییەکانیشی کە مارتن هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ڕەنگ و تابلۆکانیدا گەورە بووە و بوونەتە بەشێک لە بوونی، هیچیان نەماون، ئەو کۆڵان و شوێنانەی ئەوی لێ ژیاوە، دار و ڕەنگ و ڕوویان لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەدا وەک خۆیان نەماون و گۆڕاون،

لەگەڵ ئەوەشدا شتی تری بۆ پەیدا بووە، لۆتەی منداڵی کارمنی خۆشەویستی و هەندێک خۆڵی گۆڕەکەی دایکی لەگەڵ نامەیەکیشی، کە تێیدا پێی دەڵێت مارتن تۆ لە تاقیگەیەکی ناشتنی شەهوەتی پیاوێکی نەناسراودا لەدایک بوویتە، لێ مارتن زیاتر دایکی خۆش دەوێت، ئاخر خۆشەویستی و سۆزی دایکی بۆ ئەو هەموو شتێکە، مارتن لە دونیادا بەس ئەیفای دایکی و دایکیشی بەس مارتنی هەیە.

شەوگەڕەکان، بە فۆرمی ڕۆمان بەراوردی بەها و شکۆی ئینسان لە هەردوو کۆمەڵگەی ئیسلامی و مەسیحیدا دەکات، واتە میسر و هۆڵەندا، لە یەکەمدا مرۆڤ هیچ بەهایەکی نییە و لەلایەن دەسەڵات و دادگەکانەوە وەک ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و ژنیش جگە لە بووکەلەیەک و چەوساوەیەک هیچی تر نییە، لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا شکۆی مرۆڤ لەو بێسەروبەرییەی ژیانی دەوڵەتدا بە بەردەوامی دەشکێندرێت، باوک و دەوڵەت، دادگە و حیزب و خەڵک، هەر هەموویان بەشێوازی خۆیان ماکینەی چەوساندنەوەی ئینسانن، وەک نموونەکەی سەلیمی هاوڕێی زیندان، لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی، ئاماژەن بۆ ئەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا چەند جارێک دەبێتە قوربانی، ئەو لە چنگ ستەمی باوکی لە بەرانبەر دایکی و سێ ژنەکەی تری هەڵدێت، کاتێک باوکە ئاغاکەی، فاتمەی خوشکی سەلیم

دەکوژێت و دایکیشی لەو ڕۆژەوە خۆی بزر دەکات، ئەویش بڕیار دەدات باوکی و سێ باوەژنەکەی و براکانی جێبهێڵێت و بە ژیانی سەرشەقام و تلیاکخۆری ئاشنا ببێت، پاشان ئەندامانی ئیخوان ئەو هەلومەجە نالەبارەی ئەوی تێدایە بە هەڵ دەزانن و دەیبەنە ڕیزی ڕێکخراوەکەیانەوە و دواجاریش لەگەڵ ژمارەیەک ئەندامی تری ئیخواندا بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ لەلایەن دەوڵەتی میسرەوە دەستگیر دەکرێن، دەشێ ئەمە ڕەخنەیەک بێت لە دەوڵەتانی ئیسلامی بەوەی ناتوانن کەسانی بێدەرەتان بگرنە خۆیان و پاشان ئەو جۆرە کەسانە لەناچارییەوە دەچنە ڕیزی ڕێکخراوە تیرۆریستی و ئیسلامی و توندڕۆکانەوە، سەرەڕای ئەو دۆخەی سەلیم لە زیندان هەیەتی و بەردەوام لەلایەن پۆلیسەکانەوە دەچەوسێندرێتەوە، هێشتا ناتوانێت وەک مرۆڤێک لە مارتنی هاوزیندانی بڕوانێت، وەک سووکایەتیکردن بە جوولەکە بە بەراز بانگی دەکات، ئەمە و بێسەروبەریی ژیان لەو کۆمەڵگە ئیسلامییە چ ژیانی خەڵک و گرووپەکان، چ دادگە و بێ ئابڕوویی پۆلیس و چەکدار و تەنانەت پزیشک و هەموو کەسێکی میسری، ناتوانن وەک مرۆڤ سەیری جوولەکەیەک بکەن، لەکاتێکدا تاوانباری دەکەن بە کوشتن، کەچی ئامادەنین گوێی لێ بگرن و لە زاری خۆیەوە ڕوونکردنەوە ببیستن، ئاخر مارتن چەند جارێک داوا لە پۆلیسەکان دەکات ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی بەهەڵە

زیندانیکردنی بدات، کەچی بە "یەس، نەو" وەڵامی دەدەنەوە، ئەمەیش دەلالەتە لەو ژیانە دۆزەخییەی دووچاری کەسێکی ناموسڵمان دەبێتەوە.

دیوەکەی تری شەوگەڕەکان، باسکردنە لە ژیانی کۆمەڵگەی هۆڵەندی، کۆمەڵگەیەک تێیدا ڕێزگرتن لە ئینسان لە ترۆپکدایە، نووسەر چونکە خۆی دانیشتووی ئەو وڵاتەیە، زۆر جوان و بە سەلیقەوە لە ڕێگەی قەڵەم و کیبۆردەکەیەوە، وێنایەکی ژیانی خەڵک و جوانییەکانی هۆڵەندا و بە تایبەتی شاری ئەمستردام دەکێشێت، ئەوەی لەوێدا ڕوودەدات، پڕاوپڕە لە ژیان و ئیرۆتیک و خۆشەویستی، نووسەر بەشێکی زۆری ئەو چیرۆکە خۆشەویستی و سێکسییانەی ناو شەوگەڕەکان لە ڕێگەی یادەوەری و خەونی مارتن لە زیندانەوە وەک فلاشباک باس دەکات، ئەو هێندە جوان یاری بە چیرۆکەکان کردووە نەبێتەوە، تۆ لە زینداندایت و لەگەڵ مارتندا خەم دەخۆیت و چاوەڕوانی قەدەرێکیت بۆ ڕزگاربوون یان سڵاوێکی دۆست و ئاشنایەک، لەپڕ لە ڕێگەی خەونێک یان یادەوەرییەکەوە دەتباتە دۆخی ئیرۆتیک و خۆشەویستییەوە، مارتن و کارمن دەمی یەکتر دەمژن و جووت دەبن، لەپڕ پۆلیس دەرگە دەکوتێت و لەو خەوە بە ئاگادێتەوە، تابلۆ و جەستەی جوان و سێکسی ئەیفای دایکیشی بە بەردەوامی دێنە پێشچاوی خوێنەرەوە، خۆشەویستی دایکانەی ئەیفا بۆ مارتن هێندە بە هێز و

قووڵە، هەر دەڵێی دایک و کوڕ پەیوەندیی سێکسی لەنێوانیاندا هەیە!

دیوێکی تری بابەتیبوونی ئەو ڕۆمانە ئەوەیە، ژیان لە هۆڵەندا کە تەعبیرە لە ئەورووپاش، هێندە جوان و شکۆدارە، مرۆڤ تەنانەت لە قورسترین ساتەوەختەکانی ژیانیشدا دەرفەتێکی بۆ مانەوە و دووبارە دەستپێکردنەوە بە ژیان و خۆشەویستی هەیە، مارتن لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەی لە زیندانەکانی قاهیرەدایە، بە هێواشی شکۆی شکێندراوە و ئومێدی دووبارە ژیانەوەی تێدا کوشتراوە، خەونەکانی نەماون و خۆیشی بووە بە ڕۆبۆتێک بە دەست جەلادەکانی زیندانەوە، بەڵام کاتێک هەر لە نەخۆشخانەیەکی میسردا چاوی بە کارمەندانی باڵیۆزخانەی هۆڵەندا دەکەوێت، یەکسەر بەڕوویێکی گەشەوە قسەی لەگەڵ دەکەن و ئومێد لە زاکیرەیدا دەچێننەوە، هەرکە دەگەڕێتەوە هۆڵەنداش، وێڕای ئەو شۆکەی زیندان و لەدەستدانی دایکی و نەمانی تابلۆ و یادەوەرییەکانی ماڵەکەی و گۆڕانی زۆر شت، کەچی بەزوویی دووبارە دەست دەکاتەوە بە ژیانکردن، ژیانێک لە ڕێگەی دروستکردنی ژوورێکی تایبەت بۆ منداڵەکەی کارمنی خۆشەویستی دەستپێدەکاتەوە.

ڕەهەندێکی تری شەوگەڕەکان، دەشێ وەک ئەدەبی زیندانیش ناوی ببەین، بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری چیرۆک

و ڕووداوەکانی لە زینداندان و لە ڕێگەی مارتنەوە دەگێڕدرێنەوە، وەکچۆن قەپێلکی مستەفا خەلیفە یەکێکە لە باشترین ڕۆمانەکانی سەر بە ئەدەبی زیندان، کە لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی هاووڵاتییەکی سوورییی بە ڕەگەز مەسیحییەوە دوای ئەوەی لە ئەورووپاوە دەگەڕێتەوە بۆ سووریا، بە تۆمەتی ئەندامبوونی لە ئیخواندا لە فڕۆکەخانە دەستگیر دەکرێت و ساڵانێکی زۆر لە زیندانەکانی ڕژێمی سووریادا ئەشکەنجە دەدرێت، شەوگەڕەکانیش لە ڕوویێکەوە دەچێتە چوارچێوەی ئەدەبی زیندانەوە، مارتن، بۆ بەشداریکردن لە پێشانگەیەک لە هۆڵەنداوە دەچێتە میسر، کەچی بەهۆی ئەوەی جوولەکەیە، بە تۆمەتی کوشتنی چالاکوانێکی فەڵەستینی و ئەندامێکی حەماس دەستگیر دەکرێت. لە هەردوو ڕۆمانەکەدا خاڵی هاوبەش هەن، ئەویش زیندانە، لە قەپێلکدا مەسیحییەک بەدەست ڕژێمێکی عەرەبییەوە دەچەوسێندرێتەوە و لە شەوگەڕەکانیشدا جوولەکەیەک، بۆیە دەتوانین بڵێین لە هەردوو ڕۆماندا چەوساندنەوەی مرۆڤ بە پاساوی جیاوازی ئایینی و هەڵەتێگەیشتنەوە لە وڵاتانی ئیسلامیدا زەقترین دیاردەیە و بەردەوامیشی دەبێت، ئینسانی جوولەکە لە شەوگەڕەکاندا لەژێر سایەی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەرگیز دەروونی ئاسوودە و ژیانی پارێزراو نابێت، ئەگەر لە هەر دۆخێکدا خواستی ژیانکردنی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا

هەبێت، دەبێت هەمیشە چاوەڕێی کوشتن و چەوساندنەوە و شکاندنی شکۆی مرۆڤبوونی هەبێت.

# ساردۆنیا..

## ئەو کچەی لە کیشوەری هەشتەمدا خۆی دۆزییەوە

"کەس گاڵتە بە ناوی ئەو گوڵانەی دیکە ناکات، کەچی ناوەکەی من بووەتە جێگەی لاقرتێی هەموو منداڵ و تواڵێک."

گوڵی ساردۆنیا

بیهێنە بەرچاوی خۆت، تۆ لە بازاڕێکی میللیی تژی لە هاتوهاوار و دەنگەدەنگدا ڕێدەکەیت، لە نیو خولەکدا سەدان کەس دەنگیان دێت و بانگی یەکتری دەکەن و کەس ئاگای لە کەس نییە، تۆش باکت بەو سەدان دەنگ و بانگ و بانگخوازی و جموجۆڵەی بازاڕەکە نییە، لەپڕدا بێ ئەوەی بزانیت سەرچاوەی دەنگەکە لە کوێوە دێت، گوێت لە ناوی خۆت دەبێت، بەدەست خۆت نییە ڕادەچڵەکیت و ئاوڕێکی چواردەوری خۆت دەدەیتەوە، ئیدی تۆ دەبیتە کەسێکی تر و چیتر دەنگەدەنگ و هاتوهاواری بازاڕەکە فەرامۆش ناکەیت، ئێستا لەناو ئەو فەزا ئاڵۆزەدا بەدوای خۆتدا دەگەڕێیت، چونکە گوێت لە ناوەکەت (خۆت) بووە، ئەو کەسە نەماویت بەبێ ئاوڕدانەوە ڕێبکەیت، تۆ ئێستا پێویستت بە دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو دەنگەیە کە ناوی خۆتت لێوە بیست، لەبەر خۆتەوە پرسیار دەکەیت، تۆ بڵێی بانگی منی کردبێت؟ ئاخر دەنگەکە بە گوێچکەم نامۆ بوو، ئەی دەبێت کێ بێت؟ ئەو هەموو پرسیارە و تێفیکرینە تەنیا بەهۆی ئەوەوە دروستبوون کە لەو بازاڕە میللییەدا بۆ یەکجار گوێت لە ناوی خۆت بووە و ئیدی دەنگەکە نەما، ئاخر ئەو دەنگە واتە تۆ، لەناو فەزایەکی ئاڵۆزدا تۆی بەئاگاهێنایەوە.

هاوڕێیەک بۆی گێڕامەوە، گوتی: خانووێکی تەواو نەکراوم کڕی و بۆ کاروباری تەواوکردنی خانووەکە چوومە فەرمانگەیەک و مامەڵە کۆنەکە کە لەسەر ناوی خاوەنە یەکەمەکەی بوو، ڕادەستی فەرمانبەرێکم کرد و لە هۆڵێکی جەنجاڵدا هەر کەسەی چاوەڕێ بووین بانگمان بکەن، دوای ماوەیەک نۆرەی مامەڵەکەی من هات و لەسەر ناوی کەسی یەکەمی خانووەکە بانگی کرد، منیش گوتم بەڵێ هیی منە، لەپڕ هەمووان سەیری منیان کرد و چەند کەسێکیش پێکەنیین و حەپەسان! بۆچی؟ چونکە ناوەکە زۆر کۆن و لەگەڵ تەمەنی من و ئەو سەردەمەی ئێستادا نەدەگونجا، ئەو هاوڕێیەم گوتیشی منیش بۆ ئەوەی باڵانس ڕابگرم و نەختێک لەو دۆخە دەروونییە ڕزگارم بێت، بە پێکەنینەوە بەڵام بە دەنگێکی بەرز بە فەرمانبەرەکەم گوت ڕاستە ئەو مامەڵەیە هیی منە، بەڵام من ناوم (...) نییە و ناوی خۆمم پێی گوت!

ئەم نموونەیە بۆ ئەوەبوو جارێکی تر گرنگی ناو بۆ مرۆڤ بەسەر بکەینەوە و تەنیا وەک شتێکی ئاسایی و ڕۆتینی ژیان سەیری نەکەین، ئاخر ناو بۆ مرۆڤ و بە تایبەتی بۆ منداڵ، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دروستکردنی کەسایەتی و باری دەروونی دەبێت، دەکرێ کەسێک بەهۆی ناوەکەیەوە ببێتە جێی گاڵتەجاڕی و دوورکەوتنەوەی لە بەشێک لە چالاکییەکانی ڕۆژانەی، ڕێک بە پێچەوانەوە ڕەنگە کەسێکی

تر بەهۆی ناوەکەیەوە شانازی بەخۆیەوە بکات و ناوەکەی لە زاکیرەیدا هاندەرێکی سەرسەخت بێت بۆ جموجۆڵ و تێکەڵبوونی بە خەڵکانی تر و مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی لێ دەرچێت، بەڵام مرۆڤ هەر ناوێکی هەبێت و سەرەڕای ناخۆشی و کۆنی و مانایەکی نەگونجاو لەگەڵ کۆمەڵگەشدا هێشتا نابێت و شیاو نییە بەهۆی ناوەکەیەوە گاڵتەی پێ بکرێت و وەک سووکایەتیکردن، گۆرانی و توانج و نوکتە لەسەر ناوەکەی دروست بکەن، هەر کۆمەڵگەیەک و ژینگەیەکی مرۆیی، ئەوەی کرد، بێشک پێویستی بە چاکسازیی لە دەروونی خۆیدا هەیە. لەگەڵ چیرۆکەکانی ئەو کچە بەردەوام بن کە ڕقی لە ناوەکەی خۆیەتی.

گوڵی ساردۆنیا، ناوی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانی "ئەو کچەی ڕقی لە ناوەکەی خۆی بوو، گوڵی ساردۆنیا"ی ئەلیف شەفەقە، لە سەرەتا و دەستپێکی ڕۆمانەکەدا بەهۆی توانج و گاڵتەپێکردن، لە قوتابخانەکەی و ژینگەی کۆمەڵگە ئەو کچە ڕقی لە ناوەکەی خۆیەتی، ئاخر ئەو کیژۆڵەیە لە قۆناغی بنەڕەتی دەخوێنێت، قوتابی، مامۆستا، دراوسێ، ناسیاوەکانی ماڵی داپیرە و باپیرەی، هەموو ئەوانەی دەیبینن و قسەی لەگەڵدا دەکەن، کاتێک دەزانن ناوی گوڵی ساردۆنیایە، گاڵتەی پێ دەکەن و توانج لە ناوەکەی دەگرن، جگە لە دایکی نەبێت سوورە لەسەر پارێزگاریکردن لە ناوی گوڵی

ساردۆنیا بۆ کچەکەی، ئەم دۆخە دەروونییەش کاریگەریی نەرێی لەسەر دەروونی ئەو کچە دروست دەکات و تاکوو دواجار هەوڵ دەدات لە خەیاڵدا بژی و هەر بە خەیاڵیش وڵاتێک و کیشوەرێکی تر بۆ خۆی دروست بکات.

ڕۆمانی "گوڵی ساردۆنیا"ی ژنە ڕۆماننووسی تورک، ئەلیف شەفەق، بە قەبارە و ژمارەی لاپەڕەکانی ڕۆمانێکی زۆر گەورە نییە و بۆ تەمەنێکی دیاریکراو بە مەبەستی پەروەردەکاری نووسراوە، کەچی هێندە کاریگەرە، خوێنەر کاتێک دەیخوێنێتەوە هەڵوەستەیەک لەسەر ناوی خۆی و ناوی منداڵ و هاوڕێکانیشی دەکات، ئاخر ئەلیف شەفەق هێندە جوان وەسفی ئەو حاڵەتە دەروونییەی کچێکت بۆ دەکات کە بەهۆی توانجی خەڵک و هاوپۆلەکانی ناوەکەی خۆی بە دڵ نییە، ئاخر لە قوتابخانە و لە هەموو شوێنێک گاڵتە بە ناوەکەی دەکەن، ئەمە تەنانەت کاریگەری لەسەر ئاستی زیرەکیشی دروستکردووە، چونکە گوڵی ساردۆنیا خۆی قوتابییەکی زیرەکە، لەگەڵ ئەوەی بە تەمەن بچووکە، کەچی بە بەردەوامی بەدوای زانیاری و پرسیاری جیدیدا دەگەڕێت، تا ئاستی ئەوەی هەندێ جار دایکی و مامۆستاکانی هەڵوەستە لەسەر زیرەکی و هۆشیاری ئەو کچە دەکەن یان لە ئاستیدا بێدەنگ دەبن، سەرەڕای ئەو زیرەکییەی ناوەکەی وای لێ کردووە بە بەردەوامی هەست بە کەموکوڕییەک لە خۆیدا بکات و لە بیرۆکە و چالاکییەکانی پاشگەز ببێتەوە،

نەوەک بکەوێتە بەر تیر و توانجی بەرانبەر، هەر بۆیە بە خەیاڵ و لەسەر پشتی ئەسپێکی باڵدار بەرەو ئاسمان و کیشوەرێکی دیکە کە ئەلیف ناوی ناوە "کیشوەری هەشتەم" دەفڕێت و لەوێ ڕوانگەی بۆ ژیان و ناوەکەشی دەگۆڕدرێت.

ئەو کیژۆڵەیە، واتە گوڵی ساردۆنیا، تاکە منداڵی خێزانێکی ئیستەنبۆلنشینە، ماڵیان لە باڵەخانەیەکی شینباو و لە نهۆمی سێیەمدا دەژین، کەوتووەتە گەڕەکێکی گەورەی شاری ئیستەنبۆلەوە، خێزانەکەی ژیانێکی ئاسایی بەڕێدەکەن و گوڵی ساردۆنیاش خۆشەویستی دایک و باوکێتی و نازی هەڵدەگرن، باڵایەکی مامناوەند و قژێکی کاڵی لە هاویندا زەردهەڵگەڕاو و لە زستاندا سوورخنی هەیە، لاواز و دەموچاو خڕی چاوهەنگوینی، بەو تەمەنە بچووکەیەوە ئارەزووی خوێندنەوەی کتێب و گوێگرتن لە مۆسیقا و و وێنەکێشان و یاریی تۆپتۆپێنی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بە خەیاڵ یاریی خەیاڵی دەکات و بەتەنیا بەو جۆرە یارییەوە سەرقاڵ، زۆرجار هەر بە خەیاڵ لەسەر شکڵی هەورەکان، ئاسمان وەک وێنەیەکی سەرنجڕاکێش دەڕازێنێتەوە و بەرەو دونیایەکی تر دەڕوات، ئەو کیژۆڵەیە ئارەزووی بەخێوکردنی جۆرەها گیانلەبەری هەیە، بەڵام خاتوو خەیاڵی دایکی ڕێگری لێ دەکات و ناهێڵێت هیچ جۆرە لە گیانلەبەرێک لە ماڵەوە ڕابگرێت، بەهۆی ئەو دایکسالارییەی دایکەوە ئەو

خەونەی دەکوژرێت، جگە بەخێوکردنی دوو کیسەڵی بچووک نەبێت، ئەوانیش ناتوانن تامەزۆریی و خۆشەویستی بۆ گیانلەبەران بشکێنن. لەنێو میوەکانیشدا گوڵی ساردۆنیا حەزی بە سێو و بەهێ و شووتیە و لەنێو ڕەنگەکانیشدا سوور و وەنەوشەیی و سەوز، لە وەرزەکانیساڵیشدا زستان و بەهار، خۆشترین شیرینیش برنج بەشیری نێو فڕن، خۆشترین خواردنەوەکانیش شەربەتی لیمۆی حەز لێیە، کەچی تەنیا شتێک کە خۆشی ناوێت، ناوەکەیەتی!

لێرەدا ئەلیف شەفەقی ڕۆماننووس، ورد و زۆر جوان چووەتە ناو خەیاڵ و دونیای فەنتازی منداڵێکەوە، دەیان نموونەی هێناوەتەوە کە لەو قۆناغەی تەمەندا بەلای منداڵێکەوە گرنگن، جگە لە ناوەکەی خۆی نەبێت، ناو وەک پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، تەنیا ناوهێنانێک نییە بەشێوەیەکی ڕۆتینی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکوو ناو بۆ ئەو کچە بووەتە خۆی و گرفتێکی گەورە، ڕۆژانە تەنیا بەهۆی ئەوەی ناوی گوڵی ساردۆنیایە تێک دەشکێنرێت و بە بەردەوامی سووکایەتی پێدەکرێت و لە چالاکییەکانی دادەبڕێت، تەنانەت وەک منداڵێک بەو تەمەنە بچووکەیەوە خاوەنی چەندین بیرۆکەی گرنگ و چالاکییە لە قوتابخانەکەی لە بواری ژینگەسازیدا، ئەگەر لەبەر شەرمە و تەریقبوونەوە بەهۆی ناوەکەیەوە نەبێت، لە قوتابخانەکەیدا جێبەجێکردنی بیرۆکەکانی دەنگ دەدەنەوە و دەبێتە

منداڵێکی چالاک و خاوەن بیرۆکە، تاکوو ئەو ئاستەی هەر بەهۆی ناوەکەیەوە چەندین شیعر و توانجی ئامادەکراویشی لەسەر دەنووسرێت و بە بەردەوامی لە پۆل و قوتابخانەکەیدا وەک گاڵتەکردن بە خۆی و ناوەکەی دەخوێندرێنەوە و بە گرووپیش بە شێوەی گۆرانی دەگوترێنەوە، ئاخر ئەوەی زیاتر گوڵی ساردۆینا لە ناخەوە ئازار دەدات و بە دونیای ڕاستەقینە نامۆی دەکات، هەڵوێستی تاکڕەوانەی دایکێتی کە نایەوێت گوێی لێ بگرێت، وێڕای سکاڵاکانی، بەڵام هێشتا نایەوێت نەختێک لەو ئازارە ڕۆحییەی کچەکەی تێبگات کە بەهۆی ناوەکەیەوە ڕۆژانە دەیچێژێت و تەنانەت لەسەر جێگەی نووستنیش بیر لە توانج و گاڵتەکان دەکاتەوە.

گوڵی ساردۆنیا جارێک لە دایکی دەپرسێت: "باشە دایە گیان، ئەوە چۆن بە خەیاڵتدا هات ئەم ناوەم لێ بنێن؟ دایکیشی وەڵامی دەداتەوە: ئای کە ناوێکی جوانە! کچە خۆشەویستەکەم ئەوە ناوی گوڵێکە، لەگەڵ ناوی گوڵەکانی دیکەدا هیچ جوداوازییەکی نییە، وەنەوشە، نێرگز، دەمەشێر و کنێرت بیستووە؟ ئێ ئەمیش هەر وەکی ئەوانە خۆ کلکی لێ نەڕواوە!

گوڵی ساردۆنیاش وەڵامی دایکی دەداتەوە و دەڵێ: "بەڵام کەس گاڵتە بە ناوی ئەو گوڵانەی دیکە ناکات، کەچی

ناوەکەی من بووەتە جێگەی لاقرتێی هەموو منداڵ و تواڵێک".

ئەو جۆرە گفتوگۆیەی نێوان گوڵی ساردۆنیا و خاتوو خەیاڵی دایکی، وەک گلەییەک و داواکارییەک بە مەبەستی گۆڕینی ناوەکەی لە گوڵی ساردۆنیاوە بۆ ناوێکی دیکە، چەندبارە دەبنەوە، ئینجا هەر ناوێک بێت، تەنیا ساردۆنیا نەبێت! کەچی لە هەموو جارەکاندا قسەی دایکی بە نەخێر کۆتایی دێت و ساردۆنیا هەست دەکات کەس گوێی بۆ ناگرێت، ئەمەش دەکرێت وەک دایکسالاریش سەیر بکرێت، ئاخر هەر کاتێک بیەوێت کچەکەی چیتر قسە لەسەر ئەو جۆرە داوایەی ناوگۆڕین نەکات، پێی دەڵێ نوقتە سەری دێڕ، یانی بێدەنگ و ئەو بابەتە دابخە، ئەمەیش یاسایەکی دایکێتی لە بەرانبەر ڕاگرتنی دیالۆگی کچەکەیدا خوڵقاندوویێتی، بەلای ساردۆنیاوە ئەو نوقتە سەری دێڕەش هێندەی گاڵتە و توانجی قوتابییەکان ناخهەژێنن و هێدی هێدی بە یەکجاری بێتاقەت و بێزارتری دەکات و زیاتر وای لێ دێت ڕقی لە ناوەکەی خۆی بێتەوە، هەر ئەوەشە دەگاتە ئەو باوەڕەی هەموو جار لەبەر خۆیەوە خەفەت بخوات و ڕەخنە لە گەورەکان بگرێت بەوەی گوێ بە حەز و داوای بچووکەکان نادەن، ئەوەتا ساردۆنیا بە هەناسەیەکی قووڵەوە دەڵێ" ئای خوایە، چەند قورسە هەندێک شت بۆ گەورەکان ڕوون بکەیتەوە!"

دەکرێ ئەو گفتوگۆیەی نێو ڕۆمانەکە ڕەخنەی ڕۆماننووس بێت لە دایک و باوکەکان کە پێویستە بە گوێرەی سەردەم و ژینگەی کۆمەڵایەتی، ناوێکی شیاو بۆ منداڵەکەیان هەڵبژێرن، یان لە کاتی گەورەبوونیدا کاتێک هەست دەکەن ناو بووەتە گرفتێک بۆی، دەکرێ بە ناوێکی تری بگۆڕن، بۆ ئەوەی لە دەروونەوە ئاسوودە بێت و کاتێک لە پۆل و شوێنە گشتییەکان گوێبیستی دەبێت، تەریق نەبێتەوە. ئاخر گوڵی ساردۆنیا وێڕای ئەوەی دەیزانی ناوەکەی خۆش و ناوی گوڵێکی زۆر جوانیشە، چونکە لای خەڵک بووەتە جێی گاڵتە و سەرکۆنەکردن، بۆیە ساردۆنای کیژۆلە هەموو هەوڵێکی خۆی دەدا بۆ گۆڕینی، بەڵام ئەوە لە دەسەڵاتی ئەودا بەدەرە، خۆی توانای گۆڕینی نییە و دایکشی گوێی لێ ناگرێت. دەبێت ئەو ئازارە چ سەخت بێت، تەنیا گوڵی ساردۆنیا لێی تێدەگات. "لە دڵی خۆیدا دەیگوت: لەمەودوا بەتەنیا یاری دەکەم، هەزار هاوڕێی وا بە فلسێک. جا خوام دەکرد هەر کێ دەبوو، کوڕە، کچە، هەر چییەکە،! کاتی وای بەسەردا تێپەڕی وا هەستی دەکرد لەم جیهانەدا تەنیایە و هەر خۆیەتی. هەر ئەم دۆخە دەروونییە وا لە ساردۆنیا دەکات خەون بە هەسارەیەکی ترەوە ببینێت کە مرۆڤەکان ئازاد بن لە هەڵبژاردنی ناوێک بۆ خۆیان، ساردۆنیا خەونی بە هەسارەیەکەوە دەبینی، هەموو کەسێک تێیدا توانای هەڵبژاردنی ناوەکەی بە ئازادیی خۆی هەبێت، ئایا شوێنێکی

لەو شێوەیە لە گۆڕێدا هەیە؟ ئەو دەیزانی ئەگەر هەوڵ بدات و لە دایکی بپرسێت، ئەوسا دەداتە قاقای پێکەنین و دەڵێت: ئەقڵی منداڵانە، نە شتێکی دی!"

هەفتەیەک پێش سەفەرکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات، دایک و باوکی بڕیار دەدەن ساردۆنیا ببەنە لای نەنک و باپیرەی هەتا ئەو کاتەی ئەوان لە سەفەرەکە دەگەڕێنەوە کە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەک بۆ باوکی سەفەرەکە دەکەن، هەفتەی پێش چوونی بۆ ماڵی باپیرەی کە کەوتووەتە گوندێکی گەورە و قەرەباڵغی دوور لە شاری ئیستەنبۆڵ، ساردۆنیا لە کتێبخانەی قوتابخانەکەی خۆیدا لەپڕ زەینی پەرت دەبێت و تۆپێکی نائاسایی و تەلیسماوی و جادوویی لە پشت ڕەفەی کتێبەکان دەدۆزێتەوە، هێندە بەلایەوە جوانە، بەبێ پرسکردن دەیباتەوە ماڵ. هەتا دۆزینەوەی ئەو تۆپە جادووییە، ڕیتمی ڕۆمانەکە واقیعییە و سەربووردەی کچێک دەگێڕێتەوە بەهۆی ناوەکەیەوە بووەتە جێی گاڵتەپێکردن، خزم و هاوڕێ و مامۆستا و هاوپۆلەکانی بە بەردەوامی تەریقی دەکەنەوە، بۆیە واقیعییە، ئەو حاڵەتە تەنیا دووچاری ساردۆنیا نەبووەتەوە و لە هەموو کۆمەڵگەکانی جیهانیشدا، کەم و زۆر هەیە، ڕەنگە بەو ئاستەی ڕۆحی ساردۆنیای تێکشکاندووە زیاتریش بێت، ئەمەیان شتێکی ترە، بەڵام لەدوای دۆزینەوە و بردنی تۆپەکە، ئیدی ڕۆمانەکە ڕەهەندێکی تر و دۆخە

واقیعییەکەی بۆ دۆخێکی فەنتازیایی و خەیاڵی دەچێت، ئاخر بەهۆی ئەو تۆپەوە کێشوەری هەشتەم پەیدا دەبێت و ئەو کیشوەرەش بەهۆی فڕین بەسەر پشتی دوو ئەسپی باڵدارەوە دەدۆزرێتەوە، کیشوەرێک یان وڵاتی زەهرا و ئاسوتای هاوتەمەنی ساردۆنیا بۆ خۆی پڕێتی لە شتی جوان، سیحری، خەیاڵی، ڕێگەی سەخت و ئیرادە، سەرئەنجام ئەو کیشوەرە ئاماژەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانە واقیعییە سەختەی ساردۆنیا بەهۆی ناوەکەیەوە دووچاری بووە و ناشتوانێت خۆی لێ ڕزگار بکات، لەوەدا ئەلیف شەفەقی ڕۆماننووس، ورد و لێزانانە، فریای دەکەوێت و بە فەنتازیا و خەیاڵێکی سەرووی سرووشتییەوە لە چنگ خەڵکی ڕزگاری دەکات و ئیرادەی بۆ دەگەڕێنێتەوە.

وەک لە ئینسایکلۆپیدیای ویکیپیدیا لەبارەی فەنتازیاوە هاتووە:

"فەنتازیا یان فەنتازی بە ئینگلیزی (Fantasy) چەشنێکی ئەدەبی و هونەرییە، پشت بە خەیاڵ و سیحر و بابەتی سەروو سرووشتی دەبەستێت، واتە لە فەنتازیادا ڕێسا و یاساکانی سرووشت ڕەچاو ناکرێن، یان فەنتەزیا ئەو کارە ئەدەبییەیە خۆی لە کۆتەکانی لۆژیک و ڕاستی ڕزگار دەکات و بە تەواوی پشت بە خەیاڵێکی ڕەها و بەرین دەبەستێت". ئەوەی لەو پێناسەیەدا بۆ فەنتازیا کرا، ڕێک لەسەر ئەو

ڕۆمانەی ئەلیف شەفەق دەچەسپێت، چونکە واقیعی تێکەڵ بە خەیاڵی فەنتازیایی کردووە، ئەوەتا پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەی لە ژیانە واقیعییەکەیدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆپێکی فەنتازیاییەوە لەگەڵ دوو منداڵی دیکەدا بە دوو ئەسپی باڵدار دەفڕێنێتە ئاسمان و ئاشنای جیهانێکی نەبینراو و ئاڵۆزی دەکات. ئەسپی باڵدار و تۆپێکی جادوویی کە وزە لە کتێب وەردەگرن، ئاماژەن بۆ فەنتازیا.

باسی تۆپەکە دەکەین: "تۆپەکە، تۆپێکی خڕی گۆی زەوییە و دەدرەوشێتەوە، لە ناوکە پرتەقاڵێک گەورەترە و لە ناوکە کاڵەکێک بچووکتر، لەسەری، وێنەی دەریاکان، ڕووبارەکان، شاخە گڕکانییەکان هەن و سنووری نێوان دەوڵەتانیش کێشراوە، لە شێوەی بەردێکی ڕەنگاوڕەنگ وایە کە دەبریسکێتەوە و دەکوژێتەوە، هەرکە لە ناوەڕاستەوە بگیرایە، کەمەرەی زەوی، شتێک دەکرێتەوە لە دەرگایەک دەچێت لەسەر پشت بێت، لەوە دەچێت نهێنی تێدا بێت. ئەوەی کە ساردۆنیای سەرسام کردبوو، ئەوەبوو خۆی دەیزانی ژمارەی کیشوەرەکان حەوتن، کەچی لەم تۆپە گۆیەدا هەشت کیشوەر دیارن، واتە کیشوەرێکی دیکەی لە دوورگەیەکدا لە ناوەڕاستی زەریای ئەتڵەسیدا دۆزییەوە کە بەلای ساردۆنیاوە زۆر نامۆ و جێی سەرسووڕمانە".

ساردۆنیا لە کاتی چوونی بۆ ماڵی باپیرەی ئەو تۆپە گۆییە لەگەڵ خۆیدا دەبات، هێشتا پەی بە گرنگی و نهێنی و جادووییەکەی نەبردووە تاوەکوو ئەو کاتەی لە ماڵی داپیرە و باپیرەیدا خوشک و برایەکی لێ پەیدا دەبێت و پێی دەڵێن ئەو تۆپە هیی ئەوانە و تەنیا بە وزەی کتێبیش کار دەکات، واتە ئەگەر لەنێو کتێبخانەیەکدا دانەنرێت، دوای ماوەیەکی کەم وزەکەی نامێنێت و بە یەکجاری دەکوژێتەوە، سەیر لەوەدایە ئەو تۆپە تەلیسماوییە هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە کیشوەری هەشتەم، ئەویش لە ڕێگەی شەحنکردنییەوە. ئەلیف شەفەق زۆر جوان بە فانتازیا وێنەیەکی ئەفسانەیی کێشاوە  کاتێک خوشک و براکە بەدوای تۆپەکەیاندا دەچنە ماڵی باپیرەی ساردۆنیا و پێی دەڵێن  ئەوان بەهۆی ئەو تۆپەوە دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ کیشوەرەکەی خۆیان، نەختێک وەسفی کیشوەرەکە بۆ ساردۆنیا دەکەن و ساردۆنیاش بڕیار دەدات لەگەڵیاندا ئەو گەشتە بکات، وێڕای ئەوەی، بۆی ڕوون دەکەنەوە گەشتەکەیان پڕێتی لە سەختی و ڕەنگە گیانلەدەستدانیشی لێبکەوێتەوە، کەچی ساردۆنیا هێندە تامەزرۆی ئازادی و دوورکەوتنەوەیە لەو ژینگەیەی بەردەوام ئازاری دەدات، ئیدی بە هەموو ئەو شتانە ڕازی دەبێت و پاش ئەوەی تۆپەکە لە کتێبخانەیەکی نزیک ماڵی پاپیرەی دەشارنەوە، ئیدی هەر سێ منداڵ، واتە ساردۆنیا و

زەهرا و ئەسۆتای برای بڕیاری فڕین بەرەو کیشوەرە سەختەکەی هەشتەم دەدەن.

دوای ئەوەی تۆپەکە بە سەرکەوتوویی لەژێر کتێبەکاندا دەشارنەوە، دەچنە شوێنێک و پشوویەکی کورت دەدەن، وزە بۆ ئەو ئامێرەی دەستی زەهرا دەگەڕێتەوە کە وزە لە تۆپەکە وەردەگرێت و بەهۆیەوە خەڵکی کیشوەرە ئەفسانەییەکە دەزانن لە کوێین یان ئەوانیش دەتوانن لەگەڵ وڵاتە ئەفسانەییەکەیان لە پەیوەندیدا بن، پاش وچانەکە دەکەونە گفتوگۆیەکی چڕەوە و مشتومڕ دەکەن لەسەر ئەوەی چۆنچۆنی بچنە کیشوەرە ئەفسانەییەکە! ساردۆنیا تامەزرۆیە و پەلەیەتی بۆ ئەنجامدانی گەشتەکە، زەهراش پێی دەڵێ ئەمە زۆر ئەستەمە، بەڵێ ساردۆنیا داوایان لێ دەکات چەندی زووە بکەونە ڕێ بە پاساوی ئەوەی کاتیان لەبەردەست نەماوە، زەهراش وەڵامی ساردۆنیا دەداتەوە و پێی دەڵێ کە کیشوەری هەشتەم زۆر زۆر دوورە بە تەمای بەپێ بکوتیت! پاشان زەهرا پەنجەیەک دەخاتە دەمییەوە و فیکەیەکی دوورودرێژ لێدەدات و لەپڕ دوو ڕەشایی لە ئاسمانەوە دەردەکەون و وەک هەورە برووسکە نزمبوونەوە، ئیدی ساردۆنیا سەری سووڕ دەمێنێ کە ڕەشاییەکان، دوو ئەسپی باڵدار بوون!

لە ڕۆمانی فەنتازیاییدا خەیاڵ هێندە فراوانە، دەکرێ مرۆڤ بفڕێت، بوونەوەری ئاسایی کە لە بنەڕەتدا بێباڵن، باڵیان بۆ دروست بێت و بەرەو ئاسمان بەرز ببنەوە، زۆر جار ئەوەی ڕۆماننووس لە ڕۆمانێکی واقیعی یان مێژوویی و سۆزداری ناتوانێت بیڵێت یان ڕۆڵێکی ئەوتۆ بداتە کارەکتەرێکی کە لەگەڵ لۆژیکدا نەگونجێت، دەکرێ لە ڕێی فەنتازیاوە هەموو ئەو شتانە بکات، وەک نموونە لە ڕۆمانی "جەمشد خانی مامم" ئینسان دەفڕێت و ئەم شار و ئەو وڵات دەکات، بۆچی؟ چونکە لەوێدا فەنتازیا بەکارهاتووە. ئەو ڕۆمانەی ئەلیف شەفەقیش سەرەتا بە چیرۆک و گێڕانەوەیەکی واقیعی دەستپێدەکات، کەچی لەپڕ، بەڵام بە تەکنیکێکی جوان و بە سەلیقە ڕۆمانەکە دەبێتە فەنتازیایی، ئەوەتا بەهۆی تۆپێکی جادووییەوە ساردۆنیا شارێکی گەورەی وەک ئیستەنبۆڵ و دونیایەکی فراوانی لێ دەبێتە زیندانێک، بەڵام بە خەیاڵ دونیایەکی دیکە دەدۆزێتەوە، ئاخر ئەگەر فەنتازیا و دروستکردنی ئەفسانە نەبێت، ڕۆماننووس چۆن دەتوانێت ئەو کچە ڕزگار بکات! لەکاتێکدا هیچ شوێنێکی دونیا نادۆزیتەوە گاڵتە و توانجی تێدا نەبێت، ئاخر ساردۆنیا هیچ ئومێدێکی نییە، تەنانەت لە ماڵی باپیرەیشیدا ناوەکەی دەیکاتە بەزمی پێکەنین و تەریقبوونەوەیەکی بەردەوام، هەر ئەوەشە هۆکاری ئەوەی بە خەیاڵ بەسەر پشتی ئەسپی باڵدارەوە دەفڕێت.

"لەنێو هەورەکاندا ون بوون، هەروا بەرزتر دەبنەوە، لە کۆتاییدا گەیشتنە ناوچەکی ڕەش کە لە ناوەڕاستی زەریاکەدا بوو، ساردۆنیا بە گەرموگوڕییەوە پێکەنی. ئای، خۆ ئەو شوێنە ڕێک لە شوێنە نامۆکەی سەر تۆپە گۆییەکە دەچێت! بە خوا سەیرە، کتومت لەو کتێبە کراوەیەی سەر تۆپەکە دەکات. ڕووبارەکان، شاخەکان، باغات و سەوزاییەکان، دۆڵ و دەشتەکان، چەند جوان و قەشەنگن! سێ جار چەپڵەیان لێدا و دەستیان بە نزمبوونەوە کرد، لە کۆتاییدا هەردوو ئەسپەکە لەسەر ئەم دوورگەیە وەستانەوە. ساردۆنیا دوای گەڕان و سووڕانێکی زۆر و تاقیکردنەوەی چەندین ڕێگەی سەخت و بینینی چەندان گوڵی جۆراوجۆر و خۆشگوزەرانی بە مانا گشتییەکەی، ئیدی بڕیاری گەڕانەوە بۆ لای داپیرەی دەدات، بەڵام نازانێت چۆن ئەو ڕێگە سەختە ببڕێت، پاشان زەهرا پێی دەڵێ: "نیگەران مەبە ئازیزم، خێراترین ئەسپت لە وڵاتدا پێ دەدەم، لەگەڵ ئەوەشدا تۆپێکی جادوویی و بازنگێکیشت پێ دەدەم. بەم هۆیەوە کوێت بوێت لە چاوترووکانێکدا بۆی بچیت".

ساردۆنیا دەگاتەوە کیشوەرەکەی خۆی، واتە شاری ئسیتەنبۆڵ، لە زاکیرەی ئەودا شتەکان هەموویان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، خۆی گۆڕاوە، قوتابییەکان و ژیانی خەڵک، تەناتەت چیتر ڕقی لە ناوەکەی خۆی نییە و بە پێچەوانەوە خۆشی دەوێت، ئیدی دەستدەکات بە چالاکی و بەشێکی ئەو

بیرۆکانەی پێش فڕین بۆ کیشوەری هەشتەم هەیبوون و بەهۆی ترس لە گاڵتەوە فەرامۆشی کردبوون، جێبەجێی کردن، هەرکە هەموو جار سەیری تۆپە جادووییەکەش دەکات، دەکەوێتە خەیاڵ و بیر لە زەهرا و ئاسوتای برای دەکاتەوە، بە هیچ شێوەیەک جورئەتی ئەوە ناکات باسی کیشوەری هەشتەم بۆ هیچ کەسێک تەنانەت دایک و باوکیشی بکات، بە گومانی ئەوەی کەس باوەڕی پێ ناکەن و ڕەنگە گاڵتەشی پێ بکەن، ئیدی هەموو ئەو شتانەی لە کیشوەری هەشتەمدا بینیبوونی، لە دەفتەرێکی بچووکی یادەوەریی خۆیدا تۆماریان دەکات، لە هەمووی گرنگتر لە کۆتایی نووسینەکەیدا وەک شانازیکردنێک بەناوی خۆیەوە، دەنووسێت: گوڵی ساردۆنیا، ئەو کچەی ناوەکەی خۆی خۆش دەوێت.

**سەرچاوە:**

- گوڵی ساردۆنیا/ ڕۆمان/ ئەلیف شەفەق/ وەرگێڕانی: سامان مامڵێسی/ چاپی یەکەم-٢٠٢٠

# مژاباد..

# کۆماری کوردستان و ڕیفراندۆم

**"کاتێک مژاباد دەخوێنیتەوە، هەست ناکەیت لە ئێستا دەژیت، لە مەهاباد و سابڵاخ، لە سلێمانی و بارزانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەژیت."**

لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانی "مژاباد"ی جان دۆست، کە ئەو ڕۆمانێکە دەچێتە خانەی ڕۆمانی مێژووییەوە، شۆڕشەکانی کورد و ساتەوەختی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان تا کەوتنی کۆمار و جەنگی دووەمی جیهانی بەسەر دەکاتەوە، ڕێک ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ی هەرێمی کوردستانم کەوتەوە یاد. ئاخر لە "مژاباد"دا لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا کورد چاوی لەوە بووە ئینگلیز و ڕووسەکان کۆمارەکە بپارێزن، کورد خۆی بەو توانا سەربازییەی لەبەردەستیدا بووە و پاڵپشتی نەکردنی هەندێک هۆزی کوردیش، کۆمار توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەشکری بەهێزی ئەوسای ئێرانی نەبووە، لەو ساتەوەختەدا کورد پێویستی بە پاڵپشتی ئینگلیز و ڕووسەکان بووە، کەچی بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە زیاتر بەلای ئێران و تورکیا و عێراقدا دەچێت، وەک ئەوەی ئەوانیش لەژێرەوە لەسەر سەرکوتکردنی کورد ڕێککەوتبن، ئەمە جگە لەوەی بەشێک لە عەشیرەتە کوردەکانیش لەبری پاڵپشتی و پارێزگاریکردن لە کۆمارەکە، بە پێچەوانەوە دژایەتیشی دەکەن، جگە لەو هێزەی لە باشووری کوردستانەوە بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی دەچێتە پاڵ کۆمارەکە بۆ بەشداری و پارێزگاریکردن لێی، ئەگینا کۆمار بێ پاڵپشتیی دەرەکی و ناوخۆییش بووە.

ئەگەرچی مژاباد، پێش ریفراندۆم، واتە ساڵی ٢٠٠٤ نووسراوە، کەچی دەبینین هەڵوێستی وڵاتانی زلهێز لە کاتی

ریفراندۆمی کوردستاندا، هەمان هەڵوێستی کاتی کەوتنی کۆماری کوردستانە، وەک ئاماژەیەک بۆ سیاسەتی ئەو وڵاتانە لە هەمبەر کورددا، ناکرێت بە ئاسانی پشتیان پێبەسترێت!
ڕۆمان، چەند جۆرێکی هەن، نەتەوەیی، سیاسی، مێژوویی، ئەڤینداری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، فەلسەفی، جەنگ، خەیاڵی، پۆلیسی و چەندانی دیکەش، هەر جۆرەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام "مژاباد" لە یەک کاتدا مێژووییە و ئەڤینداری و نەتەوەییشە، ئاخر کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە ناوی "بادینی ئامێدی"یە، وێڕای ئەوەی شیعر دەنووسێت و پێشمەرگەیە، باوکیشی لە شۆڕشی شێخ مەحموودا شەهید بووە، لە باشوورەوە دەچێتە پاڵ کۆمارەکە و عاشقی دوو کچ دەبێت، واتە هەم مێژوویی و نەتەوەیی و ئەڤیندارییە، ئاخر بە درێژایی ڕۆمانەکە چیرۆکی ئەو ئەڤیندارییە شکستخواردووە خوێنەر کێش دەکات و چێژێکی تایبەت بە خودی ڕۆمانەکە دەبەخشن، ڕۆمانی مێژوویی، نەتەوەیی، ئەگەر چیرۆکی عیشق و سێکسیان لەگەڵدا نەبێت، ڕەنگە خوێنەر لە خوێندنەوەیان بێزار ببێت، جان دۆست ئەو خاڵەی جوان بەسەرکردووەتەوە، بەوەی دوو چیرۆکی ئەڤینداری خستووەتە ناو ڕۆمانەکەیەوە و هەردوو چیرۆکەکەیش پەیوەندیان بە بادینەوە هەیە، یەکیان کچێکە بە ناوی ژاڵە و سەرئەنجام بۆ پارە دەبێتە سیخوڕی ئینگلیزەکان و تەنانەت لەشفرۆشیش دەکات و

بادین نائومێد دەکات، هەروەها ئەوی دیکەیان ناوی "موژدە"یە، کاتێک موژدەی ئەڤینداری دەستبەرداری دەبێت و دەچێتە باوەشی پیاوێکی دژە کۆمار و بێباکانە شوو بە کەسایەتییەکی خێڵەکی دەکات، بادینی ئامێدی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لە خەمی ئەڤیندارەکەی "موژدە" ئاگای لە وردەکارییەکانی کەوتنی کۆماریش نامێنێ، ئەگەرچی هەست دەکەم، جان دۆست لەو بەشەدا کە بەشی کۆتایی رۆمانەیەکەیشە جۆرێک پەلەپرووزێی پێوەدیارە، وەک ئەوەی ویستبێتی بەزوویی ڕۆمانەکەی بخاتە ژێر چاپەوە، ئاخر هەتا کەوتنی کۆمار، ڕووداوەکان جوان دەگێڕێتەوە و دەماری ئینگلیز و ڕووسەکانت بۆ دەردەهێنێ و پێت دەناسێنێ لە ئاست کۆماری کوردستاندا بێ هەڵوێستبوون و تا ئەو کاتە کوردییان ویستووە، خاکەکەی سوودی بۆیان هەبووە، دەی تووتنی کوردستان بۆ ستالینیش بردراوە!

مژاباد و ریفراندۆم! بۆچی ئەم تایتڵە؟ مژاباد، ئەگەرچی بە ڕاستەوخۆ باسی ریفراندۆمی نەکردووە، چونکە بە چەند ساڵێک پێش ڕیفراندۆم نووسراوە، بەڵام باسکردنی دۆخ و ئەزموونی کۆمارەکە و هۆکارەکانی کەوتنیشی، لەگەڵ ئەو گەلەکۆمەکییەی بەهۆی ڕیفراندۆمەوە لە کوردی باشووری کوردستان کرا، هەمان شتن، واتە دەتوانین بڵێین لە کاتی کۆمارەوە تا ئێستاش، هەڵوێستی وڵاتان لە پەیوەست بە کورد وەک خۆیەتی و گۆڕانی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە، تەنیا

بەرژەوەندییەکانیان نەبێت، ڕاستە کونسوڵخانەیان لە کوردستان هەیە و سەردانی دیپلۆماسییان زۆرە، ناوی کورد دەهێنن و بە پێشمەرگەدا هەڵدەدەن، کەچی کاتێک ڕووداوێکی وەک ئەوەی ڕیفراندۆم و دواتر شازدەی ئۆکتۆبەر ڕوو دەدەن، هەمان بێهەڵوێستەکەی سەروەختی کۆماری کوردستانن و تەنیا سەیرکەری کەوتنی کوردن، ئەوەی خاڵی جیاوازییە ئەوەیە، لە سەروەختی کۆماری کوردستاندا، کورد هێزی پێشمەرگەی زۆری نەبووە، بۆیە قازی محەمەد و هاوڕێکانی لەسێدارە دران، بەڵام لە سەروەختی ڕیفراندۆم و دواتر شازدەی ئۆکتۆبەردا کورد پێشمەرگەی هەیە، دەتوانێت بێ پاڵپشتی جیهانیش داستانی پردێ و سحێلا تۆمار بکات، ئەگینا ئەو هێزەی هێرشی هێنایە سەر کەرکووک و هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوە هاتبوون، کارەساتی چوارچرا لە هەولێریش دووبارە بکەنەوە.

خاڵێکی دیکەش لە مژاباد و ریفراندۆم، لە یەکدی دەچن، هەموو کوردانی ڕۆژهەڵات، واتە هۆزە کوردەکان کە ئەوکات باوی هۆزەکان بوو، بەوەی سەرۆکهۆزەکان خاوەن بڕیار بوون، بە دەستەجەمعی پاڵپشتیان لە کۆمارەکە نەکرد، کەچی هێزێکی پێشمەرگە لە باشووری کوردستانەوە بە سەرپەرشتیی مستەفا بارزانی دەچێتە پاڵ کۆمارەکە و تا دوا چرکەش، ئەوەی پێویستە و لە توانای ئەو هێزە باشوورییەدا بووبێت، بۆ سەرخستن و پاراستنی کۆمارەکە درێغی ناکەن،

وەک گوتمان و مێژووش سەلماندوویەتی ئێران بەهێزتر و بەهۆی چاوپۆشی وڵاتانی زلهێزیش توانی کۆتایی بە کۆمارەکە بهێنێت، بەڵام لە "مژاباد"ی جان دۆستدا کۆمار هێشتا لە ڕۆحی کورددا کۆتایی نەهاتووە. وەک لە واقیعیشدا ساڵانە یادی دەکرێتەوە.
خاڵێکی دیکەش هەیە، بەلای منەوە ڕێکەوتێکی جوان و مانابەخشە، لە هێرشی شازدەی ئۆکتۆبەردا، بەشێک لە هێزە کوردییەکان لە بەرژەوەندی بەغدا، پاڵپشتی بارزانی نەبوون و تەنانەت ئاواتەخوازیی دووبارەبوونەوەی کارەساتی چوارچراش بوون، کەچی لە پاڵ پێشمەرگەی کوردستاندا، هەندێ هێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەڕیان لە دژی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی کرد، ڕێک ئەمە مێژووە و خۆی دووبارە کردووەتەوە، وەک چۆن مستەفا بارزانی پاڵپشتی لە کۆمار کرد، لە سەروەختی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانیش، پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات پاڵپشتی کوردی باشوور بوون، کەچی بەشێک لە پێشمەرگەی باشوور تەسلیمی ئەجێندای بەغدا بوون، بەوەی شەڕیان نەکرد و سەنگەرەکانیان بۆ حەشدی شەعی چۆڵ کرد کە بەهۆیەوە کەرکووک کەوت.
ڕاستە ڕۆمان مێژوو وەک خۆی ناگێڕێتەوە، بەڵکوو خەیاڵی نووسەر بەسەر ڕۆمانەکە و بە تایبەتی ئەو بابەتەی هەڵیبژاردووە، زاڵە، وەک دەگوترێ ڕۆمان هەم واقیعە و

هەم خەیاڵیش، بەڵام لە "مژاباد"دا دۆخێکی تایبەت هەیە، بەشێکی مێژووی کورد باس کراوە، بەشێکیشی بەگەڕخستنی خەیاڵی نووسەرە، لە ڕۆماندا خەیاڵ زۆر گرنگە، هەر ڕۆمانێک خەیاڵی تێدا بەگەڕ نەخرێت، دەبێتە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیش زۆر کەس توانایان بەسەریدا دەشکێت، بۆیە ناچێتە خانەی ڕۆمانەوە هەتا ئەگەر چیرۆکگەلی زۆریش بگێڕێتەوە. لە "مژاباد"دا وێڕای بەسەرکردنەوەی لایەنی مێژوویی، خەیاڵی جوانیشی تێدایە، پڕێتی لە چیرۆکگەلی ئەڤینداری و سێکس و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوسا و هەروەها پەیوەندی نێوان کریستیان و ئەرمەنییەکان لەگەڵ کورد لەو سەردەمەدا.

مژاباد، هێندە کوردەوارییانە ئەو قۆناغەی کۆمەڵگەی کوردستانی گێڕاوەتەوە یان دروستتر بەسەرکردووەتەوە، کاتێک دەیخوێنیتەوە، هەست ناکەیت لە ئێستا دەژیت، بەڵکوو لە مەهاباد و سابڵاخ، لە سلێمانی و بارزانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەژیت. بێ ئەوەی هەست بە خۆت بکەیت، خەمی شکستەکانی ئەڤین و کەوتنی کۆماریش تێکەڵ بە یەک دەبن و وەک دوو تیر دەچەقنە دڵتەوە.

سەرچاوە:

- مژاباد/ ڕۆمان/ جان دۆست/ وەرگێڕانی لە کورمانجییەوە: فەرهاد چۆمانی/ لە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە/ لە ساڵی ٢٠١٦ ماڵی وەفایی بە سۆرانی چاپی کردووەتەوە

# قەپێلک..

## ئەشکەنجەی فاشیزم و توندڕۆیی ئایینی

"من ئیسلام نیم، بەڵکوو مەسیحیم، ئێوە بە هەڵە منتان بۆ ئێرە هێناوە و هیچ پەیوەندییەکم بە ئیخوان موسلیمنیشەوە نییە."

زیندان، خۆی چەندە سەختە، ئینجا ئەگەر پیاوکوژ و دیکتاتۆرەکان بەڕێوەی ببەن و هاوزیندانییەکانیشت زیاتر لە جەلادەکان لەگەڵت توندڕۆتر بن، دوو هێندە سەختتر دەبێت و ئازارەکانیشی جۆرێکی دیکە و بە ڕۆحدا بڵاو دەبنەوە، مەگەر تەنیا لە "قەپێلک"دا هەست بەو سەختییەی زیندان بکەیت، کە هەر ڕۆژێکی تێیدا دەبێتە هەزار و هەر ئازارێکیش یەکسان دەبێت بە سەدان و برینی قووڵتریش لە ڕۆحدا دروست دەکات، ئاخر زیندانی دیکتاتۆرەکان ئاسایی نین، بەڵکوو جۆرێکن لەبری ئەوەی زیندانییەکانی "مرۆڤ"ی تێدا چاک بکرێنەوە، تێک دەشکێنرێن و ئەگەر چانسێکی لاوازی ئازادبوونیان هەبێت، بە پارچە پارچەکراوی دەچنەوە ناو کۆمەڵگە، لەو دۆخەدا بە جەستە لە دەرەوە دەبن و بە خەیاڵیش لە ژوورەکانی زینداندا لە چاوەڕوانیی مەرگدا خۆی گرمۆڵە دەکات.

لەوە سەختتر نییە تۆ لە زینداندا لە یەککاتدا بە دوو شێوە چاوەڕێی مەرگی خۆت بکەیت، جارێک چاوەڕێی سێدارەی جەلادەکانی دیکتاتۆر و جارێکیش هاوزیندانییەکان بە چەقۆیەکی شاراوەی ژوورەکانی زیندان بتکوژن یان لە خەودا بتخنکێنن، ئەوە چەند سەختە تۆ لە زیندانێکدا کە لە دونیا دابڕاوە، لەسەر هیچ و بەهۆی جیاوازی ئایینەوە هەمووان مۆرەت لێ بکەن و کوشتنت بە رەوا بزانن.

مستەفا خەلیفە، لە ڕۆمانی "قەپێلک"دا بە وشە و چیرۆک و وێنە و تەکنیکی ئەدەبی دەتخاتە ناو ئەو زیندانەوە، بێ ئەوەی خۆت هەستی پێ بکەیت لە دونیات دادەبڕێت و چاوەڕێی مەرگی خۆتت دەکات، کاتێک هەر پەڕەیەکی قەپێلک هەڵدەدەیتەوە ئیدی چاوەڕێی قامچی پیاوکوژێک و هاواری زیندانییێک و مەرگی کەسێک دەبیت، ئێ قەپێلک لە پاریسەوە بەرەو زیندانێکی سووریا ڕاپێچت دەکات.
کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی "قەپێلک"ی مستەفا خەلیفە، هاووڵاتییەکی سوورياييە، بە ئایین مەسیحی، ساڵانێکی زۆر نیشتەجێی پاریسی پایتەختی فەرەنسایە و کەسێکی خوێندەوار و ئەکادیمی و هونەرمەندە، لە پاریس ژیانێکی زۆر بەختەوەر و هەرچی مرۆڤێک لە ژیانی ئێستا پێویستی پێیەتی، بۆی بەرجەستەن، واتە لە هیچی کەم نییە جگە لە خۆشەویستی نیشتمانەکەی نەبێت، ئەو چواردەوری پڕێتی لە کچ و ژنی جوان، ڕۆژانە لەسەر دەریاچە و بازاڕ و سەر شەقام و شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی فەرەنسا ژیان بەڕێ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵی هونەرە، ئەو پیاوە مەسیحییە لەپڕ ئەو سۆزەی بۆ وڵاتەکەی، سووریایەکی ئیسلامی عەرەبی هەیەتی، دەجووڵێت و بڕیار دەدات بچێتەوە لە سووریا بژی و لە ڕێگەی هونەرەوە خزمەتی وڵاتەکەی بکات، بۆ دواهینجار لە یەکێک لە فڕۆکەخانەکانی فەرەنسادا ماڵئاوایی لە کچە هاوڕێکەی دەکات و بەرەو

دیمەشقی سووریا دەفڕێت، ئەم فڕینە ڕاستە نیشتنەوەی سەر زەوی بەدوا دادێت، بەڵام ماوەی زیاتر لە دوازدە ساڵ لە ژیانی ناو کۆمەڵگە دایدەبڕێت و دەیخاتە ناو زیندانە تاریک و خوێناوی و پڕ لە چاوەڕوانییەکانی ڕژێمی سووریا. ئەو پیاوە مەسیحییە، کاتێک لە فڕۆکەکە دادەبەزێت و چەند پۆلیسێکی فڕۆکەخانەکە چێکی پاسپۆرتەکەی دەکەن و پاشان لەگەڵ خۆیاندا بەرەو شوێنێکی ناو فڕۆکەخانەی دەبەن و پاشان بە ئۆتۆمبێلێک دەیگوازنەوە بۆ بارەگەیەکی ئاسایش لەناو شاردا، ئەمە دەستپێکی ژیانێکی دیکەیە، هەر لەوێ، دووچاری ئەشکەنجەیەکی سەخت دەبێتەوە بە تۆمەتی ئەوەی سەر بە ئیخوان موسلمین و پێش چوار پێنج ساڵ لە ئاهەنگێکدا جنێوی بە سەرۆکی سووریا داوە، کاتێک پێی دەڵێن تۆ ئیخوان موسلمینیت، ئەو دڵخۆش دەبێت، بە تێگەیشتنی خۆی مەسیحیبوونەکەی ڕەنگە تۆمەتەکە پووچەڵ بکاتەوە و ئازادی بکەن، هەر زوو دەڵێ من موسڵمان "ئیسلام" نیم، بەڵکوو مەسیحیم، ئێوە بە هەڵە منتان بۆ ئێرە هێناوە و هیچ پەیوەندییەکم بە ئیخوان موسلیمنیشەوە نییە، کارەسات لێرەوە دەستپێدەکات، کەس گوێی پێ نادات و بگرە زیاتر ئەشکەنجەی دەدەن، جارێک لەسەر جنێوەکە و جارێکی دیکە بەهۆی ئەوەی مەسیحییە و بووەتە ئیخوان، ئەمە جگە لەوەی گاڵتەی پێدەکەن بەوەی مەسیحییەک بووەتە ئیخوان، چەندی هەوڵ دەدات،

مەسیحیبوونی خۆی بکاتە هۆکاری ئازادبوونی، کەچی سوودی نییە، ئیدی بەزۆر شوناسی ئیخوانی دەدەنە پاڵ، شوناسێک بە کەسایەتی و ئایینەکەی نامۆیە.
قەپێلک، لە ڕووی تەکنیکەوە زۆر ئاڵۆز نییە، سادەیە، ڕووداوەکانی دوابەدوای یەکدان و ستۆرییەکی هاوبەش هەموویان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، دەچێتە چوارچێوەی ئەدەبی زیندانەوە، سەرجەمی کارەکتەرەکان لە زینداندان و هەر لەوێشدا ڕووداوەکانیان دەگێڕدرێتەوە، بەشی زۆری ئەو ناوانەی لە ڕۆمانەکەدان بە پاساوی ئیخوانی و ئیسلامی سیاسی و کردەی توندڕۆیی و دژایەتیکردنی ڕژێمی سووریا و ئەو بابەتانە دەستگیر کراون، ئەوەی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیش لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، مەسیحیبوون و ئەندامنەبوونێتی لە ئیخواندا، لەبری ئەوەی مەسیحیبوونەکەی ببێتە هۆکاری ئازادکردنی، کەچی هیچ کەس ئامادە نییە وەک پێویست گوێی بۆ بگرێت تا هاوکاری بن بۆ گەیاندنی پەیامەکەی کە دوور و نزیک پەیوەندی بە ئیخوانەوە نییە و جنێویشی بە سەرۆکی سووریا نەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک زیندانییەکانی هاوژووری کە سەر بە ئیخوانن و توندڕۆن، دەزانن ئەو مەسیحییە، یەکسەر بە چاوی گومان و کافرەوە لێی دەڕوانن و ئامادە نین قسەی لەگەڵدا بکەن و لە نزیکی دانانیشن و ناخەون، ئەمە هێندەی دیکە ئازارە دەروونییەکانی سەختتر و قووڵتر

دەکات تا ئەو ئاستەی هەندێکجار قێز لە مرۆڤبوونی خۆی و ئەوان دەکاتەوە.
خاڵێکی دیکەی گرنگیی قەپێلک ئەوەیە، مستەفا خەلیفە هێندە بە واقیعی ئەو ستۆرییە دەگێڕێتەوە وەک ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەیدا خوێنەر لە ژوورەکانی زیندان یان گۆڕەپانی ئەشکەنجە و لەبەردەم پەتی سێدارەدا بێت، هێندە لەگەڵ ئازارەکانی کارەکتەرەکانیدا ئاشنا دەبیت و هەست بە لێدانی قامچی و شەق و بۆکسی جەلاد و و پۆلیسەکان دەکەیت، ئاخر ڕۆماننووس لە قەپێلکدا هێندە ورد چووەتە ناو ناخی کارەکتەرەکانی، لە خۆتەوە دەبیتە یەکێکیان و هەست بە ئازار دەکەیت و ئەشکەنجە دەچێژیت.
قەپێلک، لەگەڵ ئەوەی ئازار و ژیانی سەختی هەزاران زیندانی سەر بە ئیخوانی یان دژە ڕژێم لە گرتووخانەیەکی رژێمی سووریادا دەخاتەڕوو، هاوکات پێمان دەڵێ ڕژێمە دیکتاتۆر و فاشیزمەکان نەک هەر وەفایان بۆ میللەتەکەی خۆیان نییە، تەنانەت ئامادەن پیاوکوژ و بەرپرسەکانی خۆشیان بکوژن، ئەو کارەکتەرێکی دروست کردووە، پێش ئەوەی دەستگیر بکرێت و بهێندرێتە گرتووخانەکە، بەرپرسێکی سەربازی سەر بە رژێمی سووریا بووە و یەکێک لە دەسەڵاتدارەکانی ئەو ڕژێمە بووە، بەڵام بەهۆی تۆمەتێکەوە دەستگیر دەکرێت، ئێوە جوان دیقەت بدەن، پیاوکوژەکانی ڕژێم، بە مەبەستی سووکایەتی دەیهێننە

گۆڕەپانی زیندانەکە، سەرباز و پاسەوانەکان هەوڵی لەگەڵ دەدەن لەژێر گوشاردا میز و پیسایی زیندانییەکان بخوات، ئەویش قەبووڵی ناکات و لەگەڵ سەربازەکاندا دەکەوێتە شەڕە بۆکسەوە، دواجار هێندەی لێ دەدەن و ئەشکەنجەی دەدەن تا گیانلەدەست دەدات، بە مردنەکەیشی ناوەستن، سووکایەتی بە تەرمەکەی دەکەن، هەتا خۆت ڕۆمانەکە نەخوێنیتەوە دەرک بەو گەلەکۆمەکی و ئەشکەنجە و کوشتنە ناکەیت چەندە بە ئازار بووە، لە مەرگی ئەو ئەفسەرەدا دەرک بەوە دەکرێت مرۆڤ لە هەر دۆخێکدا بێت، ئەگەر ئیرادەی هەبێت، دەتوانێت لێ نەگەڕێت سووکایەتی پێ بکرێت، هەڵبەت ئەمە باجی دەوێت، وەکچۆن ئەفسەرە دەستگیرکراوەکە لەپێناو کەرامەتی خۆیدا بە گیان هەڵوێستی نواند.

ئەو پیاوە مەسیحییە ساڵ دوای ساڵی لە چاوەڕوانیی ئازادبوون یان مەرگ و سێدارەدا ژمارد تا گەیشتە نزیکەی سێزدە ساڵ مانەوەی لە چەند زیندانێکی ڕژێمی سووریا، لە کۆی ئەو ساڵانەدا ژیانی لە مەترسی و قێزلێبوونەوە گوزەراند، دواجار هاوزیندانییەکانی کە سەر بە گرووپی ئیخوان موسلمینن، وەک مەسیحییەک گومانی سیخوڕی لێ دەکەن، بۆیە بڕیار دەدەن بیکوژن، دەبنە دوو گرووپ و دەست بە پیلان بۆ کوشتنی دەکەن، گرووپەکەی ئەبوو قەعقاع دەیانەوێت بیکوژن، بەڵام گرووپەکەی ئەبوو

حوسێن کە گرووپێکی نەختێک نەرمترن و دژی ئازاردانی ئەو مەسیحییەن و پارێزگاری لێ دەکەن، ئیدی گرووپی ئەبوو حوسێن دەکەونە پارێزگاریکردن لە پیاوە مەسیحییەکە و سەرئەنجام لەناو قاوشەکە لەسەر هەوڵدان بۆ کوشتن و ئازاردانی مەسیحییەکە لەگەڵ گرووپی ئەبوو قەعقاعدا دەکەونە شەڕێکی سەخت و بەهۆیەوە پۆلیس دێتە ناو قاوشەکە و هەردوو گرووپەکە بە توندترین شێوە سزا دەدات.

لە "قەپێلک"دا مستەفا خەلیفە ژینگەیەکی ئەوتۆی زیندانی ڕژێمە فاشیزمەکانی دروستکردووە، مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە ناوییەوە، وەک مرۆڤ هیچ بەهایەکی نامێنێ، وێڕای ئەشکەنجە ڕۆحی و جەستەیی دووچاری دەیان دەرد و پەتاش دەبێت، ئەوەتا لە زیندانەکەی "قەپێلک"دا مرۆڤەکان هێندە پەراوێز خراون نەک هەر شوێنی خەوتنیان نییە، تەنانەت نەخۆشی سیل، گەڕی تێدا بڵاو دەبێتەوە و لایەنی بەرپرسی زیندانەکەیش هیچ هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان نادات تا ئەو ئاستەی یەکێک لە زیندانییەکان کە خۆی دکتۆر بووە و بە تۆمەتێک دەستگیر کراوە، نەشتەرگەری بۆ نەخۆشێک دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا برسێتی تەنگ بە زیندانییەکان هەڵدەچنێ و پاسەوانەکانیش بە پارە و وەرگرتنی زێڕ لە کەسوکاری زیندانییەکان مۆڵەتی بینینی زیندانییەکان بۆ کەسوکاریان ڕێک دەخەن. وێڕای ئەو دۆخە

دەروونی و ئەشکەنجەدانەی ناو زیندانەکە، لەناو خودی زیندانییەکانیشدا چەوساندنەوەی یەکتری هەیە، بە دیاریکراوی ئەو مۆدێلەی ئیسلامی سیاسی، ناخوازن لەگەڵ ناموسڵماندا بژین، ئەوەتا لە قەپێلکدا ئیخوانەکان سەرەڕای ئەوەی دەستگیرکراون و زۆرترین سووکایەتییان بەرانبەر دەکرێت، کەچی هێشتا قەبووڵیان نییە لەگەڵ هاوزیندانییەکی مەسیحی بژین، قێزی لێ دەکەنەوە و هەوڵی کوشتنی دەدەن.

**سەرچاوە:**

قەپێلک/ ڕۆمان/ نووسینی: مستەفا خەلیفە/ وەرگێڕانی: هەورامان وریا قانع

# ئەو مامۆستا کوڕەی لە چنگ مێیینەکان هەڵات

"ژنێکی کامڵ بوو، شووی نەکردبوو، دوای چوار ڕۆژ، فێری کراسی سوور بوو، نیشانەکانی هەموو فڕێ دا، درەنگ تێی گەیشتم، چارەم نەما و هەڵاتم، ئیتر گەنجی و هەزار عەیب."

ئەم کۆمەڵەچیرۆکەی "نە دەستی پێ کرد نە تەواو دەبێ"ی کوردۆ شابان، لە پێشەکییەک و هەژدە چیرۆک پێکهاتووە، بەشێک لە چیرۆکەکانی دووتوێی ئەم کتێبە، نزیکن لە یاداشتنامەی نووسەرەوە، وەک خۆیشی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا لەبارەی ئەم کۆمەڵەچیرۆکەوە دەڵێ: " لە ماوەی چەند ساڵی رابردوومدا، ژمارەیەک بابەتم لە شێوەی گێڕانەوە نووسیوە، هەندێکیان بە تەواوی دەچنە ژێر خانەی کورتەچیرۆکەوە و هەندێکی دیکەیشیان ڕەنگە بچنە خانەی یاداشتنامەوە".

ئەم کۆمەڵە دەقە، هەم وەک چیرۆک و هەمیش لە شێوەی ڕووداوی واقیعیدا خۆیان دەناسێنن، بە گشتی زیاتر دەچنە خانەی چیرۆک تا یاداشت، وێڕای ئەوەی نووسەر باسی یاداشتنامەی کردووە، لە هەمان کاتدا ناوی کۆمەڵەچیرۆکی لەسەر کتێبەکەی داناوە، ئەمەیش دەلالەت لەوە دەکات ڕووداوەکانی ناو کتێبەکە لە یەککاتدا خەیاڵی نووسەرن و ڕووداوی واقیعیشن، بە تەکنیک و زمانێکی ئەدەبیی جوان، تۆمار کراون.

یاداشت، ڕووداوی واقیعیە و نووسەر یان کەسایەتییەک لە ڕێی تێکستەوە تۆماریان دەکات، ئەگەرچی چیرۆکیش دەکرێ ڕووداوی واقیعی بێت، بەڵام ئەوکات پێویست بە ڕەچاوکردنی تەکنیک و خەیاڵ دەکات، ئەمە لە یاداشتدا کەمتر ڕوو دەدات، واتە لە یاداشتدا ڕاستەوخۆ نووسەر

دەبێتە پاڵەوانی ڕووداوەکان و فەرمین، کەچی لە چیرۆک یان ڕۆماندا نووسەر خۆی پاڵەوان نییە هەتا ئەگەر بە ڕاناوی کەسی یەکەمیش نووسرابێت، هێشتا ناتوانین ڕووداوەکان لەسەر خودی نووسەر حساب بکەین، کەچی لە یاداشتدا ڕێک پێچەوانەیە، نووسەر هەرچی دەیڵێ و دەیگێڕێتەوە و دەینووسێ، وەک ڕاستەقینە لێی وەردەگیرێت، واتە خۆیەتی و خۆیەتی و خۆی دەبێت. قەپێلکی مستەفا خەلیفە و پیاوێکی بێچارەنووسی ئیمرە کیرتێز، دوو ڕۆمانن و سەرچاوەی بابەتەکانیان گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو زیندانن، واتە نووسەرەکانیان خۆیان لە زینداندابوونە، بەڵام یاداشت نین و دەچنە خانەی ڕۆمانەوە.

وەک نموونە، "لا" ناوونیشانی کورتە چیرۆکێکی ناو کتێبەکەی کوردۆ شابانە، بەسەرهاتی مامۆستایەکی گەنج "کوڕ" دەگێڕێتەوە، تاکە مامۆستایەکی پیاوە لە دواناوەندییەکی کچاندا وانەی زمانی عەرەبی دەڵێتەوە، ئیدی بە ماوەی کەمتر لە ساڵێک، دەبێتە جێی سەرنجی قوتابییە کچەکان و ئەویش "مامۆستا" هەست دەکات لە یەککاتدا لە پۆل و لە بەشەکانی دیکەی قوتابخانەکە دەیان و چەندان چاوی برسیی کچانە، سێرەی لێ دەگرن، هەروەها کچانی ناو پۆل و قوتابخانەکە ئیرەیی بە یەکدی دەبەن کاتێک ئەو مامۆستا کوڕە گفتوگۆ لەگەڵ یەکێک لە قوتابییە کچەکانیدا دەکات، بە کورتییەکەی کچانی پۆل و قوتابخانەکە و دواتر

بەڕێوەبەرەکەیشی دێتە ناو بازنەکەوە، بە کۆمەڵ حەزی لێ دەکەن و بە ئاواتی ئەوەوەن پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵدا ببەستن تا دواجار لە چنگیان هەڵدێت و هەرگیز سەر بە قوتابخانەکەیدا ناکاتەوە.

ئەم چیرۆکە ئەگەر لە شێوەی یاداشت لە کتێبێک یان ڕۆژنامەیەکدا بگێڕدرابوایەوە، ئەوکات وەک ڕاستی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، نووسەر هێندە جوان تەکنیکەکانی گێڕانەوەی بەکارهێناوە، خوێنەر وا هەست دەکات، نووسەرەکە خۆی ڕووداوەکەی بەسەرهاتووە، بەڵام کاتێک لە شێوەی چیرۆکدا چاپ دەکرێ، دەچێتە بازنەی خەیاڵی نووسەرەوە و ناکرێ نووسەر تۆمەتبار بکرێت بەوەی کۆمەڵێک قوتابی کچ لە پۆڵدا دەوریان داوە و هەوڵی بەستنی پەیوەندیی سۆزدایان لەگەڵیدا داوە، ئەمە نموونەیەکی بچووکە لەبارەی جیاوازیی نێوان یاداشت و چیرۆک، یەکەمیان ڕووداوی ڕاستەقینەیە و نووسەر یان کەسایەتییەک بە فەرمی ژیانی و ڕووداوەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، دووەمیان نووسەر بە خەیاڵ، پاڵەوان و ڕووداوەکان دروست دەکات بۆ ئەوەی چیرۆک یان ڕۆمانێک بنووسێت، وێڕای ئەمە، هیچ کات چیرۆک یان ڕۆمان بەتاڵ نین لە ڕووداوی واقیعی، زۆربەی زۆری ڕۆمان و چیرۆکەکان پشت بە ڕووداوە واقیعییەکان دەبەستن لە ڕێی بەگەرخستنی تەکنیک و خەیاڵی نووسەرەوە بۆ ئەوەی دەقێکی ئەدەبیی باڵا بەرهەم بهێنێت، کام تێکستەی دەڵێ

واقیعی نیم، بەشێک لە واقیعی تێدایە، واتە واقیع لە ئەدەبدا ڕەنگدانەوەی گەورەی هەیە، بە تایبەتی لە چیرۆک و ڕۆماندا پشکی شێری بەردەکەوێت، مەگەر چیرۆک و ڕۆمان باس لە ناخی مرۆڤ و ڕووداوەکانی کۆمەڵگە ناکەن!

"ئەگەر کەمێک لەگەڵ خوێندکارێک لەسەر ڕاڤەی بابەتێک گفتوگۆم بکردایە، سێی دی لە پشتەوە، یەک لووتی دەکرد، یەک مۆن دەبوو، ئەوی دیکەشیان برۆی هێنایە یەک و وەک شکلی لا یەعنی کە بێزارم" .

لەم وێنەیەدا "پەرەگراف" نووسەر ڕووداوێکی وێنەیی خوڵقاندووە کاتێک مامۆستا کوڕەکە لەسەر بابەتێکی زمانی و بێ هیچ مەبەستێکی سۆزداری قسەی لەگەڵ قوتابییەکی کچدا کردووە، بووەتە جێی سەرنجی کچە هاوپەڵەکانی دیکە و لە خەفەتا مۆڕەیان لە مامۆستاکە و کچەکە کردووە، ئاخر ئەو هەستە دەکرێ ئاسایی بێت، ئەگەر لای بەشێکی زۆر لە کچان و کوڕانی قوتابی بۆ مامۆستاکانیان هەبێت، بە تایبەتی کوڕان کاتێک لە تەمەنی هەرزەکاریدان بۆی هەیە شەیدای مامۆستاکەی خۆیان بن، ئەو هەستە دەکرێ هەستێکی ڕاگوزەریش بێت و لەگەڵ گەورەبوون و بڕینی قۆناغەکانی خوێندن، ئەویش نەمێنێ، ڕەنگە بۆ عیشقی نێوانیانیش بڕوات، بەس جوانی ئەو دیمەنە لەوەدایە ئەو کۆدەی ئاشکرا کردووە کچانیش بە نهێنی دووچاری ئەو دۆخە سۆزدارییە دەبن، ڕەنگە ژمارەیان زۆر نەبێت، وەک ئەوەی لە چیرۆکی

لا باسی دەکات، بەڵام هەن، چونکە لە کۆمەڵگەدا زیاتر کوڕان تۆمەتبار دەکرێن بەوەی چاو لە کچان دەبڕن یان تاکلایەنە حەز بە مامۆستاکەیان واتە مامۆستای ئافرەت دەکەن، ئەم وێنەیە دیوی دووەمیش ئاشکرا دەکات بەوەی کچانیش چاو لە کوڕان دەبڕن و ئیرەییش بە یەکدی دەبەن و لەناو خۆیاندا لەسەر کوڕێک مۆڕە لە یەکدی دەکەن!

بۆ مامۆستایەکی کوڕ کە زۆر شەرمنیشە، هەستێکی ناخۆشە لە قوتابخانەیەکدا وانە بڵێتەوە سەرجەم قوتابی و مامۆستا و تەنانەت بەڕێوەبەرەکەیشی لە ڕەگەزی مێینە بن، ئیدی لەو چیرۆکەدا ئەوە ڕوویداوە، بۆیە تاکە مامۆستای کوڕ لەناو ئەو لەشکرە لە ڕەگەزی مێینەیەدا بڕیار دەدات قوتابخانەکە جێبهێڵێ و بە ناچاری دەچێتە لای بەڕێوەبەرەکەی کە ئەویش گەورە کچێکە و هێشتا شووی نەکردووە، گەورە کچیش واتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە مامۆستای گەنج ڕازی دەکات لە کاتی پشووی نێوان وانەکاندا لە ژوورەکەی ئەودا دابنیشێت و مامۆستا کوڕەکەش بە ناچاری بە داواکاری بەڕێوەبەرەکەی ڕازی دەبێت و چەند ڕۆژێک لەگەڵ گەورە کچدا لە یەک ژووردا دەوام دەکات. دەی بزانن لێرە بەدواوە چی ڕوو دەدات!

"ژنێکی کامڵ بوو، شووی نەکردبوو، دوای چوار ڕۆژ، فێری کراسی سوور بوو. ئەم هەموو قەڵەمەی لێ دەکەوت و لە بەردەمم هەڵی دەگرتنەوە. کەوتمە بەرداشێکی ناخۆشەوە،

هاوڕێکانم ئیرەییان پێ دەبردم و منیش شەرمم دەکرد پێیان بڵێم لەوێ چەند شەرم دەکەم و تەنانەت بێزارم. بەڕێوەبەر نیشانەکانی هەموو فڕێ دا، درەنگ تێی گەیشتم. چارەم نەما و هەڵاتم، ئیتر گەنجی و هەزار عەیب".

# هۆڤ..

## گێڕانەوەی نووسەرێکی دڕدۆنگ

"باوکم کە دەهات لێفەکەی هەڵدامەوە، بانگی دەکردم، دەبوو وەڵام نەدەمەوە. دەستی کە هێنا بە نێوچەوانم، بۆنی قژ و ستیانی دایکمی لێ دەهات، پژمینم کە دەهات، دەبوو نەپژمم، دایکم دەیگوت سەبر، دەستت چەند زبرە مەهدی، ملم بەردە، خەریکە دەخنکێم. دەستی لەسەر قوڕگی دانابوو، هەناسەی نەدەهات."

چیرۆک و ڕۆمان وەک دوو ژانری ئەدەبی، زادەی ئەندێشەی نووسەرن، خاڵی هاوبەشی نێوانیشیان ئەوەیە نووسەر بیرۆکەی چیرۆکێک دروست دەکات و لە ڕێی بەگەڕخستنی ئەو کەرەستانەی بۆ دەقەکەی پێویستن، باڵەخانەی ڕۆمانەکەی یان چیرۆکەکەی لێ دروست دەکات. لە ڕۆماندا هەمان چیرۆکی دروستکراو چەندین لقوپۆپی لێ دەبێتەوە، کەچی لە دەقێکی چیرۆکیدا یەکەیەکی دیاریکراوی دۆخ و کورتبڕی زاڵە، ئەگەر ڕۆمانووسێک بیەوێت کارەکتەرێکی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر و لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی دیکەی نێو ڕۆمانەکەی بەڕێ بکات، بە ئاسانی نایبات، هەتا دەیگەیەنێتە شوێنمەبەست، چەندین ڕێکار و هەوراز و نشێوی تووش دەکات، کەچی لە چیرۆکدا دەشێ جیاواز بێت، چیرۆکنووس بە خێرایی، وەکچۆن هەورەتریشقەیەک دێت و دەڕوات، ئەوها کارەکتەرەکەی دەگوازێتەوە، واتە زمانی گێڕانەوە لە چیرۆکدا چڕ و و کوڕتبڕترە لەچاو ڕۆماندا، ئاخر ڕووداو و چیرۆکەکان لە ڕۆماندا درێژتر و ئەندێشەی فراوانتری تێدا بەکار دێت.

لە کۆمەڵەچیرۆکی "هۆڤ"ی بەڵێن سابیر، تا ئاستێکی زۆر باش ڕەچاوی کورتبڕی لە ڕستەکان و خێرایی گێڕانەوەی ڕووداوەکان کراوە، کاتێک هەر هەشت چیرۆکی نێو هۆڤ دەخوێنیتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە چیرۆکنووس توانیویەتی باڵەخانەی چیرۆکەکانی بە یەک شێوە و ڕیتم، ڕستەسازی و

وێنە و ستایلی گێڕانەوە دیزاین بکات، ئەو وشە و کەرەستە و شتانەی لە چیرۆکێکدا بەکاری هێناون، ئەگەر دیقەت بدەیت، لە بەشی زۆری چیرۆکەکانی دیکەیشیدا بە شێوە و مەبەستی جیاوازەوە دێنەوە پێشچاوت، پشیلە کە لە هۆڤدا زۆر ڕەنگیداتەوە، زوو زوو دێتە نێو ڕستەکانەوە و بزر دەبێت، پەنجەرە ڕووبەرێکی فراوانی چیرۆکەکانی داگیرکردووە، بەو جۆرەی دەکرێت بڵێین چیرۆکخوان لە کلاوڕۆژنەی پەنجەرەکانەوە، سەیری دونیای چیرۆکەکانی دەکات.

ئەگەر جارێک هۆڤ بخوێنیتەوە، پاش ماوەیەک لەپڕ بێ ئەوەی ناوی بەڵێنی بەسەرەوە بێت، چیرۆکێکی بڵاونەکراوەی ناوبراوت بکەوێتە پێشچاو و بیخوێنیتەوە، بەو مەرجەی بە هەمان ستایلی هۆڤ نووسیبێتی، یەکسەر دەڵێی ئەمە بەڵێن نووسیویەتی! بۆچی؟ ئاخر ئەو بە ستایلێکی نوێ و تایبەت بەخۆی دەنووسێت، ناڵێین ستایلەکەی بێ گرفتە، ئەمە قسەی تر هەڵدەگرێت، بەڵکوو دەڵێین پێی دەناسرێتەوە، وەک نموونە، گفتوگۆی زۆر، ڕستەی کورت و برووسکئاسا، دۆخ لە هەموو چیرۆکەکاندا یەکەیەکی گشتگیرە، ئەو ستایلەی گێڕانەوەی هۆڤ، لە سەرەتادا بێزار و بێتاقەتت دەکات، هەندێکجاریش لەخۆتەوە دەتەوێت دەست لە خوێندنەوەی کتێبەکە هەڵبگریت، کەچی بەدەستخۆت نییە دووبارە دەست بە خوێندنەوەی

دەکەیتەوە! وردە شت باس دەکات و گەورەیان دەکات، لە یەککاتدا کە باسی شتێک دەکات، نازانیت پێیدا هەڵدەدات یان ڕەخنەی دەکات، خۆشی دەوێت یان ڕقی لێی دەبێتەوە، لەمسەر بۆ ئەوسەری هۆڤ، دڕدۆنگییەکی قووڵ بەدی دەکرێت. لە چیرۆکی یەکەمدا لە سەرەتا دەڵێ هەموو شت باشە. کەچی لە دووتوویێی هەمان چیرۆکدا هەموو شت باش نییە! وێڕای ئەمانە کۆمەڵێک وشە لە هۆڤدا بەکار هاتوون، بە درێژایی سەرجەم چیرۆکەکان دووبارە دەبنەوە، وەکوو پشیلە، نەخۆشیی شێرپەنجە، وێنە، کەوەنتەر، پەنجەرە، سەلاجە، قەنەفە، مەتبەخ و چەندی دیکەش. بۆیە خوێنەر کاتێک لە چیرۆکێک دەچێتە چیرۆکێکی ترەوە بەهۆی ئەو وشانەوە دووچاری دۆخێکی نامۆ نابێت و هەست دەکات ئاشنایەتی لەگەڵ تەواوی دەقەکاندا هەیە، هەر دەڵێی ڕۆمان دەخوێنیتەوە! کەچی ڕۆمانیش نییە.

لە هەنبانە بۆرینەی هەژار موکریانیدا، هۆڤ بە مانای کێوی، دڕندە، ترسێنەر، پیاوتۆقێن، دێت، بەڵام چیرۆکخوان لە هۆڤدا تۆقێنەر و کێویش نییە، بەشی زۆری ڕووداوەکانی لە ژوور و ماڵدان، لەسەر قەنەفە و لە مەتبەخیش قاوە دەخورێتەوە، ئەمەیش وەک ئاماژەی ژیان لە شاردا، پەنجەرە کراوەتەوە و باران دەبارێت "پەنجەرە کراوەتەوە. بیریان چووە دایخەن. شتمان زۆر بیر دەچێ. بارانیش دەبارێ. دڵۆپەکان کە بەسەر کەپری پەنجەرە دەکەون، دەنگیشیان دێت، پێ دەچێ

درشت ببارێ". ئەم وێنەیە یەکێک لە وێنە جوانەکانی نێو هۆڤە، جوانییەکەی لەوەدایە بە کورتبڕییەوە وێنەیەکی جوانیی هونەری دروست کردووە، سەرەڕای جوانییەکەی، جێی سەرنجە چۆنچۆنی باران دەبارێ و پەنجەرەش کراوەتەوە؟ ئاخر لە زستاندا پەنجەرەکان مەگەر تەنیا لەکاتی خۆرەتاودا بکرێنەوە! ئەگەرچی چیرۆکخوان دەڵێ بیریان چووە دایخەن، ئیدی ئەوە هۆڤە! دەیان شتی تری هاوشێوەی تێدایە کە نووسەر بە ئاگاییەوە ئیشی لەسەر کردوون.

لە کۆی چیرۆکەکاندا تۆ نازانیت چیرۆکخوان بە دروستی باسی چی دەکات! کەچی باسی هەموو شتێکیش دەکات، لێرەدا هۆڤ لە چیرۆکی تەقلیدی جیا دەبێتەوە، بەو مانایەی دەبێت خوێنەر لە دروستکردنی وێنایەک بۆ ئەو شتانەی ڕوو دەدەن و ئەو وێنانەی کێشاونی، لەگەڵ دەقەکاندا هاوکار بێت و لەپێشچاو و زەینی خۆیدا شت بۆ خۆی دروست بکات. من خۆم لە بەشێکی زۆری چیرۆکەکاندا وێنای هەولێری دوای ڕاپەڕین دروست دەکەم، نووسەر تێکەڵ بە زەمەنی ئێستای کردوون، باسی لاپتۆپ و ئەپەکانی سۆشیاڵمیدیا و نامەی ئەلیکترۆنی دەکات، لێ هێندە ورد، زەمەنەکان تێکەڵ دەکات، بە ئاسانی ناتوانیت لێکیان جیا بکەیتەوە، تەواو تێکەڵاون. دەمێک ساڵە لە هەولێر مەیدانی مریشکان هەیە، کەوتووەتە نزیک پردی سەیداوە، وابزانم

ئێستاش ماوە، بەڵام بەهای جارانی نییە، پێش گەشەسەندنی شارەکە، ئەو مەیدانە شوێنێک بوو زۆربەی خەڵکی سەردانیان دەکرد، کەوایە ئەو شوێنە لە زاکیرەی خەڵکیدا زیندووە، مریشک و هەرچی پەلەوەڕ و کەروێشک و تاژی و کۆتر و قاز و مراوی و ئاژەڵی جۆراوجۆر هەن، لەو مەیدانە دەفرۆشران، ئینجا ئەوکات جۆرە پاسێک هەبوو، پێیان دەگوت "ڕیم" بەڵێنی چیرۆکنووس وەک ئەوەی بیرەوەری لەگەڵ ئەو مەیدانەدا هەبێت، دەشێ ئەو وێنەیەی دروستی کردووە، هەولێر نەبێت و شارێکی تر بێت، بەڵام دیمەنەکان هەمان دیمەنی ئەو ڕیمانەن کاتێک خەڵکی هاتوچۆی بازاڕیان پێ دەکرد و لە مەیدانەکەشەوە بە کارتۆنی "مقەبا" پڕ لە قاز و مراوی و مریشکەوە دەگەڕانەوە ماڵ، ئیدی نێو ڕیمەکە دەبووە مەیدانی مریشکان "جارێک دوو مراویمان کڕی، تا گەیشتینەوە، شێتیان کردین. کارتۆنیان هەڵپچڕی. چوونە سەر داشبوورد، بەسەر قاچمان دەهاتن و دەچوونە ژێر کوشن، دەهاتنە دەرەوە". ئەوەی جاران سواری ئەو ڕیمانە بووبێت، بێشک ئەو دیمەنانەیشی دیون و ئێستاش لە زاکیرەیدا وەک یادەوەری ماونەتەوە! ئەم وێنەیە گەڕانەوەیە بۆ زەمەنێکی پێشتر بە تێکەڵکردنی لەگەڵ ئێستادا.

نەخۆشیی شێرپەنجە هەر دەڵێی کابووسە و قوڕگی چیرۆکخوانی گرتووە، ئاخر لە بەشی زۆری چیرۆکەکاندا

ئامادەگی هەیە، ڕەنگە لە ژینگەی ماڵ و خزم و دەوروبەری چیرۆکنووسدا کەسانی تووشبوو بەو نەخۆشییە هەبووبن و بەهۆیەوە ئەو حاڵەتە دەروونییەی تووشبووانی نەخۆشییەکە هەیانبووە، کاریگەری لەسەر دەروونی ئەویشدا جێهێشتبێت، ئاخر لە چیرۆکەکان بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە.
دایک و باوکی بێدەرامەت هەر گرفتی بژێویی منداڵەکانیان نییە، ئەوان تەنانەت ناتوانن بە ئاسوودەیی سێکسیش بکەن، لە چیرۆکی "ژوورێک و سەد پشیلەی ڕەنگاوڕەنگ"دا منداڵێک لەگەڵ دایکی و باوکی لە ژوورێکدا دەژی و دەخەوێت، شەوێک لەژێر پێخەفەکەیدا بە دزییەوە خۆی دەکاتە خەوەوە، باوکیشی چەند جارێک سەیری دەموچاوی دەکات، بۆ ئەوەی دڵنیاببێتەوە خەوتووە یان بە ئاگایە، کەچی خۆی بێدەنگ و بێ جووڵە دەکات و باوکیش وەک ئاژەڵ خەریکی سێکسکردن لەگەڵ دایکی دەبێت "باوکم کە دەهات لێفەکەی هەڵدامەوە، بانگی دەکردم، دەبوو وەڵام نەدەمەوە. دەستی کە هێنا بە نێوچەوانم، بۆنی قژ و ستیانی دایکمی لێ دەهات، پژمینم کە دەهات، دەبوو نەپژمم. هاوین دەهات تام دەهاتێ، لە سەربان دەخەوتن. پێم گوتن من لە خوارەوە دەنووم. دەیانگوت گەرمات دەبێ، ناترسی؟ دەمگوت نا. لە قیژەی دایکم کە دەیگوت سەبر، دەستت چەند زبرە مەهدی، ملم بەردە، خەریکە دەخنکێم. دەمگوت

یارییە. هەندێک لە بەتانییەکەم لادەبرد. بزانم چ یارییەک. دەیگوت وس. قسەم بۆ بکە. چۆن قسەی کردبا؟ دەستی لەسەر قوڕگی دانابوو، هەناسەی نەدەهات."
کاتێک دایک و باوکێک گوایە بە نهێنی لە تەنیشت منداڵەکەیاندا سێکس دەکەن، هەرگیز پێت وانەبێت لەکاتی گەورەبوونیدا ئەو سێکسە لە زاکیرەی منداڵەکەتدا دەسڕدرێتەوە، نەخێر وێنەی دەموچاوی دایک و باوک، سێکسەکە و هانکە هانکی دایکەکەیش دەهێننەوە یادی منداڵەکەت، ئینجا خۆت بڕیار بدە، ئەمە باشە یان خراپ. هەرچەندە چیرۆکنووس مافی ئامۆژگاری نییە، بەڵام پەیامی ئەو وێنەیە دەشێ ئامۆژگاریکردنی دایک و باوکان بێت، لەپێشچاوی منداڵەکانیاندا هەتا ئەگەر ئاڵووشی جووتبوون گڕیش بگرێت، نابێت سێکس بکەن، مەحاڵە منداڵ هەست بە هانکە هانکی دایک و تەکانەکانی باوک نەکات!
ستایلی گێڕانەوە و ڕستەکانی هۆڤ، چەندە سادە و برووسکئاسان، بە هەمان شێوە ئاڵۆزن، بە ئاسانی خۆیان نادەنە دەستەوە، دەبێت سەلیقەی باشت هەبێت و هەندێکجاریش پێویست دەکات دووبارە پەرەگراف و ڕستەکان بخوێنیتەوە، هێشتا کەوی نابن، خاڵێکی تر ئەوەیە لایەنی تەکنیک بەسەر بابەتدا زاڵە، ناڵێم ئەو ستایلە باشە یان خراپ! ئەوە خوێنەرە بڕیاری کۆتایی دەدات کە چیرۆکەکان چێژیان پێی بەخشیوە یان نا! جوانییەکی تری

هۆڤ لە ستایلەکەیەتی، بەوەی یەک ڕیتم و ئاراستە و هەمان کەرەستە بۆ چیرۆکگەلی جیاواز بەکارهاتوون، ئەگەر چیرۆکنووس لەسەر ئەو ستایل و شێوازی گێڕانەوەیە بەردەوام بێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە هەموو شوێنێک و لەسەر ڕووپەڕی هەر گۆڤار و نێت و کاغەزێکدا، هەتا ئەگەر ڕۆمانیش بەو ستایلە بنووسێت، پێی دەناسرێتەوە.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

١- سێبەرەکانی جەنگ/ چیروک/ ٢٠١٢

٢- ئیسلامی سیاسی لە گوتاری توندڕەوییەوە بۆ خەونی خەلافەت/ ٢٠١٧

٣- کورد لە ئۆکتۆبەری ڕەشدا/ ٢٠١٨

٤- ئیسلامی سیاسی فریودان و تیرۆریزم/ ٢٠١٨

٥- ئیناس و پیاوەکانی خەلیفە، ڕۆمان، ٢٠١٩

٦- پژمین/ ڕۆمان/ ٢٠٢١

٧-ئازادی و مانەوە لە بازنەی چەقبەستووییدا/ ٢٠٢٢

٨- خوێن و ئیرۆتیک/ ئەدەبی/ ٢٠٢٢